له بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندەی ماڵەوەستا صدام

لاوانی سەرپەرشتکاری زانستی

پەیمانی خزمەتکـــردنی

نامانجەکانی شۆڕش نوێ نەکـــەنەوە

لاوانی سەرپەرشتکاری زانستی لەبروسکەیەکدا پەیمانیان بە سەرۆك احمد حسن البکـــرو ماڵەوەستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بروانە ل ٦

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لە دەزگای هاوکاری چاپو بلاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ
لە « دار الحریة » چاپ دەکرێ
وزارة الاعلام

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلاني
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

68311, 68312, 68313

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە — ١٩٧٦/٤/١ ژمارە (٣١١) — « ١٢ » لاپەڕە — « ٢٥ » فلس

لە رۆژی خاکی زەوت کراودا

راپەڕینی شۆڕشگێڕانە بڕوابونی جەماوەر بەمەسەلەکەی ساغ ئەکاتەوە

سەرۆکی فەرماندە سەری لەپرۆژەی «الثرثار» دا

سەرۆکی فەرماندە کاك احمد حسن بکر سەرلەبەیانی ٣٠ـ٣ لەگەڵ کاك عزت دوری ئەندامی ئەنجـــومەنی سەرکردایەتی شـــۆڕش و سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال سەریان لەپرۆژەی کەنالی (الثرثار)دا .

وەلەکـــاتی گەیشتنیاندا سەرۆکی فەرماندە بەگەرمی پەوە لە لایەن کاك مکرم تالەبانی وەزیری ڕەی و کاك مصطفی حمدون ئەندامی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال و محمـــد الحبوبی بەریوەبەری گشتی دامەزراوی پرۆژەکەو چەنـــد کاربەدەستێکی ترەوە پێشوازی کرا .

سەرکۆمار گەشتێکی بەنوێ بەتەنی پرۆژەکەدا کـــرد و ئامۆژگاری ئیش کەرو کاربەدەستانی کردو داوای لێکردن کەلەکاتی دیاری کـــراودا پرۆژەکە تەواو بکەن .

وەلە کۆتایی سەردانەکەدا کەنزیکەی سێ ســـەعاتی خایاند سەرکۆمار لەلایـــەن وەزیری ڕەی و ئەنـــدامی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال و بەریوەبەری گشتی پرۆژەکەو جەماوەری کریکارانـــەوە بەچەپڵەڕێزان و هاوارکـــردن بەژیانی سەرۆك و سەرکردایەتی حزب و شـــۆڕشەوە بەڕێ کرا .

ئا.د.ع

لەوتاری حزبی بەعس دا :

راپەڕینی هاوولاتی یانی خاکی زەوت کراو بڕوابونی جەماوەر بەمەسەلەکەی ساغ ئەکاتەوە

● **هەڤاڵ محجوب :**

جەماوەر هەمیشە ئـــەو هێزە کاریگەرە بووە کەناکۆکی یەکانی لە بێناو بەرژەوەندی مەسەلەی چارەنووسی دا بەلایەکا خستووە .

● رژێمی سوریا داکۆکی لە هاوپەیمـــانەکانی ئەکات لە لوبنان بۆ ئەوەی دوا ئاڵقـــەی نەخشەکانی جێ بەجێ بکات !

● **هەڤاڵ غوشە :**

ئەو راپەڕینە فێرمان ئەکات کە جەماوەر چەکێکی کاریگـــەری سەرکەوتنە !

بەبۆنەی راپەڕینی هاوولاتی یانی خاکی زەوت کراوەوە رۆژی ٣٠ـ٣ خۆپێشاندانێکی فراوان لەسەرانسەری وڵاتدا کـــرا تیایدا جەماوەری کەل رایگەیاند کە پشتگیری جەماوەری کەلی عەرەبمان ئەکات لەفەلەستین و خاکی زەوت کراوی عەرەب دژی قـــەوارەی رەگەزپەرســـتی زایۆنیزم .

وە لەسەعات دەی ســـەرلـــەبەیانی دا هەموو جـــۆرە هاتووچۆیەك لەشـــەقامەکانی بەغدا وەستاو کریکارانی کارگەو فابریقەی سەرانسەری وڵات بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك دەستیان لەکارکـــردن هەڵگرت و چەند کۆڕێکیان بەستو و تاریان تیادا خوێندەوە .

پارێزەرانیش بۆ ماوەی نیو سەعات لەداد ئاکاندا دەستیان لەکارکردن هەڵگرت بۆ ئارەزایی دەربڕین دژی داگیرکردنی خاکی عەرەب لەلایەن ژایۆنیستەکانەوە قوتابیـــیانی هـــەموو وڵات گۆیان بۆ ماموستاکانیان گرت کـــە لەجیاتی دەرس باســـی راپەڕینی جـــەماوەری خاکی زەوت کراویان بۆ کردون .

لەشـــاری بەغـــداش پاش نیوەڕۆی ٣٠ـ٣ هەزاران کەس ڕژانە سەر شـــەقامەکان بۆ ڕێکخستنی خوپێشاندان لەسەر داخوازی حزبی بەعـــــی سوشیالیســـتی عـــەرەب و بەهاوکاری لیژنەی سیاســـی شۆڕشی فەلەستین لەعیراق .

خۆپێشاندانەکە لەگۆڕەپانی (مەیدانەوە) دەستی پێکردو هەڤاڵان علی غنام وقاسم سلام ئەنـــدامانی ســـەرکردایەتی قطری کاك نعیم حداد وەزیری لاوان و کاك عبدالفتاح یاسین و محمـــد محجـــوب وەزیری پەروەردەو دکتۆر سمیر غوشـــە سکرتیری گشتی پەرەی خەباتی کەلی فەلەستین و ئەنـــدامانی سەرکردایەتی لقی بەغدای حزب و ئەندامانی لیژنەی سیاســـی شۆڕشی فەلەستین و سەرۆکی ڕێکخراوە پیشەیی و کەلیەکانی عەرەب لەبەغدا لەپێشـــەوەی خۆپێشاندانەکەدا ئەڕویشتن . جەماوەری کەل چەندین دروشمی هەڵگرتبوو تیایدا رایانگەیاندو نیشانیاندا کە ئەتەوەی عەرەب سوورە لەســـەر خەباتو تێکۆشان و ئەم ڕێگایە بەرنادات تاوەکو بەتەواوەتی ڕزگـــاری نەبێت و یەك نەگرێت .

وە لە گۆڕەپانی (التحریر) لەباب الشرقی وتـــەی حـــزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و لیژنـــەی ســـیاسی شـــۆڕشی فەلەستین خوێندرانەوە .

هـــەڤال محمـــد محجوب ئەندامی سەرکردایەتی قطـــری حزبی بەعسی سوشیالیســـتی عەرەب و وەزیری پەروەردە لـــە وتاری حزبدا وتی : جەماوەری عـــەرەب خـــاك و شوێنـــە پیرۆزەکانی خۆی لـــەپارێزێ . وە جەماوەری کەل هەمیشە ئەو هێـــزە کاریگەرە بووە کـــە بـــەرژەوەندی مەســـەلەی ناکۆکی یەکـــانی لـــەپێناو چارەنووس دا بە لایەکدا خستووە .

رژێمی سوریا کە پشتی بە هێزە کۆنەپەرستەکانی لوبنـــان بەستووە و یارمەتی هاوپەیمانەکانی ئەدات ئەیەوێ دوا ئاڵقەی نەخشەکانی جێبەجێبکات . بەڵام جەماوەری کـــەلی عەرەب زۆر هوشیارو بەئاگایەو هیچ شتێکی بەسەردا تێناپەڕێ ..

ئـــەوەی ئێستاکە لەخـــاکی لوبنان و خـــاکی زەوت کراوی عەرەب دا ڕوو ئەدەن خواســـتی جەنگاوەری ی ڕۆڵەکانی ئەتەوە ئەسەلیتن و ساغی ئەکەنەوە کە خـــاك و نیشـــتمانی خـــۆیان ئـــەپارێزن بـــا بەگـــرانیش لەسەریان بکەوێت .

وە دکتۆر ســـمیر غوشـــە سکرتیری گشتی بەرەی خەباتی بێوچانی کـــەلی لوبنان فیرمان ئەکەن کـــە جەماوەر هێزێکی لەبن نەهاتوو چەکێکی کاریگەرە بـــۆ وەدەســـت هێنـــانی سەرکەوتن .

ئا . د . ع .

لەبەیاننامەی بەرەی نیشتمانی و ئەنجومەنی ناشتی و هاوکاری دا

راپەڕینی خاکی زەوت کراو لایەپەڕەیەکی پرشنگدارە لەخەباتی جەماوەری گەل دا

بەبۆنەی رۆژی خاکی زەوت کراوەوە ئێوارەی ٢٩ـ٣ بەرەی نیشـــتمانی و ئەتـــەوەیی پێشکەوتنخواز بەیاننامەیەکی دەرکرد تیایدا وتی :

رۆژی خاکی زەوت کـــراو رۆژێکی پیرۆزی نیشـــتمانی یە لە مێژوی جەماوەری فەلەستین و تێکرای ئەتـــەوەی عەرەب دا هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستو رادەی تێکۆشانی جوامێرانەیە دژی زایۆنیســـتەکان و ئـــەو تێڕوو توندوتیژی یەی بەرامبەر بە هاوولاتی یانی خـــاکی زەوت کراوی عەرەب کرتویانەتە بەر .

ئـــەو خۆپێشـــان دانو مانگرتنەی هاوولاتی یانی خاکی زەوت کراوی عەرەب ئەیکـــەن تاریخێکی جوامێرانەیە دژی ئـــەو ئەخشەو پیلانانەی ئیمپریالیزم رەنگیان لەرزێو رژێمـــە بەکرێگیراوەکانی ناوچـــەی عەرەب بەرامبەر بەکێشـــەی فەلەستین جێبەجێ ئەکەن .

بەیاننامەکەوتی : لە کاتێـــك دا کە هەندێ کاربەدەستی عەرەب خەریکی خزمەتکردنی ئیمپریالیزمن و دەستیان بەدامێنیـــەوە گرتووەو هەولو هەڵپـــەی بەلایەکاخستنی کێشەی کـــەلی فەلەستینیانە ، دوژمن بەزۆری زۆردارەکی دەست بەسەر خاك و زەوی هاوولاتی یانی عـــەرەب دا ئەگرێت و ئەیەوێ جولەکەکانی تیادا جێگیر بکات .

راپەڕینی هاوولاتی یانی خاکی زەوت کـــراوی عەرەب ڕووبەڕووی ئەو جەوجزلی و دەســـت درێژی یانەی دوژمن لابەرەیەکی پرشنگدارە لەخەباتی جەماوەردا

بروانە ل ٧

مانگرتنی گشتی و خۆپێشاندانی فراوان لەخاکی زەوت کراودا

- هاوولاتی یانی خاکی زەوت کراو لـــە هەڕەشـــەو گوڕەشەی داگیرکـــەران ناترسن .
- رای گشتی جیهان لەگـــەڵ دانیشتوانی خاکی داگیرکراودایە .

خاکی زەوت کراو : ئاژانسەکان :

بە بۆنەی رۆژی داکۆکـــی کردن لە خاکی نیشتمان رۆژی ٣٠ـ٣ جەماوەری عەرەبی گەلی فەلەستین دلێرانە بەروی دوژمنا هەلشـــاخاو خۆپێشـــاندان و مانگرتنێکی گەورەی ڕێکخست ئەو مانگرتن و خۆپێشاندانەش ماوەیەکە زەمینەی بۆ گەلالـــە کراوە بۆ ڕووبەڕووبوونی دەست درێژی و توندوتیژی و هەڕەشەو گورەشەی کاربەدەســـتانی زایۆنیزم .

لەلایەکی ترەوە ئەو مانگرتنەگشتی یە ترس و لـــە رزێکی زۆری خســـتۆتە دلی کاربەدەستەکانی دوژمنەوەو وەزارەتی ناوخـــۆیی زایۆنیســـتەکان بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتـــەوە تیایدا وتویە هەر کاربەدەستو فەرمانبەرێك لەم مانگرتنـــەدا بەشدار بێ ئەوا مووچەکـــەی نادرێتی ... هەرچەندە دوژمن شورەیەکی بەدەوری ناوچەکەدا کێشاوەو نایەڵی هیچ هەوالێکی بە دەرەوە بگـــات .. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەند هەوالێك گەیشتونو وا ئەگەیەنن کـــە بەلای کەمەوە (٤٠٠) هـــەزار هاوولاتی لەو خوێپشـــاندان و مانگرتنەدا بەشدار بوون .

لەلایەکی ترەوە وازانراوە کە هاوولاتی یان بوڵایانـــە خۆیان راگرتووەو بەرەنگاری داگیرکەران بوونو ورەیان بەرنـــەداوەو ڕووبەڕووی پەلامارو هێرشـــە کانی هێزی داگیرکەران بوون .

بروانە ل ٧

خۆپێشاندانی هیندیە سورەکان لە ئەمەریکا

رۆژی یەکشـــەمەی رابوردو نومایشێکی گەورەی نوێنەرانی هێزە هیندیە سورەکان لـــە شاری (ستیل)ی ئەمەریکـــا سازکـــراو بەهەزاران میـــل ڕێگایان بەرەو واشنتون بڕی .

ئـــەم نومایشە سێ مـــانگ ئەخایـــەنێو لـــە ٤ی مانگی تەموزی داهاتوا بە بۆنـــەی تیپەڕ بونی دو سەدەوە بەسەر سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتومـــکانی ئەمەریکاداو ســـەرەتای داگیـــر کردنی زەوی و زاری

بروانە ل ـ٢ـ

وەزارەتـــی دەرەوەی ئەمەریکا هەنگاوەکانی ڕژێمی ســـوریا بە بنچینەی چارەســـەر کـــردنی گیروگرفتی لوبنـــان دائـــەنێ

واشنتۆن : ئاژانسەکان :

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا شەوی ٣٠ـ٣ بڵاوی کردەوە کە ئەمەریکا هەنگاوەکانی ڕژێمی ســـوریاو تەقەوەستاندنەکەی مانگی کانونی دووەمی لوبنـــان بـــە بنچینەیـــەکی « ڕەوا ی چارەسەرکردنی کێشەی لوبنان دائەنێ .

وە وتی : وەستاندنی تەقـــە لە لوبنان زۆر پیویستە بـــۆ بەلایەکا خســـتنو بڕینەوەی کێشە گرنگەکان !!

بەپێی هەوالی ئاژانسەکانی دەنگـــوباس وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکـــا لـــەم بارەیـــەوە بەیاننامەیەکی داوە بە هەردوو ڕژێمی ســـوریاو قەوارەی ڕەگەز پەرستی زایۆنیزم .

لـــە لایەکی ترەوە وەزارەتی بەرگـــری ئـــەمەریکـــا بڵاوی

بروانە ل ٧

بەبۆنەی رۆژی راپەڕینی جەماوەری خاکی زەوت کراوەوە :

لەهەرشەکاوە بێ ئاڵای خۆڕاگرتن و ئازایەتی گەلی فەلەستین

وابۆ سێ مانگ ئەچێ ، جەماوەری قارەمانو چاو نەترس و زۆر لێکراوی خاکی فەلەستینی زەوت کـــراو ئاڵای بەگژاچونو بەربەســـتی دوژمن و خۆراگرتنـــی پالەوانانەی ئەو جەماوەرە لە وڵاتە زەوت کراوەکەی دا ئەشەکێتەوە ، دلێرانەو بەوپەڕی ئازایەتی و بێباکانە ، رقو توڕەیی خۆیان بە رووی زایۆنیزمدا ئەتەقێنەوە ، بێ سڵ کردنەوە لە مردن درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەیان ئەدەنو کوڕوکچو پیاوو ژنیان تێکڕا راپەڕینو داخی دڵی چەند ساڵەی چەوساندنەوەو ژێر دەستی یان بەســـەر داگیرکەراندا ئەڕێژنو هەڵمەتیان ئەبەنە سەرو بەرگری لە مافی زەوت کراویان ئەکەن ، سڵ لە فاشستی یەتو رەگەزپەرستی یەتی دوژمنی دارەدەســـتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکای خوای شەڕناکەنەوە .

جەماوەری زۆر لێکراوی فەلەستین بـــەو راپـــەڕینو هەڵچونە شۆڕشگێڕانەیە سەلماندیان کە بە تەنیا خەباتی درێژخایەنو تێکۆشـــانی چەکدارانەو بـــە قوربانیو خۆراگرتن ئەبێ بەربەستی دوژمن بکرێو لەو ڕێگایەوە ئەتوانن بگـــەنە ئامانجی بەرزو پیرۆزیانو گـــەوی سەرکەوتن بەرنەوە ، بە پێچەوانەی ئـــەمە ، دەست تێکەڵ کردنو پشی پشـــی کردنو مل شـــۆڕ کردن بەرامبەر ئیمپریالیزم دروست کردنی بردی دۆستایەتی یە

بروانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

لە شۆڕشی عومانداە

کاتێ جەماوەری گەل ، دژی چەوسانەوەو دژی سیستەمی ئەو سیاسەتە ئابوریەی بەندی ئەکا ، ڕانەپەڕێ ، لەوکاتەدا ، بەشداربوونی ئافرەت ، لەو ڕاپەرینەدا ، نیشانەیەکی دیار ئەبێ ، بە شۆڕشەوە دژی سیستەمێکی دواکەوتوین و چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی .

ئافرەت بەشداری خەباتی سیاسی وچەکداری ئەکا

لە ٢٥٪ی جەنگاوەرانی لەشکری گەلو لە ٤٥٪ی هێزەکانی میلیشیا ئافرەتن

لەناو بزوتنەوەی رزگاریخوازیدا یان نێکوشانی چەکداریشدا ئافرەت ، هەڵی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوێ ، خۆی لەو کوت و بەندانە رزگار بکات کە ئەیبەستێتەوەو ئایەلی دەوری میژووی خۆی لە بەرەیدانو پێشکەوتندا ببینێ .. بۆیە ، بەشداربونی ئافرەت لە هەر شورشێکی هاوچەرخدا ، وەك نیشانەیەکی ڕوناك لە ئاستی ئایدیولۆژی و سیاسی ئەو شۆڕشەدا دیار ئەبێ .

بەڵام ، میژووی ڕاپەرین و شۆڕشەکانی دنیاش ، ئەوەیان سەلماندوە ، کە بەشداربونی ئافرەت ، بە دەسەڵات و هاتنەگایەی خۆی ئەبێ .

بەشداربونی ئافرەت لە شۆڕشی گەلی عومانداە کەوا بۆ دە ساڵ ئەچێ بەرپابوەو ئەو دەورە دیارەی لەو شۆڕشەدا ئەیگێڕێ ، شایەنی ئەوەیە بەوردی سەرنجی بدەین و لایەنەکانی ئەم بەشدار بونە ڕون بکەینەوە .

ئافرەت بەر لەشۆڕش :

بەر لەوەی باسی تاقی کردنەوەی ئافرەتانی عومان لە شۆڕشدا بکەین ، وا چاکە سەرنجێك لە سروشتی کۆمەڵی عومان و شوێنی ئافرەت لەو کۆمەڵەدا بدەین .

بێ گومان ، باری ژیانی کۆمەڵی عومان لەبەینی شارو لادێداو لادێکانی سەر ڕۆخی دەریاو لادێکانی ناوەوەی عومان ئەگۆڕێ و لەبەر ڕوناکی ئەو پەیوەندیانەشدا سەیری ئافرەت ئەکرێ .

لە لادێ شاخاویە کانی زەفار ەدا ، کە خەڵکی بەشی زۆریان بە شوانیەوە خەریکن و هوی بنەڕەتی ژیانیانەو ئاژەڵ تاکە سەرچاوەی بەرهەمە ، هەر خێزانێك ئەوەندەی هەیە کە خۆی و پێنج شەش کەسی ناو ماڵەکەی خۆی پێبژێنێ ، بەم پێیە پەیوەندی بەرهەم لە شێوەی سود وەرگرتنی یەك لە یەکتریدا بەو جۆرە نیە کە لە زەفار بۆ بەشدار بون لە شۆڕشدا زیان ڕەحساوە ، بۆیە ، سەیر نیە ئەگەر بڵێین بەنیسبەت بەشداربونی ئافرەتەوە لە شۆڕشدا هیچ خزهیلاك کردنێکی فیکری بەدەر ئەهاتوە تەنیا ئەوە نەبێ بەرپا بونی شۆڕشی ڕیحای بۆ ئەوە کردەوە ، چەك هەڵبگرێ و بچێتە بەرەی شەڕەوە ، بەڵام گیرو ڕفتی تر لەریکادا بو کە هەرە دیاریان ئەخوێندەواری بو ، کە ئەمە پیویستی کرد هەوڵێکی فراوانی دلسۆزانەو شۆڕشگێرانە بدرێ بۆ قەڵاچۆکردنی ئەخوێندەواری لەناو کۆمەڵی ئافرەتاندا .

سەرەدێ ژوانی شۆڕشگێرانە :

کە شۆڕشی چەکدارانەی زەفار بەرپا بوو ، سەرەڕای ڕوو بەڕوو بونی دەسەڵاتی کونەپەرستان و دەسەڵاتی هێزی بێگانە لەوڵاتدا ، ڕوو بەڕووی باریکی دواکەوتوی ناو ڵادێکانی عومانیش بو کە ئەرکێکی گرانی پێویست ئەکرد بۆ توڕینی باری ژیانی ئەو خەڵکە لە دوو سەرەوە ، لە سەریکەوە زیاد کردنی بەرهەمو پەرە پێدانی باری ژیانی مرۆڤ لەسەرخاکی عومانداو لەسەریکی تریشەوە هەوڵدان بۆ ڕەنجو کاری شۆڕشگێرانە هەبا ڕز باری .

شۆڕشی عومان ئەو ڕاستی یەی ئەزانی کە ئەرکی ئەساسی سەرشانی ڕاپەراندنی جەماوەرەو پێشرەوی کردنی بەرەو سەلماندنی دەسەڵاتی لەبن نەهاتوی و دامەزراندنی بنەرەتێکی سەخت ، بەپێی ئەم ڕێرەوە بەکارە ، ئەك تەنیا لەسەر بنەرەتی سۆز «عاطفە»و لە خۆ بایی بوون بەچەند سەرکەوتنێکی عەسکەری بەسەر دوژمندا ، بەڵکو پێکەوە گونجاندنی تێکوشانی عەسکەری و بەرهەمی کۆمەڵایەتی شان بەشانی یەکتر کرایە ڕێگای شۆڕش .

بەم جۆرە ، دوای بەرپا بونی شۆڕش بە سێ ساڵ کۆنەرەی دووەمی بەرەی ڕزگاریخوازی گەلی عومان ساڵی ١٩٦٨ بریاری چەند هەنگاویکیدا کە ببنە هوی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی ناو خێزان و چەسپاندنی مافی ئافرەت لەکۆمەڵدا بەپێی :

● بەرە بریاری دا کە ئافرەت سەربەستی بەشداربونی هەیە لەریزەکانی لەشکری گەلی ڕزگاریخوازداو مەشق کردنی عەسکەری و پەروەردەی سیاسی و قەلاچوکردنی ئەخوێندەواری .

● دەرگای هەموو قوتابخانەکانی شۆڕش بۆ ئافرەت کرانەوەو مافی بەشداربونیان لەکونگرەو کۆبونەوەکانی بەرەی ڕزگاری خوازداو مافی هەڵبژاردنیان پێدرا .

● ئافرەت مافی ئەوەی پێدرا خۆی میردی خۆی هەڵبژێری و بەربەستی هەموو هەوڵێك کرا کە بە زۆر ئافرەت مل کەچی شوکردن بکرێ و مافی ئەوەی پێدرا ئەگەر پیویست بو بەربەستی داوای تەڵاق و لێك جیا بونەوە بکات و مارەیی بەو جۆرە دانرا کە ڕێزی مرۆڤایەتی ئافرەت بپارێزێ و ڕێگای ئەو، ببڕێ کە وەك شتومەك بکڕرێ و بفرۆشرێ .

جا شۆڕش ئەم بریارانەی بە تەنیا لەسەر کاغەز نەنووسیەوە بەڵکو هەموو چەسپاندن و بەوردی دەست کرا بەجێ بەجێ کردنیان .

بەرپا بوونی شۆڕشی عومان و سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکانی و دوای دە ساڵ تێکوشانی سیاسی و ڕێکخستنی شۆڕشگێرانە ئورانێکی بنەرەتی بەسەر باری ئایدیولوژی لادێکاندا هات ، ئەنجامەکەی ئەوە بو زۆر بیرو باوەڕی دواکەوتن و کۆنەپەرستی ڕامال کرا ، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان هەبو بەسەرنجدان لەباری ژیانی ئافرەت لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە .

فراوان بونی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانە ، شان بەشانی وریا بونەوەی ئافرەت لە عومان و بەشداربونی ڕاستەوخۆی لەو بزوتنەوەیەدا ڕێگای بری ، وەك بیاو بەشداری شەڕو نیشوکاری سیاسی و هەمو چالاکیەکانی تری ناو شۆڕشی کردو ئەیکا .

لە ڕووی بەشداربونی ئافرەتەوە لەمەیدانی شەڕدا لە کۆتایی یەکەمەوە لە ٢٥٪ لەشکری ڕزگاریخوازی گەل لە ئافرەت پێکهات و ژمارەیەکی زۆریان قورئانیان داو شەهید بوون وەك (فاطمە غنامە) و (طفول مطیع) و خێر مسعود) و چەندانی تر کە لە مەیدانی شەڕدا شەهید بون .

بێجگە لەوەی چەندان ئافرەتی تر ئەندامن لە میلیشیای گەلدا کە ئەرکی یاساولی و قەلاچوکردنی ئەخوێندەواری و برین پێچیان لەسەر شانەو ئەمانەش ژمارەیان لە ٤٥٪ی هێزەکانی میلیشیایە .

(بارام) ئامادەی کردوە

خۆپێشاندانی هندیە (پاشماوە)

هیندیە سورەکان تا ئیستە بە ئەتەوەیەکی کەم لە ئەمەریکا دا ئەنرێن لە هەمو کەمە ئەتەوەیەکانی تر زیاتر ئەچەوسێنەوەو لە مافی خۆیان بێ بەشن ..

ڕاپورتێکی ئاژانسی (تاس) ئەڵێ لە ناوچەی هیندەکانا ٤٠٪ی خەڵك بێ ئیشن ، لە هەندی شوێنی تریشا لە سی کەس یەکێکیان ئیشی هەیە .. وە نسبەتی مردنی منالەکانیان سێ قاتی منالی سپیەکانن ، ڕاپورتەکە ئەڵێ لە شاری لورنس لە هەرێمی ئەرکنساس کونگرەیەك ئەبەستن و باسی باری ئابوری ئەو ناوچانە ئەکەن .

هیندیەکان لە نومایشەکەیانا سرودێك ئەڵێن : کە باسی ڕوژی ڕوناکی و ئاواتی ئازادی هیندیەکان ئەکات .

دوای سەرکەوتنی گەلی ئەنگۆلا

ئیمپریالیزم لە سەرەتای دروست بونیەوە هەوڵی ئەوەی داوە کەلوت بژەنیتە ناو سامانی سروشتی وڵاتان و گەلان بکات بەگژی یەکترا ، بۆ ئەوەی بتوانێ بکەوێتە دەستیوەردانی باری سیاسی وڵات و دۆخی کومەڵایەتیان بئاڵۆزێنێ ..

ئەخوێندەواری و دواکەوتن و برسێتی و .. چەکی کاریگەری بەرەی ئیمپریالیزمن ..

ئیمپریالیزم لە هەر وڵاتیان ناوچەیەك لەگەل کۆمەڵە دارەدەستێکی خۆی یەك ئەگرێ و لە بەر ڕۆشنایی ئەم پەیوەندی یەدا ئەخشەی دەست بەسەراگرتنی سامانی ئابوری وڵاتەکە دائەمەزرێنێ ..

گەلی ئەنگۆلا یەکێکە لەو گەلە ئازادیخوازانەی کە لە کۆنەوە دوچاری مەینەتی داگیر کردنی بەرەی ئیمپریالیزم بوەو بێ وچان لە ڕابەرین و خۆ ڕزگار کردنایە ٥٠٠ ساڵ زیاترە کە ئیمپریالیزم چۆکی لە سەر سنگی گەلی ئەنگولا داکوتاوە ..

گەلی ئەنگۆلا بۆئەوەی دوا شوێن بێی ئیمپریالیزم و دارەدەستەکانی لەسەر ڕوی وڵاتەکەی بسڕێتەوە دەستی نیشتمانی لە نێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەنگۆلا (میلا) و بەرەی ئەتەوەی ڕزگاری ئەنگولا (فنلا) ویەکێتی ئەتەوەی ڕزگاری ئەنگۆلا (ئونیتا)دا پێك هات و دروشمی ئەم بەرە یەکگرتووە دەرکردنی ئیمپریالیزم و دامەزراندنی حوکمێکی ناوکۆی گەلی ئەنگۆلا بوو ..

بەرەی ناوبراو بەپێی بەرنامەو ئەکتیکی شەڕو پیلانی سیاسی خۆیان دەستیان دایە خەباتێکی سەرومالی .. هەر ڕۆژەی لە ناوچەیەك دەستیان لە داگیر کەران و ئیمپریالیزم ئەوەشاندو ، هەر ڕۆژەی هوردو گایەکیان بە دوژمن جۆڵ ئەکردو وڵاتی ڕزگار کراویان فراوانتر ئەکرد ..

گەلی ئەنگۆلا بەگیانێکی شورشگێرانەوە لە پشت بەرەی یەکگرتوی گەلی ئەنگولاوە ڕوبەڕوی ئیمپریالیزم وەستان تاکو توانیان لە ڕۆژی ١١ تشرینی دووەمی ١٩٧٤دا سەربەخۆیی تەواوی ئەنگولا بەدەست بێنن و سەربە ئیمپریالیزمی پورتوگال شۆڕ بکەن ..

گەلی ئەنگولا لە ١١ی تشرین دووەمی ١٩٧٤دا ئاهەنگی سەربەخۆیی گێڕاو پورتوگال ناچاربو دان بە دەسەڵاتی گەلی ئەنگولادا بنێ ، وڵاتانو گەلانی ئاشتیخواز بەرەسمی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەنگولایان ناسی و ئەم پارتیە حوکمی نیشتمانی لەوڵاتا گرتە دەست .. (فنلاو ئونیتا) کە دەستیان لە حوکما نەما دەستیان دایە خرابە کاری و ئەیانویست جارێکی تر وڵات بگێڕنەوە دۆخی جارانی و سەرلەنوێ بە باشکوی ئیمپریالیزمیەوە ببەستنەوە .. لە بێناوی ئەم مەبەستەدا پشتیان کردە حوکمی نیشتمانی ئەنگولاو لەگەل ئیمپریالیزمدا دەستیان تێکەل کردو چەك و تفاقی شەڕیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوای سەربە بەرەی ئیمپریالیزم وەرگرت و چونەوە بەگژ گەلی ئەنگولادا .

گەلی ئازادیخوازی ئەنگولا بەپشتیوانی گەلانی جیهان کەوتنە ڕاوتانو دەرکردنی بەرەی بەکرێ گیراوان و شاربە دەریان ئەکردن .. بەڵام سەربەستی و ئازادی و سەرکەوتن هەربۆ گەلی ئەنگولا ئەبێ .

عەبدوڵا بەرزنجەیی
ئامادەی کردوە

کودیتایەکی عەسکەری لە ئەرجەنتین

بوینس ئەیریس ـ ٣/٢٤ ئاژانسەکان ـ هێزە چەکدارەکانی ئەرجەنتین دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیان گرتە دەستو سەرکۆماری (ماریا ئیزابیلا پیرون) یان گرت .

سەرکردەکانی هێزی دەریایی و هەوایی و زەمینی وتویانە ئەم بزوتنەوەیە بۆیە کراوە تا ئەرجەنتین لەشێواوی و ئاژاوە ڕزگاری بکا دوا بەیانی سەرکردەکانی سوپا وتویە هێزە چەکدارەکان دەستیان بەسەر هەموو شوێنێکی وڵاتدا گرتوە و کۆبونەوەی کشتیان قەدەغە کردوەو چاودێریان خستۆتە سەر جموجوڵی کەشتی و فرۆکەکان .

لەکاتی کۆدیتاکەدا ئیزگە مۆسیقای سەربازی لێدەداو ناوبەناویش بەیاننامەکان ڕونیان کردەوەکە سوپا دەستی بەسەر حوکمدا گرتوە بۆ ئەوەی وڵات لەئاژاوە ڕزگار بکاو دەسەڵاتی یاسا بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە .

ئەوەی شایانی باسە بەیاننامەکان بەئیمزای هەرسێ سەرکردەکانی سوپا بەسەرۆکایەتی جەنەرال (رافائیل ئەنفیلا) کە تەمەنی دەگاتە پەنجا ساڵ دەرئەچون .

دەرئەنجامی ئەقابەی کرێکاران

لەگەڵ بەرپابونی کۆدیتاکەدا (٦٢) ڕێکخراوی کرێکاران کە لایەنگری پیرۆنن بریاریاندا بۆ ماوەیەکی دیاری ئەکراو مان بگرن ..

لەلایەکی ترەوە پۆلیسی (بوینس ئەیریس) بڵاوی کردەوە کە چوار کەس لەسەرۆکانی ئەقابەکان گیراونو بریتین لە (میجیل ئونامونۆ ڕ وەزیری کاری پێشو ، (بلوریوزو میجیل) سکرتیری گشتی ڕێکخراوە پیرۆنیکان ، (روجیلیو بابانیو) و (هوجو باریونویفو) کە سەرۆکی کەرتی خانوبەرەو خواردەمەنی بون لەئەقابەی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو وتویە سەرکردە سوپایی یەکانی ئەرجەنتین وەزارەتێکی تازەیان دامەزراندوە کە یانزە وەزیری تیدایە . ئەمانە کاروباری وەزارەتەکان بەڕوە ئەبەن تا لەبەرسراوی کارە دیاری دەکرێ و ئیتر لەوەزارەتدا نامێننەوە .

گیرانی پیرون

خاتو پیرونی سەرکۆماری ویستی پێش کۆدیتایەکە لەوڵات بچێتەدەرێ بەڵام کاتێك کە لە کۆشکی حکومەت دەگەڕایەوە بۆ بارەگای خۆی فەرمانی بە فەرماندەی هیلیکوپتێرەکەی دا کە لە فرۆکەخانەیەکی پایتەختدا بنیشێتەوە . لەوێ ویستی دەمانچە هەڵبکێشێ و خۆی دەربازبکات بەڵام خێرا چەکەکەیان لێ کردەوەو بەسواری فرۆکەیەکی هێزی هەوایی ناردیانە خواروی وڵات .

پاش ئەوەی سەربازەکان بەئارامی و خێرا دەستیان بەسەر پایتەختدا گرت .

ئیزابیلا کێیە

پاش ئەوەی لەتەموزی ١٩٧٤ دا جەنەرال خوان دومینگو پیرون سەرکۆماری ئەرجەنتین مرد ژنەکەی ئیزابیلا کە جێگری سەرکۆمار بو دەسەڵاتی گرتە دەست ، لەوکاتەدا خانو پیرون تەمەنی نزیکی ٤٣ ساڵان بو .

ئیزابیلا پیرون لە چواری شوباتی ١٩٣١ دا لەدایك بوە ، لەساڵی ١٩٥١ دا لەتیپی سەمای گەلی (الرقص الشعبی) دا دەستی بەئیش کردوەو مێرد ، لەپاشان بەیەکەوە چونە سانتو دومینگو بونە ژن و مێرد . لەپاشان بەیەکەوە چونە دانمارك و بو بە قسەکەری پیرون .

دا لەگەڵ جەنەرال پیرون کە تازە لەوڵاتەکەی دەرکرابو چاویان پێك کەوت و بەنهێنی لە سپانتو دومینگو بونە ژن و مێرد . لەپاشان بەیەکەوە چونە دانمارك و بو بە قسەکەری پیرون .

لە دەسەڵاتی دوایی جەنەرال پیرون زۆر کاری سیاسی گرنگی ئەنجامدا . بەڵام دانانی بەجێگری سەرۆك لەکاتی خۆیدا بو بەسەری نارەزایی دوستان و دوژمنانی پیرون .

لێکۆڵینەوە :

دزینی خۆراك هۆرێکی تری تاڵان کردنی ئیمپریالیستی یانەیە

لە کانێك دا کە کێشەی فابریقەی فرۆکە دروست کردنی (لوکهید) لەسەرانسەری دنیادا دەنگی داوەتەوەو بۆ خەڵکی ڕوون بۆتەوە کە کاربەدەستانی ئەم فابریقەیە بەرتیلیان داوە بە لێپرسراوانی بێگانە بۆ ئەوەی لەوڵاتەکانیان بازاڕێکی گەرم بۆ بەرهەمی ئەم کارگەیە بدوزنەوەو لە ئەنجامیش چەند کاربەدەستێکی حکومەت لە ئەمەریکاو ئەو وڵاتانە دەستیان لە کارکێشایەوە .. لەمەمان کاتدا کێشەیەکی تر دەربارەی چەوتی ڕێژیمی ئەمەریکا تەقی یەوەو سەر لە نوێ دەنگی دایەوەو بوو بە کەرەسەیەکی باشی هەواڵ نووس و ڕۆژنامەوانانی دەنگوباسی لە جیهاندا .. کەوا ئەم کێشە نوێیە چی یە ؟ چۆن ئاشکراو ڕیسوا بوو ؟

نوێنەری ئەمەریکا لە کۆنگرەی ئەنترۆپۆل (پولیسی دەوڵەتان) کە لە شاری پاریس گیرا ئاشکرای کرد کە تائیستا چەند جارێك شکایەت لە کۆمپانیا گەنەو دانەوێڵەی فرۆشەکانی ئەمەریکا کراوە دەربارەی دزینی بەشێك لەو کەلەپەی یە وڵاتانی دەرەوەی ئەفرۆشن .. نوێنەرەکە وتویەتی ڕەوتێکی کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابوردوودا (٢٪)ی هەو گەنەی ئەمەریکا لە لایەن ئەوکۆمپانیایانەوە دزراوە کە بە هیندستان و وڵاتانی تری سێیەمی جیهان فرۆشراوە . ئەو ئەسەر ئەوە زانین کە ئەمەریکا ساڵی بایی (١٠) ملیار دۆلار گەنەم بەدەرەوە ئەفرۆشێ ئەوکاتە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە فەرارەی ئەو دزیە چەندەو چ کارێك ئەکاتە سەر دەرئەنجامەکانی کرێار .

وەك زانراوە هیندستان ماوەیەك لەمەوبەر ئەوپەیمانەی پێك خستوە کە لەگەڵ کۆمپانیای (بونج)ی گەنەم فرۆشی ئەمەریکادا مۆری کردبوو ، وەشکانیشی لێ کردوەو لە شکاتەکەدا وتویە دوای ئەوەی گەنەمەکەمان وەرگرت و کێشامانەوە بۆمان دەرکەوت کە ٣٠٠ تەن کورتی هێناوەو لە کێشانەکەی ئەمەریکادا دزی لێ کراوەو بەسوکی کێشراوە . ئەوەی شایانی باسە هیندستان ساڵی ١٩٧٥ بایی هەزار ملیون دۆلار گەنمی لە ئەمەریکا کڕیوە !!.

بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەی (نیویورك تایمس) ئەو دزیە کە ئەنمە باش و نایابانە کراوە کە نیردراون بۆ دەرەوەو دەرەوەی هەمان ، سەلەش ڕێخراوی ئەنترۆپول وتویە : بۆ ، وەی وێنەی ئەم کێشەیە بەباشی بێتە پێش چاوت یەکسەر وێنەیەکی منالە برسی یەکانیشی لەگەڵدا دابنێ .. چونکە ئەوفێڵەی کراوەو ئەوکەنمەی دزراوە ڕۆژبەی وڵاتانی هەژار بووە . هەر جارێك کەفێڵ لە ترازووکێشانەی ئەم ڕۆژاکدا کرابێ ئەوا چەندە منالێکی هەژار لە خواردن بێبەش کراون .

institut kurde de paris

پەرینی دڵی ئیدریس عەلی

کرمانج

له هۆدەیەکی کـــلاۆ ، لـــه خانوویەکی کۆنی یەکێـــك لـــه گەڕەکە دوورەکانی ناوشـــار ، کانتۆرێکی شەقو شـــــڕی بێدەرگا دوو سێ بوخچـــەی بەرگ کاڵەوەبووی قـــــووت دابوو .. پانکەیەکی بەك کەوتە لە کراسە شرێکەوە پێچرابوو لە سەرکانتۆرەکە تـــۆزی هەڵپێنابوو .. بەرامبـــەری قەڕەویلە یەك لـــه ژێر بـــاری کۆمەڵە پێخەفێکی شـــــڕو نیوداشتا ورگی دادا بوو .. لە ناوەراستی ژوورە کەشـا دوو پارچە کومبار دەستیان کردبووە ملی یەکو شوێنیان بۆعلادینێکی تێك قوپاو خۆش کردبـــوو .. بیرە علادینیش وەك دەرمـــانی خوارد بێ نە ئاگرەکەی کـــەم ئەکرایەوە نە زیاد ، جارجاریش کە تووڕە ئەبوو هێنـــەکەی وەك فیشەکە شێتە لەگرنەکانی سەرەوەی تۆزی ئەکردو ئـــەو ژوورەی ئەکرد بەکورەخانـــەی حەمامی جاران .. هـــەر لـــەو ژوورەیا مێزە شڕێك یـــــەك دوو جانتای قوتابیانو کۆمەڵـــە کتێبو دەفتەرێکی لەســـــەر دانرابـــوو ، لە تەنیشتیشیەوە لەسەرمقەبایەکی رەش بە خەتێکی ســـــپی دووعایـــەك نووســـرابو وکوردیەکەی ئەمەی ئەگەیاند « خوایە لە شـــەڕی شەیتانو بەلای ناگەهان بەدوورمان کەیت» بـــە بن میچەکەشـا کلۆێکی شەستی بە وایەرێکی درێـــژا خۆی شۆڕ کردبۆوە ، بـــە ڕۆژ ئەی ئەزانی داگیرســـێو بە شەویش لەحەوتو نیوو هەشتا

سەتلێکی ئاوو هەندێ قـــاپو قاچاغ ڕێز کرابوو .. ئەمانەو چەند شڕەیەکی ناومال دیکۆری زەوی ژوورەکەی خوشـــکە ڕووناك کە هەندی کەســـیش ڕووناك خانیان پێ نـــەووت . چوار دیوارە کەشـــی بـــە ڕۆژنامـــەی کـــۆنو وێنـــەی دەسکردی ئازادو ڕزگـــاری کوڕیو خەباتی کچی رازابووەوە .. بە دیواری بەرامبەر بـــە دەرگـــای ژوورەکەشـــەوە وێنەیەکی شاسواری ڕەحمەتی میزردی لە شووشەگیرا بـــوو دا کـــوترابوو .. لـــــە تەنیشتیشیەوە لەسەرمقەبایەکی رەش بە خەتێکی ســـــپی دووعایـــەك نووســـرابو وکوردیەکەی ئەمەی ئەگەیاند « خوایە لە شـــەڕی شەیتانو بەلای ناگەهان بەدوورمان کەیت» بـــە بن میچەکەشـا کلۆێکی شەستی بە وایەرێکی درێـــژا خۆی شۆڕ کردبۆوە ، بـــە ڕۆژ ئەی ئەزانی داگیرســـێو بە شەویش لەحەوتو نیوو هەشتا

ماڵەوە دایکیان هەر دیـــار نەبوو .. ناچار لـــە بـــەر علادینـــەکە هەڵتروشـــکان و بە چاو لەگەڵ دەورکردنەوەی کتێبەکانیاناو بـــــە دڵ لای دایکیـــان بوون . ئازاد پێی وتن کە بچنە ماڵی پوورە ڕەحمە لە ژوورەکەی ئەو بەریانەوە.. ئەمانیش خوا خوای قسەیـــەکی وایـــان بوو .. کە دەرگاکەیان کردەوە پوورە ڕەحمە فەرمووی لێکردن ..

– ئەی ئەوە دایکتان بـــۆ نایە ؟

– دایکمـــــان تا ئیستا نەهاتۆتەوە !.

– ئەیەڕۆ بۆچی ؟

– ئێمەش نازانین ..

– دەوەرن دانیشن .. بزانە ڕێگەکەی دووڕە .. ســـا ئاخۆ پاسی دەس نەکەوتبـــێ .. قەیناکە هەر ئیستا دێتەوە . . دانیشتن و کتێبەکانیـــــان کردەوە ، هەریەکەیان بە چـــاو لەگەڵ وشەو ڕستەکانیا بوون، خۆیان نەخەڵافاند .. ئەوەنەی بێ نەچوو گۆیان لە جیـــڕەی دەرگای ژوورەکەیان بـــــوو چاویان لە ڕەشکەو پیشکەی دێڕی کتێبەکانیان ڕزگار کردو پێکەوە رایان کـــرد بۆ لای دایکیان ، هەرسێکیـــان وەك عـــەزەتی خۆیانیـــان پێـــوە ئووسان ..

– ئەوە بۆ ئەمشـــەو وا درەنگ هاتیتەوە دایکە ؟

– باخوا ئەوەی ئەمشـــەو بەسەرمن هـــات بەسەر دوژمنە کانما بێ .. هەرکـــە بەیانی هەڵسام سەرم وەختـــە بـــوو بەرێتەوە خۆ نەش ئەکرا ئەڕۆم و لە ماڵەوە بکـــەوم .. ئەمڕۆش بۆ ناوچـــەکان

ڕووناکیش هەموو ڕۆژی لە ناوچەوانی نووسرابوو کـــە لە بەیانی زووەوە ماڵو منـــداڵ بەجێ بهێڵی و بچێت بـــەلای نان کردنو جل شتنی ماڵانەوە .. ئیوارانیش کە ئەهاتـــەوە جوار پێنج نانو دەوریـــە ساردەوەبوی ماڵانی لە دیاری ئەهێنایەوەو لەگـــەڵ منداڵەکانیا ئەیان خـــواردو ماندوویتـــی ئیواران هەر لەســـەر نان خواردنەکە خەوی لە بردەوە بەلایا ..

ئیوارەیەکی هەتا بڵێی ساردو سەخت ، لە لەشـــی کوڕی نازایا خوێنی نەمەیان ، لووڕەو گفەگفو گرمـــەی پیرەپەشەبا ســـامی ئەخستە دڵی بیاوی نازاوە .. نـــەو ئیواریەیە نازادو ڕزگارو خەبات بێیان سوا ئەوەنە هاتنە بـــەر ئەڕۆش بۆ ناوچـــەکان

ڕەشیەکەی من ماڵی حەبســـە خان ئەوەنە جڵو بەرگـــی چلکنیان پێ شتم مەگـــەر دەسکەوتی مانگێکم بـــدەم بە دەرزیو دەرمانی لـــەش . ئینجا کەلێش بوومەوە ، بـــە سەعات بیگری سەعاتێك زیاتر ئەوەچاوەڕێی پاسم کـــردووە ئیستاو ئەوســـا هـــەر نەبوو ناچار ئەو ڕێگەدووزە بگرمـــە بەڕو وا ئیستا گەیشتمەوە .

کە پووەرە ڕەحمە هاتـــە ژوورەوە ڕووناك خـــۆی خستبووە ژێر لێفەیەکـــەوە نرکە نرکی بوو ، منداڵەکانیش خەریکی چێشت ئەکرم کردنەوە بوون.. بەدەم نرکە نرکەوەهۆی دواکەوتنەکەی بۆ ئەویـــش دووبات کردەوە ، ئەمیـــش کەوتە شێلانی لـــەشو سەریو جارجاریش قسەیەکی بـــە پلارەوە لێ ئەگرت !! دەمـــە گاڵتـــەیان لەبەینـــا بوو . پاش ماوەیەك ڕووناك خان خـــەوی لـــێ کەوتو منداڵەکانیش لاڵو باڵ لێی کەوتن .. پـــووڕە ڕەحمە وەك بۆ هاوســـێو دراوسێو پۆلیسی ئەگیرایەوە گڵوبەکەی لەسەریان کوژانەوە ئیتر نازانێ علادینەکەیـــان کوژانبۆوە یان نا .. ئەم بـــە جێی هیشتوونو ئەوانیـــش خەویان لێکەوتووە ..

●

ئەو بەیانیە هێشتا دنیـــا تاریك وڵێل بووە کە زۆربـــەی خەڵکی ئەو گەڕەکە لە بـــۆنی بـــۆن چرووکو هاوارو فیغانی پووڕە ڕەحمە خەبەریان بۆتەوە .. کە دەرگای ژووڕەکـــەیان ئەکەنەوە ئاگر لەهەموولایەکەوە بەلامار ئەدا بەهەر حاڵیـــك

بڕوانە ل ـ ١١ـ

کە «گێژاو»م خوێندەوە

ڕەئوف حەسەن

ئەو کارەساتانەی کـــە سەلام مەنمی کردوونیـــەنە ناوەڕۆکی نووسینەکانی لـــە نامیلکەی (گێژاو)دا .. ئـــەو کارەساتانەن کە هەموو میللەت نەك هەر بیستوویانە بەلکو بـــە زۆری یا بەسەر خۆیان هاتـــوە یا بەبەر چاویانەوە ڕوویـــان داوە .. بگرە لەو ڕووداوانـــە گەورەترو جەرگ بڕتریش کە خەڵکەکە تیـــا قـــاڵ بوونو سواییان لێی هاتۆتەوە .

کارەساتەکان هیچکار زۆرن .. بەڵام ئایا نووســـەری ڕاستەقینەو دڵسۆز ئەرکـــی بەرامبەریان چیە .. بـــە جۆرێکی تر دەمەوێ بپرســـم ئایا نووسەری گێژاو تەنیـــا گێژەرەوەیەکی ڕووداوەکانـــە وەك خۆی ؟! یا ئەی توانیـــوە تەنانەت گێژەرەوەیەکیش بێ.. وەیان بۆچوونو تێڕوانینـــی تایبـــەتی خویشی تێهەڵکێش کردوون ؟!

بە ڕای من گێڕانـــەوەی ڕووداوەکان وەك خۆیان بـــگرە ڕووداوی قەبەو دڵتەزێن ئـــەو دەورە بایەخدارەی جـــارانی ئەماوە .. چونکە خەڵکـــەکە وەك وتمان خۆیان پاڵەوانـــە کانن و لە ڕووداوەکانیـــش گەورەترن .. ئەمجا گرنـــگ ئەوەیە نووسەر چۆن دەتوانـــێ بگاتە ناو ئەو بارە دەروونیەی کە خەڵکەکە تێی کەوتـــوونو چۆن بە پاکیو دڵســـۆزانە تەعبیر لە ناخی بڕ ئەندێشـــەو هەژاویان دەکا .. ئـــەم مەبەستەش تەنیا لە شـــێوە هونەریە باڵاکەدا خـــۆی بەدەستەوە ئەدا .

ئەگەر لێرەوە دەس بدەینە هەڵسەنگاندنی نووسینەکانی (گێژاو) .. دەبینین جگە لـــە چیرۆکی (یادی هەڵبەســـتێکی لە بیرچوو ، مردن) کـــە هەندێ قووڵ بوونەوەیان تیایە .. ئەوانیتر لە خستنەڕووی هەندێ (تەناقوزات)ی ژیـــانو باری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی زیاتر نین .. بەبێ چـــوونە بنچو بناوانو بە بێ ئەرکێکی هونەریو هەڵسەنگاندنێکی وردی لایەنەکانی کە شـــایانی باس بێ .. سەرەڕای زۆر لـــە خۆکردنو درێژە پێـــدانو دووبارە کردنەوەی ڕستەو .. ئیتر هەر کەوانەیە کراوەتەوەو داخراوە یا دانەخراوەو هـــەر داش و بۆشایی نوقتە نوقتەییە پیویست بوو بێیـــان نا بـــە کار هێنراوە تا بەزۆر ببینـــە چیرۆك .. کە وا تێ دەگـــەم ئەمانە لە نەشـــارەزایی نووســـەرەوەیە بە هونـــەری سەردەمی چیرۆك لە لایـــەکو لە لایەکی تریشەوە لەنەزاسینی تەواوی پاڵەوانەکانیەوەیە کە زۆربەیان ناوەوەو دەرەوەیـــانی وەك یەك لێکردوە کـــە ڕاستیەکەی دەرەوەیـــان پێچەوانەی ناوەوەیانەو بـــە پێچەوانە شەوە هەر ڕاستە.. ئەمەش هەندێ نموونەی دووبارە کردنەوەکانە .

(مەرج بێ نەهێڵم وا بـــە خەستی بیخوات .. چەنـــد کەسێکی نەناسراو بنێـــرمە سەریو بە زۆر لێی بسێنن.

– بچن هەرچی پارەی هەیـــە بە زۆر لێی بسێنن با شتێکیش لەو بخۆین .. ل ٢٦)

(ئەبێ ئەوەی بۆچی لەسەر پشتی دەستی نووســـیبێ .. هەر ئەبێ لێی بپرسم .

– بۆچی ئەوەت نووســـیوە.. ل ١٤)

(بەڵام ئەبێ ئەم دزیـــــە بسەپێنم بە سەر (مچەچەپەرا)

– کوڕینە ئەم گۆناوەڕۆیـــە بەسەر گوێی (مچەچەپـــەرا) قلب ئەکەینەوە ..

کە هێنایان بە مچە ئەڵێـــم : (هەر دزی مابوو بیکەیت..)

– بەڵێ دزی .. ئەی مـــن پارەکەی (عەزەم دزیوە .. ؟! ل ٢٧)

(بە تەماع ئەبێ بـــــەرم نادات با پەیمانی شـــــتێکی بەمێو ..

– ..کە ڕۆیشتمەوە (١٠٠) دینارت بۆ ئەنێرم .. ل ٢٨)

ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریەوە کۆمەڵێ بۆشایی دانراوە کـــە دەتوانرا بە ئاسانی وشـــەی تر بـــە کاربهێنرایەو خوێنەواران بە (بۆشایی پڕکردنـــەوە) وە خەریك نەبن .. بـــۆ نمونـــە تەنیا لە لاپەڕە (٩)دا ئەمانـــە هەیە ..

(کابرای ...) کردی بەو هۆڵە چوارگۆشەی کە چـــۆن بووە بە (...)

لە سەری بنووسە .. ـ..)

جگە لـــە مانـــە هەست بـــە بازدانێکی ســـەیر دەکەین لـــە باسێکەوە بۆ باسێکیتر .. تەنیا (مەزاتخانە) پێنج شەش باسی جیاجیای تیایە کـــە هەندێکیان هیچ شـــتێ بەوی تریەوە نابەستێ .. بە کورتی ئەمـــە باسەکانە .

١ ـ دەچێتە شارێکەوەو لـــە چایخانەکەیدا لە چاخواردنـــەوە بێزار دەبێ .

٢ ـ ئوتومبیل چی پـــارەی زۆری لێدەسێنێ .

٣ ـ دەگانە جێگایەك بـــۆ ئارەزو دامرکاندنەوە .

٤ ـ مەلایەك دەبینێ بـــۆ هەمان مەبەست هاتـــوە .

٥ ـ لە نانەواخانەدا نـــۆرەبڕی دەکرێ .

ڕەنگە ئەم ڕووداوانـــە دواکەوتوویی یا بێ ڕێزدانـــی هەندێکیان یەك بخا .. بەڵام لە هەموو حاڵەتێـــکا لـــە ڕیپورتاجێکی سەرپێیی زیاتـــر نیە .

ئەمجا بابێینە سەردیاردە یەکی سەر سورهێنـــەر لـــە ناونانی پاڵەوانەکـــان بە تایبەتی پیاوخراپەکـــان هەموویانی ناو ناوە (عەزیز)و عەزیز بۆتە نیشانەی پیاوکوژو دەس بڕو دزو جەردەو ..هتد.

لە (مەزاتخانـــە)دا دوو پاڵەوانی (عەزیز) ناو هـــەن یەکەمیان مەلایەکی دوو ڕوە .

(ئەوە مەلا شێخ (عەزیزە) خۆی گۆڕیوە .. لێرە چـــی ئەکات ؟ بە گوێی خۆم گوێـــم لێی بوو : (الزانیة والزانی فاجلدو ..) من ناڵێم ئەچـــێ بەڵام (الزانیة والزانی) ئیستا ئەڕواتەوەو بە دیوی ئەودیـــوا خۆی هەڵئەگێڕێتەوەو دەســـت بە .. ئەکاتەوە ل ١٥)

دوەمیان ئاغایەکەو پیاوەکەی لە نانەواخانەدا نۆرەبـــڕی دەکا .

(ـ ئەمیش جیایەو پیاوی عەزیز) ئاغایە .. ل ١٦)

لە (تاقانە)دا (عـــەزە) دڵداریەکان پێشێل دەکـــاو دەبێتە هۆی ناکامی ..

(لەبەر ئەوەی (عـــەزەو تۆفـــە) چونەتە بنکلیشەی باوکی دڵسەختەوەو لەخشتەیان بردوەو ڕێك کەوتوون لەســـەر ئەوەی تۆ بـــدەن بە (عەزە) ل ١٧)

لە (گرمەبڕ)دا (عـــەزە) پیاوکوژو جەردەیەو ســـەرەتـــا وا دەس پێدەکا ..

(عەزەجەمە) بۆ لای حاجی (ڕقیب نێررا .. ل ٢١)

بە پیاو کوشتنە کەشـــەوە داناکەونو دەیانەوێ هیـــچ سزایەکیش نەدرێ . .

(ـ جەنابی حاکم هەڤـــال (عەزیز) بە تۆمەتی کوشتنی حاجی (ڕقیب) گیـــراوە .. ئەبـــێ بۆمانی بەر بـــدەیت..

لـــە (تانە)شدا (عەزەجەمە) بێ ویژدانەو شان ناداتە بـــەر ئەو تاوانەی کردوێتی کـــە ئەویش دەس تێکەڵ کردنـــە لەگەڵ ژنی یەکێکی ترداو سك پڕبوونی ژنەکەیە ..

(وا دیارە دەمێکە لەگـــەڵ (عەزەجەمە)دا دەستی تێکەڵ کردووە ـ ئاڤرەت لە کامیانە؟!

ـ لە عەزەیە خویشـــــی ئەزانێ .

ـ عەزە منداڵەکەت بەرەوە.

ـ منداڵ .. ؟!

(عەزە سوور ئەزانێ لـــە خۆیەتی حاشای لێ ئەکـــات ل ٣٥)

هەروەها لە (پاشقزل)یشدا بەم جـــۆرە دەس پێدەکا .

(ئەبینم (عەزە) بـــەرز ئەڕوانێو خۆی بە پیاو ماقـــول لە قەڵەم ئەدا .. ل ٢٦)

سەرەڕای ئەمانە هەمـــووی کاتێ دەگەینە ســـــەر دوا نووسینی بە ناونیشـــانی (سەرسورمان) دەبینـــین

بڕوانە ل ـ ١٠ـ

بیسارانی و شـــەم و بەیان

عثمان محمد صالح

دڵی شاعیر پەروانەیـــە .. ئەمە ڕاستە .. لە هەمـــوو سەردەمێکا دڵی خاوەن هەستی ناسك وێڵی هەموو شـــتێکی جوانە .. جوانیی سەرچاوەی هەست ئەو پەڕی کار ئەکاتـــە ســـەر چـــۆشو خـــرۆشو لێکدانەوەو دەربڕینی شاعیر.. ئەمیش هیـــچ گومانی تیـــانییە .

هەڵسو کەوتی وشـــەکان لەسەر شانۆی پەڕە کاغەزەکان بەپێی کاری کانگای هەســـت ئەگۆڕێ .. بۆ ئەمەش بەڵـــگە هەزارەهایە .

بێ گومان بەشی زۆری چاوەیواتاو هەســـتو دەربڕین لـــە ڕوومەتو دەمو چاو دایـــە .. لە سەردەمانی ڕابوردووشـــا زۆرترین هۆنراوە ، بە تایبەتی بۆ ڕوومەتو ڕوخسار تەرخـــان کراوە .. شاعیرەکانیشمان سەرگەردانی ئـــــەو وردە کاریانە بوون کە وێنـــــەیڕوخساری دڵبەر ئـــەنوێنن .. بەڵێ ، ڕوومەتی دڵـــدارگوڵە .. پەپوولەش ئەکشـــێ بۆ لای گوڵ .. کەوابوو یـــارگوڵەو دڵی شاعیریـــــش پەروانەیە ، پەپوولەیە .

ئا ، با وردەکاریەکـــــەقوولتر بێ .. دڵی شـــــەیدا بێ ئارامە ، زۆرتر لە بێداریوشەونخوونیدا هێرش دێنـــێو تەپاو تل بە گیـــانو لـــــەش ئەخا ..

خۆ ئەگەر یار ســـــاردوبێمەیلو ئارەزوو بێ ، وا ئیتر قوڕی خەست گیراوەتەوە بـــۆتواوەی ئەوین .. کە واتـــــە هێرشو جونبوشی ئەوین لـــەشەوا ئەگاتە ئەو پەڕی ڕادەی گوشینی دڵی شەیدا ..

دڵی شەیدا پەروانەیـــە ، پەپوولەش بەرەو ڕووناکـــی ئەکشێو لەکانگایا خـــــۆی ئەسووتێنێ .. ئەی لە تاریکیی نیوەشەواو لە کونجی تاریکیی یانەی دڵا بێجگـــــە لە مۆمی خەیاڵی شاعیر چ ڕووناکـــیەك ئەگرێ .. بێ گومان لە کاتێکی وا سەختەتا هەمیشە ڕوخساری یار لە بەر چاوی دڵدارەو لـــــە ناخی خەیالیا جێگیـــــرە .. کەوابوو لە شەوەزەنگی دەردی دڵا ، دڵی شاعیر پەنا ئەباتـــــەبەر ڕووناکـــیی ڕوومەتـــی دڵبەری .. ئەی چۆن !.. دڵی شەیدا پەروانەیەو لە شـــــەوە زەنگی بەستیو دامـــــــاویو گیرۆدەییدا بە هیوای ئومێدەوە ڕوو ئەکاتە ڕووناکیی مـــــۆم(شـــــەم ـ شـــــەمع) ، وەك وتراوە :

« یارم شەمعەو خـــــۆم پەروانە » ..

(بیسارانی)ش کە یەکێکە لەشاعیرە بەرزەکانمان و بۆتـــــە قوربانیی ئەوین ، وشـــــەی(شەم)ی زۆر بەکار هێناوە. لە هۆنراوەی (شـــەوق شەم ـ ڕۆشنیی مۆم)دا ئەڵێ :

تا پەی پەروانە مەســـۆچێۆشـــەم

پەروای پەروانە هیـــچ نەمەبو کـــەم

(پەی : بۆ ـ مەســـوچێۆ : ئەسووتێ ـ نەمەبو : نابێ)

واتە : « هەر جەندە مـــۆم لە پێناوی پەروانەدا بسووتێو بگرێ ، هیچ لە باکو پـــەروای پەروانە کەم نابێتەوە .. »

سۆز شەم پەرەی پەروانـــە بێ شـــۆن
وەرنە پەروانەی بێ شـــەم سۆز چە کـــۆن !

(سۆز : ســـووتاندن .. پەرەی : بۆ .. بێ شـــۆن: چە کۆن : لە کوێیە)

واتە : « سۆزو گڕی مۆم لە پێناوی پەروانەدا بێ ئەندازەیە ئەگینا کەی بێ مـــۆم پەروانـــە دیارە ! » ..

لە هۆنراوەی (شـــیرین نیاوە ـ شیرین نایـــەوە) دا ئەڵێ :

هەر شەمێ کەسێش پـــەی سۆزان نەبو
با ئەو شەم هەرگیـــــز فرۆزان نەبو

(سۆزان : ســـووتاو .. فرۆزان : داگیرساو .. نەبو: نەبێ)

واتە : « هەر مۆمێ کـــەس بۆی نەسووتێ ، دەبا ئـــــەو مۆمە هەر بێ شەوقو کوژاوە بێ .. »

لە هۆنراوەی (شیرین بەزم وەی)دا ئەڵێ :

حەیو بەیو نەی پەیوەستەن وە هـــــەم
پێوە ڕەخشانەن وێنـــــەی شۆڵەی شـــەم

(حەی : مار ـ مەبەســـتی زولفەکانیەتی .. بەی : بەهێ ڕەخشانەن : بریسکەدارە ، شەوقدارە ..)

واتە : « زولفو مەمو بـــاڵا پەیوەستو تێـــك ئاڵاونو ئەبریسکێنەوە (بە وێنـــەی شەوقی مۆم ئەدرەوشێنەوە) .. »

وەك لەم هۆنراوانـــــەدا دەرکەوت واتای وشەی (شەم) (مۆم) ئەدا بە دەستەوە .

لە هۆنراوەی (شیرین شەرم نیەن)دا ، کە لە (هاوکاری) خۆشە ویستا ژمـــارە (٢٩٢) ١٤ـ١١ـ١٩٧٥ بڵاوم کردەوە، کە ئەڵێ :

کەسێ وێنەی تۆ شـــەم بـــو جەمینش
لازم پەروانان مەیـــــان وە دینش

(جەمین : ڕوخســـــار .. مەیان : دێن .. دینش: دیتنی، دیدەنی)

واتاکەی بـــەم جەشنەیـــە :

« جوانو نازداریکی وەك تۆ ، کە ڕوخسارت مۆمە ، بێ گومان پەپوولەو پەروانـــــە دێن بۆ دیدەنیو تەوافی ڕوومەتت . »

بەڵێ ، وشەی (شەم) لـــە شێوەی (گۆزان ـ هەورامی)دا بە واتای (نزار ـ نسێ)ش دێ ، بەڵام لەم هۆنراوەیـــەدا ئەك وەکو کاك (محمدانەمین هەورامانی) لە (هاوکـــاری) خۆشە ویستا ژمارە (٣٠١)دا بەم چەشنەی لێك داوەتەوە :

(شەم : واتای ئەو جێگایە ئەدات کە هەتاوی لێ نەکەوێ.

دینش : واتای (دینەوەی)و (هاودینی) دەدات .. واتـــای سەرباکی ئەم دێڕە بـــــەم جۆرەیە : جوانێکی وەك تـــۆ : ئەگەر دەمو چاوی نزارو بـــێو داپۆشرێو کەس نەبینـــێ ، پێویست بە پەپوولە دەکات کە بچێ بۆ دیدەنی لە هاودینـــی خۆی دەڕوێشی خـــۆی .. هاوکـــاری ژمـــارە ٣٠١ ـ١٩٧٦ـ١ـ٢٣ لاپەڕەی ئەدەبو ژیان .

بیسارانیو ڕووڕۆشـــی ئافرەت ..

چۆن ئەکرێ دەمو چـــاو (نزار ـ نسێ) بـــێ و لـــە بەرچی پەپوولە بچێتە سـەیری (نزار ـ ئەوشوێنەی هەتاوی لێ نەکەوێ !) یا ئەبێ هاودینی پەپوولە کێ بێو چی بـــێ .. باشە ئەی دەڕوێشی خـــۆی ـ پەپوولە ـ ئەبێ کێ بێ .. گومانیشی تیا نییە کە وشەی (دینش) لە واتای (هاودینی) زۆر بە دوورە .

لەم دێڕەشا :

ئێمەیچ پەروانەی شـــەم شناسانیم
پەڕو باڵ ســـفتەی دیـــن خاسانیم

(شەمشناس) بە واتـــای (نزار ناسین) نایـــەت ، وەك کاك (محمد ئەمین) بـــۆی چووە .. بەڵێ بە واتای (مۆم ناس و مۆم پەرست) هاتـــووە، هەر بەو پێو دانگە کە ئەڵێـــن (خواناس و خوا پەرست) ..

واتای ئەم دێڕەش بـــەم جەشنەیە : « ئێمەش پەروانەی مۆم پەرستینو بۆ دیتنـــی نازداری جوان پـــەڕو بـــاڵ ئەسووڕێتەوە ، لەناو تـــینو گڕیدا ئەتوێتەوە .. نـــەك (شەمشناسانیم)یە واتـــای (نزار ناسین) بێ و وایشـــی بۆ بڕۆین کە (پەروانە بەرەو نزارو نزار ناسا ئەکشـــێو پەڕو باڵی ئەسووتێ .. چونکە کە زاراوەی (نزار ناسین)بەر گوێ کەوت بەو جـــۆرەی سەرەوەش واتاکەی لێـــك مۆم)دا ئەسووڕێتەوە ، لەناو تینو گڕیدا ئەتوێتەوە .. ئەك (شەمشناسانیم)یە واتـــای (نزار ناسین) بێ و وایشـــی بۆ بڕۆین کە (پەروانە بەرەو نزارو نزار ناسا ئەکشـــێو ئەدرێتەوە .. خۆ گومانیشـــی تیا نییە کە شەوقی (مـــۆم ـ شەم) دەرکەوت هەرچـــی پەپوولەی گـــوڵو گـــوڵزارو نزارە بەرەو ڕووی ئەکشێ ..

لێرەدا ئەوەش ئەخەمەوە یاد کە ئەبوایە لەبـــــەر ئەمانەتو سپاردەی ئەدەبی کاك محمد ئەمـــــین (ئامازە ـ ئیشارەت)ی ســـــەرچاوەی هۆنراوەکەی بکردایە .. (وەلی دێوانە)ش یەکێکە لە شاعیرە زۆر بلیمەتەکانمان کە نزیکەی دوو سەد ساڵێك دوای بیسارانی گرفتـــاری دەردی ئەوین بووە .. سەوداو شۆڕی (شەم ـ شەمسە)بەو دەرەدەی برد تا ڕۆژگار کـــزە لە دڵی پێکراوانی ئـــــەو

بڕوانە ل ـ ١١ ـ

Institut Kurde de Paris

پیشانگای نۆزدەمینی

کۆمەلی پێشمەرگەکان

ئەو رووداوانەی پێشکەوتنی ولاتی تیا دەر ئەکەوێ زۆرە ٠٠ لەوانە بابەخدان بە هەمو جۆرە هونەرو هونەرمەندان ، ئەویش بە یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی پیشانگا بکەنەوە ، جا چ پیشانگای تایبەتی هونەرمەندێك بێت وە یان پیشانگای کۆمەڵێك لە هونەرمەندان بێت

٠٠ ئەم پیشانگایانەش بەردەوام لە هەمو لایەکی ولات ئەکرێتەوە ٠٠ دوا پیشانگا کە لەم ڕۆژانەدا کرایەوە پیشانگای کۆمەڵی (رواد) بوو کە لە ماوەی ٢٦-٣ تا ١-٤-٩٧٦ بەردەوام ئەبێت و ١٠ هونەرمەند بەشداری یان تیا کردوە کە اسماعیل الشیخلی و سوزان الشیخلی و عیسی حنا و غالب طاهر و غازی عزیز سعودی و خالد قصاب و نعمت محمود و وزیر الراوی و سامی حقی و محمد علی شاکر ٠٠ وە لە ١٠٠ تابلۆی زەیتی و سیرامیك و گرافیك بوونەتە پێنج هاتوە ٠

هەر هونەرمەندێك ناوەڕۆکی تابلۆکانی وەکو یەك بوون وە بەندیکیان ئەبێ لە ناوەڕۆکێك زیاتر تابلۆیان هەبو ، بۆ وێنە هونەرمەند (اسماعیل الشیخلی) بە جۆرێکی کشتی لە تابلۆکانی دا باسی سەردەمێکی ئەکرد ، کە هێشتا پێشکەوتن کاری لێ نەکردبوو وەك تابلۆی :

(بغدادیات و قەرەج و بیابان و لادێ) ٠٠ وە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین لە پیشانگاکەدا ئەوەبو کە سوزان الشیخلی لە هەمو بارێکی هونەری دا (رەنگ و باس و شێواز) شێوازی باوکی کاری لێ کردبو ، تەنانەت جیاوازیەکەی لەوەدا بو کە سوزان شێوەی (أفقی) بەکار ئەهێنێ هەرچی (اسماعیل الشیخلی) یە شێوەی (عمودی) بە کار ئەهێنێ ٠٠ بە نیسبەت هونەرمەند (خالد قصاب) ەوە ڕێبازی (انطباعی) کرتوە وە ڕەنگی تۆڕانی هونەرمەندی ئەرەنسایی بە ناوبانگ بەکار هێناوە ، بە سەتانیش بە گرێزەی باسەکانی پیشووی پیشکەوتوە هەرچەند لە (واقع) ی عیراق دررەو ژیان و جولانەوە لە تابلۆکانی دا بەدی ئاکرێن وەك تابلۆی (مظلە) ئەم قسەیەمان لە سەر تابلۆکانی هونەرمەند (نعمت محمود حکمت) ئەوترێ چونکە ئەویش ڕیابیکی کرێ بێ جولە لە تابلۆکانیدا دەر ئەخا

٠٠ هونەرمەند (عیسی حنا) تابلۆکانی شێوەی رەسمی هونەرکاری بەسەرا زاڵە وەك ئەوەی بە کامیرا رەسمی گرتبێ وەك (خیزانی لادێ) ٠

(وزیر الراوی) ئەندیشەی هونەراوەی لە تابلۆکاندا بەکار هێناوە ، بە لام (حسن عبدعلران) هەولی داوە باسی تابلۆکانی یەکتر ئەواو بکەن ٠

تابلۆکانی هونەرمەند (محمد علی شاکر) کە بۆسەتەرو گرافیك و زەیتی بون باسەکانی (واقعی) ترن و طابعی هەژاری و کەساسی مرۆڤ تیایاندا دەری ئەخست وەك تابلۆی (وحدە) و (غروب) وە هونەرێکی زۆری نواندوە لە دەرخستنی باکانی ڕەنگ ٠

شمە : ئامادەی کردوە

کەمال عەلی : وێنەی گرتوە

●

بەبۆنەی ڕۆژی خاکی زەوت کراوەوە

دڵمان لەگەڵتانە

ڕۆشن

ئەی شۆڕشگێران ، ئەی ئەوانەی بەخۆێنی ئالتان نیشتمانتان ئاودەنێن ، لەسەرایەرینتاندا ، لەکەوتن و هەستانەوەتاندا ، لە ئازاروسزای ئاو گرتوخانەو زیندانەکانتانا ، لەگەڵ هەموو کوللەیەکی تەقیونانا بەروی دوژمن و داگیرکەراندا ، بەروی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستاندا ٠٠ دڵمان لە گەڵتانە ٠٠

خوێنی ئێوەیە بەڵگەی تەواوی کۆڵنەدان ، ئازاری ئێوەیە نیشانەی سەرکەوتن و ڕۆژگارێکی بێ ئازاری پڕ دڵنیایی ، ڕق ئەستوری ئێوەیە هەمیشە مژدەی تەبەزین و کولنەدان دەدات بەکوبی ئەوجەماوەرەی پشتان بێدەبەستێت ، بێباکی ئێوەیە چرای ئاوات هەڵدەکات و ڕۆکاری دوژمن و داگیرکەران ئاریك تر دەکات و ملیان بەرەو ڕۆژی ئەمان بێدەنێت و ڕزگاکیان بەرەو کۆرژانەوە دەبات ئەمڕۆ لە خانی داگیرکراودا هەمو کەس ٠٠ هەموکەس ٠٠ منداڵ ٠٠ ژن پیر لاو لەورەو بچوك وەك بۆمبایەکی پیرۆز بەروی داگیرکەری زایونزما دەبێرنەتەوە ٠٠ ئەمڕۆ وەك ئالای سەربەرزمان هەڵدراون و بەڕێز دەستی و داگیرکردن دەڵین : نا ٠٠ هەزار نا ٠٠

با دوژمن هەمو کەرەسەیەکی تۆقاندن و ئازارو چاو ترسانی هەبێت ٠٠ با زیندانەکانی لەگەڵ ڕوی دۆزەخ قولتر و بەسامتربن ٠٠ بەڵام ئێوە بارەزنان بەرزگاری و تەبین و دارمانی دوژمن گەلێ تەورەترو فراوانترە ٠٠

دڵمان لەگەڵتانە ٠٠ گیانمان لەگەڵتانە ٠٠ شۆڕشگێرانی دنیاتان لەگەڵە ٠٠

ئەمڕۆ بۆ هەمو ئەو کەسانەی چاویان لە خۆبەدەستەوەدانە بە چاکی ڕون بۆتەوە ٠٠ کە گەل ٠٠ خواستی ئەل ٠٠ ڕزگاری گەل لە هەمو بەلینێکی خۆ بەدەستەوەدان و سەرشۆڕی گەورەترە وە تەنیا گەلە وەك دەیەویت دەتوانی چارەنوسی خۆی بنوسێت ٠٠

ئەی خاکی پیرۆز ٠٠ زایونیزمی چلکن ئەوەی لەباردانی یە وێنەو ڕوخسارت بشێوێنێ ٠٠ تا ڕۆڵەیەك مابێت ٠٠ ئامادەی ئەوەبێت خۆیت بۆ بەکوشت بدات ٠٠ تا ئەوەی لەباردابێت بەدوژمن وداگیرکەرن بڵێ ٠٠ نا ٠٠

هەموانت لەگەلین ودڵمان و خۆشەویستیمانت لە گەلە

پیشانگای چالاکی هونەری لە دهۆك

پەیامنێری (هاوکاری) لە دهۆك :

لە سەرەتای ئەم مانگەدا پیشانگای چالاکی هونەری لە پارێزگای دهۆك کرایەوە ، کە هەموو قوتابخانەکانی دهۆك بە بەرهەمی هونەری خۆیان بەشداریان تیا کردبو ، لە پیشانگاکەداجاومان کەوت بە مامۆستا (بەکر کوفلی) چاودێر کاری پیشانگاکەو پێی ڕاگەیاندین : کە پیشانگای ئەمسال گەلی لەوی بار دراوان ترە ، ئەوەی شایەنی باسە قوتابخانەی (برایەتی) خەلاتی یەکەمی پیشانگاکەی وەرگرت چونکە بەرهەمە هونەریەکانی سەرکەوتو بون ٠ ژمارەیەکی زۆر لە سەیرکەران پیشانگاکەیان بینی و پێی شادمان بون ٠

لەم پیشانگایەدا زۆر بەرهەمی هونەری بە نرخی قوتابخانەکان پیشان دران ٠

لەگەڵ « عەلی عەزیزی » هونەرمەند

بەر لەوەی چاوم پێی بکەوێ گەلێك جار گوێم لە دەنگە بەسۆزەکەی بوە ، لە شوێنێکدا (لە مالی برادەرێکم) هەردوکمان پێکەوە بوین بە میوانی کەمانەکەی ، گورانیەکی تازەی تومار کردبو ، کە گوریم لێ گرت زۆر دلگیر بوو ، وتی : گورانی هیندی زۆر کارم تێ ئەکات ٠٠ مامۆستا ئەنوەر مامۆستای موسیقا زۆر هانی دام ، ئەوەندەی کە لە هونەر شارەزام ئەنجامی دلسۆزی ئەو مامۆستایە ٠٠

● جگە لە گۆرانی وتن شارەزوی ترت چیە ؟

— حەز بە موسیقا ئەکەم ، زیاتر لە گۆرانی بۆی بە بەرۆشم ، کردومە بە هیوای دوارۆژو ئەنجامی پیشەی هونەریم ٠

● ئەی ئاوازە کانت

— زوربەی ئاوازەکانم لە دەروونی خۆمەوە هەڵقوڵاون ، کورپەی ساوای بارەشی هونەری خۆمن ٠

● هونەرمەند بە لای تۆزە کێیە ؟

— خاوەنی هونەرێکی ڕاستەقینەو داهینانێکی هونەری بێ ، مەبەستمان لەو مرۆڤەیە لەناو قۆڵایی هونەرمەکەیەوە ڕاستی دەر ئەبڕێ و هەر بۆ ڕاستی تێ ئەکوشێ ٠٠

(لەوکاتەدا پارچە مۆسیقایەکی (سولاف) ی بۆ لیدام ٠٠ زۆر کاری تێ کردم) ٠٠

● هونەرمەند چۆن سەرنج ئەداتە هونەری یەکێکی تر ٠٠

— هەندێك لە سنورێکی تەسکەوە سەرنج ئەدەن ، لە

بڕوانە ل ١١

چاپکراوی نوێ

فەرهەنگی زانیاری

فەرهەنگی زانیاری

ئەم هەفتەیەدا ، چاپکراوێکی نوێ ئەکەوێتە بازارەوە ، کە بریتی یە لە (فەرهەنگی زانیاری وێنەدار) لە بەرهەمی مامۆستا کەمال جەلال غەریب ٠ ئەم فەرهەنگە بریتی یە لە کۆمەڵێك وشەو زاراوەی زانیاری لەبابەت گیاناسی ، ڕوەك و ئامرازەکان و فیزیاو کیمیا و ئەستێرەوانی ٠ لەسەر ئەرلی (دەزگای هاوکاری چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی - وەزارەتی ڕاگەیاندن) چاپ کراوە ٠

(فەرهەنگی زانیاری وێنەدار) بریتی یە لە (١٠٢) لاپەڕەی قەوارە گەورەو بە بەرگێکی ڕیك و پێك و چاپێکی جوان کە هەریەکی لە وشەکان وێنەیەکی لەگەڵدایەو بەسێ زمانی زینەدو (عەرەبی ، ئینگلیزی ، کوردی) ٠

نرخی (فەرهەنگی زانیاری وێنەدار) ٥٠٠ فلسەو بوونی لە کتیبخانەی هەموو خوێندەوارێکدا ، پێویستە ٠

پەروەردەو زانست

ژمارە (١٠) ی گۆڤاری پەروەردەو زانست کە گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانستی یەو بەریوەبەریتی گشتی خوێندنی کوردی دەری ئەکات کەوتە بازارەوە ٠ لەم ژمارەیەدا ، چەندان باسی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری بڵاو کراوەتەوە ٠ بێجگە لە دەسکەوتەو ئیشو کارەکانی بەریوەبەریتی گشتی خوێندنی کوردی و بەشە عەرەبی یەکەیشی بریتی یە لە چەند باسێکی پەروەردەیی ٠

گۆشەی منداڵان

چرپەیەکی بە سۆز

بەختیار قوتابیەکی زەرشت بەرزو زیرەك بو ، بێ دواکەوتن ئەرکەکانی قوتابخانەی جێبەجێ ئەکرد ٠٠

ڕۆژێکیان بۆ دابەشکردنی جل و بەرگ بەسەر قوتابیە هەژارەکاندا بە پۆلەکانا کەڕام کە ناو نوسی ئەو قوتابیە هەژارانە بکەم کە باوکیان لە هەمو ڕوبەکەوە هەژارن و دەرامەتیان کەمە ٠٠ ڕیم کەوتە پۆلەکەی بەختیارو توشم بوو بە توشیەوە ٠٠

● باوکت چی ئەکات ؟

— حەمالە

● لە کوێ

— لەناو بازار

● خانوی خۆتان هەیە ؟

— نەخێر ، زورێکمان کرتوە

● بۆ هەڵناسی دانای جل و بەرگ بکەی ؟

— ئەکو لەمن هەژار تر لە ناو برا قوتابیەکانمدا هەبێ ٠٠ (ئەم هەڵوێستەی بەختیار زۆر کاری تێ کردم) ٠٠

سالی خوێندن کۆتایی هات و هەر قوتابیەك مانی ڕەنج و کۆششی خۆی وەرگرت ، پاداشمان بەسەر قوتابیاندا دابەش کرد ، بەختیاریش چونکە زیرەك بوو ، پاداشی خۆی وەرگرت ٠

سالی تازە چەند ڕۆژێك تێپەڕی بەختیار نەهاتەوە بۆ قوتابخانە ڕۆژێکیان لەناکاو دیم ٠٠

● وادیارە تازە ئەتەوێ دەرامی قوتابخانە بکەیتەوە ٠

— ئەمسال ناتوانم بخوێنم چونکە دوچاری تاڵ ڕاك بوم و پێویستم بە ئیسراحەت هەیە ٠

● ئەی ئەم سەردانەت لاچی بو ؟

— حەزم کرد چاوم بە ماڵەکانم بکەوێ ٠

● ئەی ئەخۆشیەکەت زۆر مارینەو زیە وازی لە قوتابخانە هەهینە ٠٠

— ئەخۆشیەکەشم بۆتە سەرباری هەژاری و دەسکورتیمان ٠٠

(ماوەیەکی پێ چوو بە یانیەك لەناکاو یەکێك لە مامۆستایانی هاورێم لە هۆڵی قوتابخانەکەدا پێم کەیشت و) ٠٠

● ئەزانی بەختیار مرد !!

(بە بیستنی وشەی (مرد) تەزویەکی کارەبایی هەمو لەشمی داهەژاند ٠٠) ٠٠

— مرد ؟!

● بەلێ مرد ٠٠

ئەو ڕۆژە هەر قوتابی بو ئەهاتنە لامو بە چرپەیەکی بەسۆزەوە ئەیان وت !

— بەختیار مرد !! بەلێ مرد !!٠٠ مرد ٠٠

عومەر حەسەن

ئەم منالە بناسە

کچۆلەیەکی جوان ، ئێسك سووك ، قسەخۆش ، پێکەنینێکی ناسك ٠ هەرچاوت پێی بکەوێ حەزدەکەی بیدوێنی ٠ ئای کە ڕووخۆش و نەشمیلانەیە سۆیبەخان ٠

هێشتا نەچوو بووە قوتابخانە ٠٠ کە باسی قوتابخانەمان بۆ دەکرد ٠ بەزمانە شیرین و ناسکەکەی خۆی دەی ووت :

— ئا ٠٠ ئەرێ والله ئەچمە مەکتەب ٠

ئەوەی سۆیبەخان ببینێ خۆشی دەوێ ٠٠ هێندە لەسەرخۆیە ٠٠ ووردبینە ٠٠ زۆر بە وردی قسە دەکا ٠٠ تان دەخوا ٠٠ ئاو دەخواتەوە ٠٠ زۆر هێمن و دڵتەڕە لەهەڵس و کەوتیا ٠٠ هێندەش حەزی لە قسەی خۆش و گفتوگۆی وورده زۆر ناسکانەو دڵپاکانە بیر دەکاتەوەو پێی دەکەنێ ٠

سۆیبەخان زیرەکە ٠٠ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە گوندێکی کوردستانی جواندا بە (دارا دوو داری دی ٠٠ دۆی) دەستی بە خوێندن کردوە وەکو منالانی تر ٠ کە دەچوومە لای هەر کوڵو هەر شتێکی جوانی شك ببردایە بۆی دەهێنامو پێشانی دەدام کتێبەکانی دەهێناو ئەوەی خوێندویانە بۆمی دەخوێندەوە ٠

مارف عمر بەرزنجی

× ×

جوان سەلام — بەهزاد حمە صالح — هەڵۆ ناکام — ئاسۆ زەجم — پەری محەمەد — کاوە حمە صالح — ئومید کەمال — جەبار محەمەد

بەکتری ئەمن

گۆشەی فەلسەفە ـ پاشماوە

ئادەمیزادو نموونە بەرزەکەی لەیەکتری‌ئەچن کەوابوو ئەبێ لە ئادەمیزادی ئاسایی‌و نموونە بەرزەکەی نموونەیەکی بەرزی‌تر پێك‌بێت‌و لەئێوان دوو نموونە بەرزەکەو ئادەمیزادە ئاساییەکەدا کە لەیەکتری‌ئەچن دیسانەوە ئەبێ نموونەی بەرزی سێیەم پێك‌بێت‌و بەم جۆرە ... هتد .

لەو رەخنانەی ئەرستۆ لە ئەفلاتونی ئەکەرێت ، بەبەستی ئەوەیە ساغی بکاتەوە کە (کلیات) یاخود نموونەی بەرز لەدەرەوەی (جزئی)دا نیە ، بەڵکو لەناو جزئیەکاندا هەیە . وە ناوە گشتی‌یەکان دەڵالەت لەشتی (کلی) ئەکەن‌و لەسەر شێوەی تاکە شت‌و تاکە کەسان دەن . وە ئەو مانا گشتی‌یانە (ممیزات)و خاسی‌یەتی تاکە کەسانزو عەقڵ دروستی‌ئەکردوون . بگرە هەن‌و بوونێکی بابەتی‌ی (موضوع)ی‌یان هەیەو بریتین لەچەند (یەکی هاوبەش کە لە زمارەیەکی زۆری تاکەشت‌و تاکەکەسانی لەیەکتری‌چوودا هەن . ئەگەر بڵێین (جوانی‌ی) بوونێکی سەربەخۆو جیاوازی هەیە ... ئەرستۆ بەپێچەوانەی ئەفلاتونەوە ئەڵێ : ئەم جوانی‌یە هەیە بەڵام لەجیهانی ئێمەدایەو لەشتە جوانەکە جیاناکرێتەوە ... ئەم جوانی‌یە بریتی‌یە لە (صفە)ی هاوبەش لەنێوان چەند جوانێکی جزئی‌داو وەکو سەربەخۆو جیاوازیش لەجیهانی (معقول)دا هیچ جۆرە بوونێکی نی‌یەو نابێت .

ب ـ هەیۆلاو فۆرم :

ئەبێ سەرچاوەو هەوێنی بوون چی‌بێت ؟! ئەو شتانەی کە ئێستاکە هەن لەچی‌یەوەو چۆن دروستبوون ؟! ئەو کەرەسەیەی هەوێنی دروست بوونی شت کۆنە یاخود تازەیە ؟!

ئەرستۆ لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا قسەی ئەیلەسوفەکانی پێش خۆی هەڵئەسەنگێنێ‌و تەتەڵەئەکات‌و ئەڵێ : ئاگونجێ (ئاو ، هەوا ، ئاگر ، گل) یاخود (گەرم ، سارد ، وشك ، تەڕ) هەوێن‌و سەرچاوەی بوون بن‌و شتیان لێوە دروست‌بووبێ ... چونکە ئەگەر کێشەکە بەم پێیەبوایە واتە کەرەسەیەك لەم کەرەسانە شتیان لێوە دروست‌بووبێ .. ئەبوو جیاوازی لەنێوان هیچ شتێك‌دا نەبووایە کە ئێستاکە هەن‌و جیاوازن ... کەبوونیش لەدوای نەبوونە هاتۆتە کایەوە ، ئەوا ئەمە جۆرە گۆڕانێکە ، ئەم گۆڕانەش پێویستی بە سێ لایەن هەیە :

- بابەتێك گۆڕانەکەی تیادا روونەدات .
- ئەو بابەتەش لەخۆی‌دا دیاری‌نەکراوبێ .
- دەستنیشان‌کردنی ئەم بابەتە دوای‌ئەوەی دیاری‌نەکراوو بوو .

یەکەمیان هەیۆلا یاخود (کەم کەرەسەیە) ، دووەم نابوونە (العدم) . سێ‌یەمیش فۆرم واتە وێنەکەیەتی . کەوابوو هەموو شتێك لە کەرەسەیەکی دیاری‌نەکراوو روخسارێك واتە (هەیۆلاو فۆرم) پێك هاتووەو دروستبووە . چۆن‌و لەبەرچی ؟!

ئەرستۆ نموونەی بەیەکەر ئەهێنێتەوەو ئەڵێ : مەرمەرمان لەبەردەستدایە وەك مادەو کەرەسەی خاو هونەرمەندێك لەو مەرمەرە پەیکەرێك دروست ئەکات ... مەرمەرەکە هەیۆلایەو پەیکەرەکە واتە دوا روخسارەکەی فۆرمەکەیەتی ... دەربارەی پەیوەندی هەیۆلاو فۆرم بەلای ئەرستۆوە (هەیۆلاو فۆرم بەیەکەوەن‌و لەواقیعدا لەیەکتری جیاناکرێنەوە ، بەڵام لەبیرو مێشك‌دا جیانەبنەوە .. چونکە لەم جیهانەدا هەیۆلا بەبێ فۆرم نەبوونی‌روونە) ... هەروەها ئەگونجێ فۆرمی یەکەم ، هەیۆلای فۆرمێکی تربێت ... چۆن ؟ ئەو مەرمەرەی ئێمە پەیکەرمان لێ دروست‌کردووە وەکو مەرمەر هەیۆلاو فۆرمی هەبووە ... فۆرمەکەی روخساری مادەی مەرمەرەکەبووە ... وە کە ئێمە پەیکەرمان لەو مەرمەرە دروست‌کرد فۆرمێکی ترمان بەبەردا‌کرد کە فۆرمی پەیکەرەکە بوو . کەوابوو فۆرمی مەرمەرەکە هەیۆلای فۆرمێ پەیکەرەکە بووە ... لەم گۆڕانەیەوە گێشەیەکی تر دێتە پێشەوەو ئەرستۆ دانایانە چارەسەری ئەکات ئەویش کێشەی :

- قوە : Potentiality .
- فعل : Actuality .

ئەو بوونو شتانەی لەجیهان‌دا هەن دوو جۆرن ، بەشێکیان کەرەسەی خاون‌و ئامادەیی‌و توانایان هەیە بین بەشت ... کەی ئەبن بەشت ؟! ئەوکاتەی وێنەو فۆرمی ئەو بوونەیان وەرگرت ئەبن بەشت ... چۆن ؟! دەنگە بەڕو وەك تۆوێك ئامادەیی‌و توانای هەیە ببێ بە دارەبەڕوو ئەگەر دۆخو باری خۆی بۆ هەڵکەوت .. کەوابوو ئەتوانین بڵێین ، ئەو دەنگەبەڕوە دارەبەڕوە بە (قوە)و دارەبەروەکەش ، دارەبەروو بە فعل (هەروەکو ئەرستۆ ئەڵێ) . وانە فۆرم حالەتی فعلە چونکە ئەو بوونەی لەحالی قوەدایە ئەکات بەبوونی کامل کە فعلی پێ‌ئەوترێ ... وە هەیۆلا سەبارەت بەفۆرمەکەی وەکو قوە وایە بەرامبەر بە فعل . ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە ئەپرسێ : بوون لەچی‌یەوە هاتووە ؟ ئەرستۆ ئەڵێ : بوون لەبوون‌و نابوونەوە ئەهاتووە ، بەڵکو بوونی ئەواو (فعل) لەبوونی خاوو ناکامل (قوە)وە هاتووە ... دروست‌بوونی هەموشتێك Coming to be کونزرانەوەی مادەیە کە ئەنیا نامادەبوون‌و توانا (قوە)یە بۆ وەرگرتنی فورمێك‌و جێگیربوونی ئەو وێنەیە لەمادەکەدا (فعل) ... لیرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ... ئەگەر دارتاش وێنەی کورسی لە مێشك‌دا نەبێت ئەتوانی کورسی دروست بکات ؟! کەوابوو فعل یان قوە لەپێشەوە دێن ؟!

بەلای ئەرستۆی دەریا عیلمەوە بوون لەحالی فعل‌دا لە تعریف‌و بابەخو کات‌دا لەپێش بوون لەحالەتی قوەدا دێت چونکە « بوون لەحالەتی فعل‌دا لەبوونێکی ئەوەوە هاتۆتە کایەوە کە لە حالەتی قوەدا بووە » بەڵام چ لایەنێك ئەم بوونەی هێناوەتە کایەوە ؟! بێ‌گومان بوونێك ئەمەی کردوە کە خۆی لەحالەتی فعل‌دا بووە ، ئادەمیزاد لە ئادەمیزادو(٨) ئاژەل ، لەئاژەلەوە بەیدا ئەبن ... « هەمیشە بزوێنەری یەکەم هەیەو ئەم بزوێنەرەش لە حالەتی فعل‌دایە » ... هەروەها کورسیش ، لەکورسی‌تر دروست نابێت ... بەڵکو دارتاشێك دروستی‌ئەکات کە فۆرمی کورسی‌یەکەی لەمێشك دایە .

ح ـ ئیلاهی‌یات :

ئەرستۆ بایەخێکی زۆری بەم لقەی فەلسەفەکەی داوەو تیایدا باسی ئافەریدەکار (الخالق) ئەکات کە ئەو بە (بزوێنەری یەکەم) یاخود (بەو بزوێنەرەی کە خۆی ناجوڵێتەوەی) دائەنێ .. چەند بەڵگەو نیشانێك ئەهێنێتەوە دەربارەی ساغ‌کردنەوەی بوونی ئەو یەکەم بزوێنەرە Prime Mover .... بەلای ئەرستۆوە سێ جۆرە جەوهەر هەیە کە بەم شێوەیەن :

- ئەو جەوهەرانەی هەست دەرکیان پێ‌ئەبات‌و لەناو ئەچن (ئەبات‌و ئاژەڵ) .
- ئەو جەوهەرانەی هەست دەرکیان پێ‌ئەبات بەڵام لەناوناچن (ئەستێرەکانی ئاسمان) .
- ئەو جەوهەرانەی هەست دەرکیان پێ‌ئەبات‌و لەناوچن(٩) (خوا ، ئەفسی عاقل لەئامیزاد) ...

دوای ئەم سەرەتایە ئەرستۆی دەریا عیلم ئەڵێ : کەوابوو ئەبێ ساغی‌بکەینەوە کەوهەرێکی هەمیشەیی ناجوڵاوە هەیە ... « جەوهەرەکان سەرەتاو بنچینەی بوونەکانن ... ئەگەر ئەو جەوهەرانە لەناوچووبانایە ئەوا هەموو بوونەکان لەناوچووئەبوون » .. بەڵام بزوێنەوەی بازنەیی‌و کات (الزمن) هەرەکۆنن‌و لەناوناچن‌و هەرئەمێننەوە ... بزوێنەوەش صفەتی جەوهەرەو کاتیش پێوەری (مقیاس) بزوێنەوەیە .. لەبەرئەمە جەوهەری هەمیشەیی ناجوڵاوە هەیە(١٠) ...

بەڵگەیەکی تری بەهێزی ئەرستۆ لەم بارەیەوە بەندە بەکات‌و بزوێنەوەوە ... بەڵگەکەش بەم شێوەیەیە : کات نە سەرەتای هەیەو نەکۆتایی ... چونکە هەر ساتێکی ئەو کاتە پێش‌و پاشی هەیە(١١) کە رابوردوو ئێستاو پاشەڕۆژ بەیەکەوە ئەبەستێتەوە .. کەوابوو کات لەهەرە کۆنەوە هەبووەو هەر ئەشمێنێتەوە ... کاتیش پێوەری بزوێنەوەیە کە ئەو کۆن بێ ئەبی ئەمیش کۆن بێت ... لیرەوە ئەگەینە ئەو راددەیەی بڵێین :

« هەموو جوڵاوەیەك بزوێنەرێکی هەیە . چونکە ئەبێ شتێك هەبێ بیجوڵێنێتەوە .. ئەو بزوێنەرەش بەشێوی بزوێنەرێکی ترەوە ئەجوڵێتەوەو زنجیرەکەش هەروا بۆ ناکات‌و ئەگاتە بزوێنەرێك کەهەموو شتێك ئەجوڵێنێتەوەو خۆی نابزوێ ... ئەویش یەکەم بزوێنەرە »(١٢) ..

ئەم یەکەم بزوێنەرە چۆنە ؟ پەیوەندی بەجیهانی ئێمەوە چی‌یە ؟ ئەگەر خۆی لەمادە پێك‌نەهاتووەو ئەنیا فۆرمی رووتەو لەحالەتی فعل‌دایە چۆن ئەتوانی جیهانی مادی ئێمە بجوڵێنێتەوە ؟!

بەلای ئەرستۆوە یەکەم بزوێنەر لاشە (جسم) نی‌یەو لەمادەوە دوورە ، چونکە مادە لەحالەتی قوەدایەو ئەگۆڕێ .. ئێمە جەوهەری هەمیشەیمان مەبەستە کە لەحالەتی فعل دابێ‌و ئەگەر مادە پوایە ئەیئەتوانی لە کۆنەوەو هەتاهەتایە شت بجوڵێنێتەوە ... ئەو یەکەم بزوێنەرە لە (محیط)ی جیهان‌دا نارامی‌ئەتووە . کوێ بەهیچ شتێك نادات‌و ئاگای لەهیچ نی‌یە ... ئەنیا بوونی خۆی بابەتی بیرگردنەوەی خۆیەتی‌و بیر لە هیچی تر ناکاتەوە ... لەبەر ئەوەی بیبر ژیانە ، بۆیە یەکەم بزوێنەر ژیانی رووتەو هەر هەبووەو هەر ئەمێنێ‌و لەهەموو بوونێکی تر بەرزترە . بەپوەندیشی لەگەڵ جیهانی ئێمەدا وەکو پەیوەندی نێوان شەیداو ئەوشتەی شەیدای ئەبێ وایە بزوێنەری یەکەم بوون‌و کاملی‌ی رووتە بۆیە بەتەنگ جیهانەوە نی‌یە .. بەشێوەی سەرنجراکێشان هەردوون ئەجوڵێنێتەوە ... چۆن‌و بۆ ؟ چونکە کەردوون ئەگۆڕێ‌و کەموکوڕی‌ی تیدایە .. ئەم گۆڕانەو ئەکاملی‌یەی وای لێ‌ئەکات لە ئەگۆڕان‌و کاملی‌ی نزیك‌بێتەوەو شەیدای‌ببێ‌و وەك ئەو بژیاو لەو بچێ‌و لاسایی بکاتەوە ئەم دوو خاسی‌یەتەش (ئەگۆڕان‌و کاملی‌ی) هی بزوێنەری یەکەمن .. جابۆیە جیهان‌و کەردوون ئەجوڵێنێتەوەو یەکەم بزوێنەر رایان‌ئەکێشێ .. ئەمەش ئەهێنی‌و هۆی جوڵانەوەی کەردوونە کە مەبەست (غائی) یەناشکرا تیادا دیارە ...

سەرچاوەو پەراوێز

(١) سارتون ، جورج : تاريخ العلم ، ترجمة ابراهيم بيومي مدكور ولفيف من العلماء ، دار المعارف بمصر ، القاهرة ـ ١٩٦١ ، ج ٤ ص ١٩٠ .

(٢) مطر ، الدكتورة أميرة حلمي : الفلسفة عند اليونان ، دار النهضة العربية ، القاهرة ـ ١٩٧٤ ص ٢٦٥ .

(٣) فارنر ، شارل : الفلسفة اليونانية . ترجمة تيسير شيخ الارض ، دار الانوار ، بيروت ١٩٦٨ ص ١٣٣ .

(٤) بيرز ، دي. اف : طبيعة الميتافيزيقا . ترجمة د. كريم متي . مطبعة الارشاد ، بغداد ١٩٦٨ ص ٥ .

(٥) كرم ، يوسف : تاريخ الفلسفة اليونانية ، لجنة التاليف والترجمة والنشر ، القاهرة ـ ١٩٧٠ ط ٥ ص ١٧٤ .

(٦) متي ، الدكتور كريم : الفلسفة اليونانية ، مطبعة الارشاد ، بغداد ١٩٧١ ص ١٨٦ .

(٧) رسل ، برتراند : تاريخ الفلسفة العربية . ترجمة الدكتور زكي نجيب محمود ، لجنة التاليف والترجمة والنشر ، القاهرة ـ ١٩٦٧ ك ١ ط ٢ ص ٢٦١ .

(٨) الموسوعة الفلسفية المختصرة : ترجمة فؤاد كامل وجماعته ... مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة ـ ١٩٦٣ . ص ٣٥ .

(٩) رسل ، برتراند : تاريخ الفلسفة الغربية .. ك ١ ص ٢٧٠ ..

(١٠) كرم ، يوسف : تاريخ الفلسفة اليونانية .. ص ١٧٨ .

(١١) مطر ، الدكتورة أميرة حلمي : الفلسفه عند اليونان .... ص ٢٨٠ .

(١٢) متي ، الدكتور كريم : الفلسفة اليونانية .. ص ٢١٢ .

مەسەلەی دنیا ـ پاشماوە

رتی کانیی قوربان مونتەزیری جیلوەی نازە .

پرسیار :

سەبارەت ژیان‌و دنیا جاروبارە گلەییت ، کردووەو وتووتە کە هیچ‌و پووچە ، ئەمەت بەچە بیرئکەوە وتووە ؟

وەڵام :

ئەمە لە قسەیی خەڵکەوە وتوومە ،جاو ئی‌گەرییی . ئەگینا دونیا هیچ‌و پووچ نییە . بەشەر خۆی هیچ‌و پووچە . دونیا هەر رۆژەو شەو ئەبێتەوە .

پرسیار :

دەتووانن خۆشترین غەزەلی خۆتمان بۆ بڵێی ؟

وەڵام :

لەشاخ‌و کێوی دەردو مەینەتا فەرهادی بێ‌حاڵم
لە دەشت‌و چۆڵ‌و هەردەی وەحشەتا مەجنوونی عەدواڵم
خەت‌و مەت بەشمە لام ، چیمە لە دەرسی قاڵ‌و نەحوو صەرف
خەریکی مەشقی ئەشق‌و خویندنی دەرسی خەت‌و خاڵم
لەهەشتا تێپەریم‌و وا ئەزانن پیرو داماوم
لەسایەیی ئەشقەوە وا تازە مەشغولی گرۆکەلم
کە لە خزمەتی مەرەخەس بووین ، کامیرەمانەکە بەگەرمەوە لێی پرسیم :

ـ ئەم شاعیرە کێیە ؟

گوتم :

ـ عەلی کەمال کوڕی بابیر آغا ، کوڕی چراغ کوڕی جوامیر آغا کە یەکێ بووە لە سەرەك عەشیرەتی ـ سمایيل عوزیری ـ بەڵام خۆی مەشهوورە بە « کەمالی »(٢) .

ئاگاداریی :

١ ـ هەرچی گفت‌وگۆیێکی ـ نووسراو ـ دەبینن وەکو ـ تۆمار کراوەکە ـ وایەو بۆ راستییش وامان کردووە . تەنانەت شعرەکانیش .

٢ ـ فیلمەکە ـ هێشتا ـ ماوەو ـ دەنگەکەی ـ نەخراوەتە سەرو ـ هێشتا ـ کەسیش نەیدییوە . ئەوە هەیە نافەوتێ !

٣ ـ دییدەنیی ـ یەکەم ـ لە لێ‌کۆڵینێکی داهاتوودا باسی لێ دەکرێت !

سەردانی پرۆژەی (پاشماوە)

هاشم عەقراوی سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی لە جیاتی مامۆستا عزة مصطفی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش‌و وەزیری تەندروستی پێشێ عیادەی میللی کردەوە .. دوای ئەوە وەفدەکە چونە دیدەنی نەخۆشخانەو کۆرە تەندروستیکانی پارێزگاکە .

دوایی وەفدەکە چونە دیدەنی پارێزگای دهۆك لەوێ دەزگا تەندروستیکانیان بەسەر کردوە کە ئەویش بریتی‌یە لە نەخۆشخانەی کوماری‌و تاقیگای تەندروستی گشتی‌ی‌و عیادە میللی‌یەکان .. دکتۆر مظفر یونس الحسینی کۆنگرەیەکی لەگەڵ رۆژنامە نوسەکان‌دا پێکهێنا ، لە کۆنگرەکەدا رۆڵی دەزگا تەندروستیکانی رون کردەوە لە خزمەت گوزاریدا بۆ جەماوەری پارێزگای دهۆك ، هەروەها باسی ئەو پرۆژە تەندوستیا ئەشی کرد کە حکومەتی شۆرش بەرەودوا لە پارێزگاکەدا جێ‌بەجێیان دەکات .

بەردی دڵی ـ پاشماوە

ئەبێ رزگارو خەباتیان بە نیوە مردویی لە چنگ ئاگر رزگار ئەکەن ، و ئەیان گەیننە ئەخۆشخانە .. هەرچی جۆنێك ئەبێ ئاگر ئەکوژێننەوە بەڵام رووناك‌و رزگاری کوڕی ئەبن بە قوربانی علادینەکەیان ژانی گەرەك‌ودەرو دراوسێ لە مالی بووە رەحمە تاوێکی باش بۆ مردووی خۆیان‌و رووناك‌و رزگارو شاسواری مێردی ئەگرین‌و ئەلاوێنەوە تا کۆڕی ژنان فراوانتر ئەبێ کۆڵی گریانیان ساردتر ئەبێتەوە .. تەعزیەو شیوەن خۆیان ئەگۆڕن بە باسی ژن هێنانی فلان‌و شووکردنی فیسار و جل‌و بەرگی جوان‌و گرانی‌و هەرزانی بازار .. هەر جار جاریکیش کە ژنێك خۆی ئەکرد بە ژوورا دەست‌و خواسەکانی ئەوانی پیشتر ئەبوو .

ئەمە بوو تەعزیەی ژنان .. بەڵام پیاوانی گەورەك‌وایان بە پەسەند زانی کە لەو کەوت دانیشتن بۆ ئافرەتێکی بی‌کەس‌و هەژار لەو رۆژە ساردو سەرمایەدا دروست نی‌یە .. لەبەر ئەوە تەعزیەی پیاوان بە پێویست نەزانرا . سەرەرای ئەوەی کە یەکێك لە رۆژنامەکانی شار بە شێوەیەکی زۆر بەسۆزو بە بەزەیی‌یانە لە سەر ئەم کارەساتەی نووسی‌و داوای یارمەتی دانی ئەو دوو منالە کڵۆڵەی لە خیرەومەنان و خێرخوایان‌و دەولەمەندو جانتا رەش بەدەستەکانی شار کرد .. کەچی لە بووره رەحمە بەو لاوە بەردی دڵی قاچی خۆی ئەشکان ئیتر کەسیان نەرم نەبوو کەسێك ئەویش مەسەلەکەی لە بیر نەهات بە دەنگی ئەو ئەچووەوەو تیکەڵ بە باس‌و داواکاری‌یەوە ..

بێسارانی‌و شەمە ـ پاشماوە

نازارە هەڵ ئەسێنێ .. ئەمیش بووە پەروانەو بێ ئەوەی بە کام بگا ، بە دەوری (شەم ـ مۆم)ی (شەم) دڵداریا ورده ورده توایەوە .. با گوێی لێ‌بگرین :

پەروانەی پەشێو سارای وێرانەم
عەبدال بەڕ گێڵ ، بێزار جە یانەم
(سارا : دەشت‌و دەر ـ سەحرا .. عەبدال : وێڵ : بەڕگێڵ :

چۆڵ‌گەرد .. یانە : ماڵ)
واتە : « پەروانەی پەشێوو سەرلێ شێواوی دەرو دەشت‌و وێرانەم ، وێڵ‌و دەربەدەری چۆلیم‌و لە کەس‌و ماڵ‌و ناوایی بێزارم .

دڵ پەروانەی شەوق شەم روخساریکم
پێکیای پەیکان دیدەی یاریکم
(پێکیا :پێکراو .. ، پەیکان: تیر ..)
وە سەر گەردت بام شای سپی شەمان
سەرگەردان تۆم دوور جە هامەمان
(سپی شەم : مۆمی زۆر بە شەوق ..)

ئەوەش لە یاد نەکەین کە سەرەتای زۆربەی هۆنراوەی هۆنەرەکانی شێوەی (گۆران ـ هەورامی) بە بڕگەیەك دەست پێ ئەکات ، لە نیوە دێری یەکەما دووبارەیەو لە کۆتایی‌ی نیوە دێری دووەمیشا دیسان دووبارە ئەکرێتەوە .. (وەلی دیوانە) ئەڵێ :

قیبلەم زوخال بو ، قیبلەم زوخال بو
یانەی باوانت بە کوێ زوخال بو
(زوخال : خەلووز .. بو : بێ ، ببێ ..)
ئەی دڵ وە سەنگ بای ، ئەی دڵ وە سەنگ بای
ئەی دیدە کۆر بای ، ئەی دڵ وە سەنگ بای
(سەنگ : بەرد .. بای : بی .. کۆر : کوێر ..)

زۆربەی سەرەتای هۆنراوەکانی (بێسارانی)ش هەر بەو جۆرەیە .. لە مەشا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ ئەم چەشنە سەرەتایە بۆ بین خواردنەوەو کەوتنە ڕێ‌یە ..

(بێسارانی) ئەڵێ :

چراخ قوربانەن ، چراخ قوربانەن
نیستە جەژن نۆ ، وادەی قوربانەن
(چراخ : چرا ـ مەبەستی نازادارەکەیەتی ..
ئینە : ئەمە ..
چراخم بەیان ، چراخم بەیان
کاتێ مەخێزی جە وەخت بەیان
(بەیان : بەرە بەیان ، شەبەق .. مەخێزی : هەڵئەستی ..)

واتە : « چرای من ، لە بەرەبەیانا کە لە خەو هەستای .. »

دوای ئەم دێرە ئەڵێ :

دەستم دامانت بنمانە بەیان
تا دیدەم وە سەیر بەیانت بەیان
(بنمانە :بنوێنە .. (بەیان)ی یەکەم : بە هێکان .. (بەیان)ی دووەم : بێن ..)

واتە : « دەستم بە دامێنت بە هێکانت بنوێنە تا سەیریان بکەم ..)

بەم جۆرەو لە چەندان هۆنراوەی ترا ، دەرئەکەوێ دەسەڵاتی (بێسارانی) لە وشەبازیدا لە ڕادە بەدەرەو چۆنی‌بوێ بەو چەشنە وشەکان ئەخاتە سەما ..

لێرەدا باس دێتە سەر هۆنراوەی (جە بەیانەوە) .. کاك (محمد ئەمین) دێری یەکەمی بەم جۆرە نووسیوە :

جەو بەیانەوە ، جەو بەیانەوە
حاڵێ پێم یاوان جەو بەیانەوە

وشەی (بەیان) یشی بە دوو جۆر لێك داوەتەوە (بەیانی)و (بەهێ) ..واتای دێڕە کەشی وا لێك داوەتەوە :

« هەر لە بەیانی‌یەوە لە خۆشی ئەو جووتە مەمکانە کە وەك بەهێ وان حاڵێکم پێ هاتووە .. »

لەهەموو ئەو دەسنووسانەدا کە بەر دەستم کەوتوون‌و کۆنترینیان (١٨٠) سەدو هەشتا ساڵێك لەمەو بەر نووسراوەتەوەو لە مامۆستای پایە بەرز (شێخ محمدی خال)م وەرگرت ، ئەم دێرە بەم چەشنە نووسراوە :

جە بەیانەوە ، جەو بەیانەوە
حاڵێ پێم یاوان جە بەیانەوە

لە هەندێ دەسنووسا لە جێی پیتی (جە) پیتی (ژ) ش نووسراوە ، هەردووکیشیان هەر بە واتای (لە) دێن ...

لەم دێرەشا هەرسێ وشەی (بەیان) هەر بە هەمان واتای وشەی (بەیان)ی سۆرانی دێ ..

واتە : « لە بەرە بەیانا حاڵێکم بە سەر هاتووە ... »

جا ئەو حاڵە ئەبێ چ حاڵو جەستەیەك بێ‌و لە چی‌یەوە بەسەر (بێسارانی) هاتبێ :

حاڵێ دیم جە بەین دوو بەیانەوە
مەدرەوشو چوون نەجم وە بەیانەوە
(دوو بەیان : دوو بە هێ ـ مەم .. مەدرەوشۆ .. ئەدرەوشێتەوە .. چوون : وەکو .. نەجم : ئەستێرە.. وە بەیانەوە :

لە بەرەبەیانا ..)

واتە : « حاڵێکم لە بەینی دوو بەهێ ـ مەم ـ دا دی .. »

چۆن بوو ـ !

« وەك ئەستێرەی بەرەبەیان ـ ئەستێرەی ڕۆژ ـ ئەدرەوشایەوە .. »

لە کۆتاییدا بە پێویستی ئەزانم بڵێم ، کە لە بێناوی خزمەتی وشەی کوردی‌یا ئەم چەند سەرنجەم بۆ ڕوون کردنەوەو ساخ کردنەوە نووسی .. هیوای خزمەتگوزاری‌و سەرکەوتنیش بۆ کاك (محمد ئەمین هەورامانی) ئەخوازم ..

لەگەڵ هونەرمەند (پاشماوە)

خۆ بایی بونیش هونەرمەند ئەناکاو ئەخات .. من هونەرمەندێکم ئەوێ ڕێزی وشەی هونەر بزانێ .

● **دوا بەرهەمی هونەریت‌چی بو ؟**

ـ گورانی (پرسیار لەشەو) :دوا بەرهەمی هونەریمە ..

● **وپاسەوە کۆتاییەان بەگرفتوگۆکە هێنا ..**

شێرزاد نامادەی کردوە

Institut kurde de Paris

هەڤاڵان عەیسەمی وصدام حسین لە ئاهەنگی بیرەوەری دامەزراندنی حزبی شیوعی عیراقی ئامادەبوون

ئێوارەی هەینی رابوردو هەڤال شبلی عەیسەمی یاریدەدەری سکرتێری کشتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و هەڤال صدام حسین جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب ، لەو ئاهەنگە گەورەیەدا بەشداربون، کە حزبی شیوعی عیراق بەبۆنەی بیرەوەری ٤٢ ساڵەی دامەزراندنیەوە لە هۆلی ـ خلد ـ گێڕای • هەروەها لە ئاهەنگەکەدا دوکتور زید حیدر عبدالله سەرکردایەتی نەتەوەیی حزب هەڤاڵان نعیم حەداد ئەندامی سەرکردایەتی قطری و وەزیری لاوان و طارق عزیز ئەندامی پالێوراو (مرشح) بۆ سەرکردایەتی قطری وەزیری راگەیاندن و جعفر قاسم حمودی ئەندامی پالێوراو (مرشح)ی سەرکردایەتی قطری و مامۆستا محمد حیدری جواهری و هەڤالانی ئەندامانی لیژنەی بالای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی و نوێنەرانی هێزە نیشتمانیەکان و نیراوە دیبلوماسییەکان ئامادەبون •

لەم ئاهەنگەدا ، هەڤاڵ نەعیم حەداد وتاری حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەبی پێشکەش کرد کە سلاوی حزبی گەیاند بە حزبی شیوعی عیراق لەگەڵ بیرۆزبایی بیرەوەری ٤٢ ساڵەی دامەزراندنیا •

دیسان لە پێشەوەی ئاهەنگەکە هەڤال عزیز محمدی سکرتێری یەکەمی کومیتەی ناوندی حزبی شیوعی عیراق وتاریکی خوێندەوە •

وەزیری راگەیاندن :

شۆرش لە بۆچونی نەتەوەیی ومرۆڤ بەرەوەری یەوە بایەخ بەرۆشنبیری و راگەیاندن وهونەر ئەدات

کاك طارق عزیز وەزیری راگەیاندن ئێوارەی ٢٨ـ٣ لە کاتی پێشوازی کردنی وەفدەکەی سویسرا کە بەسەرۆکایەتی بەریز (جلبرت بشتۆلد)ی ئەندامی فیدراسیونی پەرلەمانی سەرانسەری سویسراو ئەندامی لیژنەی بەرزی مەکتەبی حزبی سوشیالیستی سویسرایە وتی : شۆرش لە عیراق لە بۆچونی نەتەوەیی و مرۆڤ بەرەوەری یەوە بایەخ بەروشنبیری و راگەیاندن و هونەر ئەدات و دژی لایەنی بازرگانی کردنە بە راگەیاندنەوە •

جا لەم چوار چێوەیەوە ئەرکێکی گەورە لە بواری قطری و نەتەوەیی یەوە کەوتۆتە ئەستۆی وەزارەتی راگەیاندن • کاك طارق عزیز وتی : راگەیاندن لە عیراقدا وەك دەزگاو سیاسەت راگەیاندنێکی ئاراستەکراوەو بەندە بە دەربڕینی راستی و حەقیقەتەوە • وەدەربارەی ئەو چابەمەنی و فلیمانەی رێکایان نادرێت بێتە عیراقەوە بەریز وەزیری راگەیاندن وتی : ئیمە رێگای ئەو کتیب و فلیمانە نادەین بێتە عیراقەوە کە بیروباوەڕی رەگەزپەرستی زایۆنیزم و ئاوان و جنس و ئەوبابەتانە بلاوئەکەنەوە کە لەگەڵ بنیات نانی پەیامی نەتەوەیی و سوشیالیستی ماندا ناگونجێن •

ناو • د • ع

پاریزگاری دهوك چاوی بە وەفدێکی هەرەوەزکاری کشتوکالی فەرەنسە کەوت

رۆژی یەکشەمەی رابوردو مامۆستا یەحیا جاف پاریزگاری دهوك چاوی بە وەفدێکی هەرەوەزکاری کشتوکالی فەرەنسە کەوتوە کە هاتوون بۆ سەردانی پاریزگای دهوك •

لەم چاو پێ کەوتنەدا هەڤال مزهر مطنی ئەمینداری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ـ لقی دهوك ـ و چەند لێپرسراوێکی دەزگا کشتوکالی و یەکێتیی یە کشتوکالیەکان بەشدار بون •

پاریزگاری ناوبراو لە سەرەتای گفتوگۆ کردنەکەدا باسی پرۆژەو هەرەوەزکاریە کشتوکالیەکانی پاریزگای دهوکی کردوە کە چۆن سەر کردایەتی حزب و شۆرش بایەخیان پێ داون •

مامۆستا (رینەتدویل) سەرۆکی وەفدەکە باسی تاقیکردنەوەی هەرەوەزکاری کشتوکال و جۆری ناردنە بازاڕی بەرهەمەکانی لە فەرەنسادا کرد • هەروەها باسی ئەو گۆڕانکاریە گەورەیەی کرد کە سەرکردایەتی سیاسی حزب و شورش لە عیراقا بە دەستی هێناوە لە بارەی بەرهەم هێنان و ناردنە بازاڕی میوەجات و بەرهەمە کشتوکالیەکانەوە ••

ئەم وەفدە لە ماوەی سەردانەکەیانا سەر لە چەند پرۆژەیەکی کشتوکالی و باخاتەکانی پاریزگاکە ئەدەن •

بایەخدان بەو سکالایانەی لە رۆژنامەکانی ئەوسرێن

مامۆستا طە الجزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیری پیشەسازی و کانەکان داوای کردوە کە بایەخ بەو سکالایانە بدەن لە رۆژنامەکانا بلاو ئەکرێنەوە ، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە وەزارەتەکەیانەوە هەیە ••

وە لەم رووەوە داوای لە بەریوەبەرو لێپرسراوانی دەزگاو دامەزراو و کومپانیا پیشەسازیەکانی سەر بە وەزارەتی کردوە کە لە سکالاو داخوازی هاوولاتیان بکۆڵنەوەو بە وردی بیدەنە بەر باری سەرنج و بیروڕای خۆیانی لەسەر دەر بڕن •• چونکە شورش ماوە بە هەموو هاو ولاتیەك ئەدات هەست و بیرو پێشنیاری خۆی لە هەمو کات و بوارێکدا دەربڕێ •• بە تایبەتی ئەو ئیش و کارانەی کە راستەو خۆ پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە •

هەرەوەزیکی کاری گەلی فەلاحەکانی سلێمانی

فەلاحەکانی پاریزگای سلیمانی بە هاریکاری ئوتومبیل و ماشینی سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکال و ئیش کردن (ئەشغال) رێگاو بانی نێوان ٢٥ پرۆژەی پەروەردە کردنی نازەلیان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی پاریزگاکەدا تەواو کردوە •

ئەم رێگایانە هەمویان ٢٢ کیلومەتر درێژ بون و لە ماوەی ٣ هەفتەدا تەواو بوون •

پاریزگاری دهوك ئامادەیە بۆ هاوکاری لەگەڵ فەلاحەکانی سلێمانی

لە بەرنامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٦ی دامەزراندنی پەیمانگای قەزایی پەسند کرد •

بەپێی ئەم یاسایە پەیمانگاکە راستەوخۆ بە وەزیری دادەوە ئەبەستەو لە ژێر ئاودێری لیژنەیەکدا ئەبێت کە (لیژنەی پەیمانگا)ی ناو ئەبێ و سەرۆکی دادگای ئەمییز یا خود نوێنەرێکی تری سەرۆکی ئەم دەزگایە ئەبێت ••• وە سەرۆکی دیوانی ئەدویی یاساو سەرۆکی لیژنەی پشکنینی دادو سەرۆکی داواکاری گشتی و ئەقیبی پارێزەران و عەمیدی کولیجی یاساو سیاسەت ئەندام ئەبن لە ئەنجومەنەکەدا •

ئەم پەیمانگایە کە بۆ یەکەم جار لەعیراق دائەمەزرێ کادیری لێهاتوو پێ ئەگەیەنێ بۆ رابەراندنی ئەرکی قەزایی و بۆ ئەوەی ئەو کادرانە بین بە حاکم یاخود بین بە جێگرو نوێنەری داواکاری گشتی و هەروەها پەیمانگاکە کاربەدەستانی وەزارەتی داد پێ ئەگەیەنێ و رایان ئەهێنێ بۆ رابەراندنی ئەرکی سەرشانیان •

لە مەرجەکانی وەرگرتن لەو پەیمانگایەدا وەراوە : ئەبێ ئەوکەسە کولیجی یاسا و سیاسەت (بەشی یاسا)ی تەواوکردبێ و لە ناقی کردنەوەی یاساکانی عیراقدا دەربچێ کە لەلایەن پەیمانگاوە ئەیکرێ • هەروەها وەزیری داد ئەو دەسەلاتەی دراوەتێ کە بەپێ پەیڕەوکردنی مەرجەکانی سەرەوە (جگە لە ئەواوکردنی کولیجی یاسانەبێ) قوتابی یا بی عەرەبیش وەربگرێ •

ئەوەی لەم پەیمانگایە دەرئەچێ بەمەرسومی جمهوری ئەکرێ بە حاکم یاخود ئەبێ بە جێگری داواکاری گشتی هەرکەسە بەپێی راهاتن و بۆکەپشتن و خوێندنی لەکاتی خوێندنی پەیمانگاکەدا •

قوتابیان لەو پەیمانگایەدا کە ماوەکەی دوو ساڵە فەلسەفەی شەریعەتی ئیسلام و فەلسەفەی یاساو یاسای گشتی و کۆمەلایەتی و سیاسی و دارشتنی یاسا ئەخوێنن •

پرۆژەی بۆقازانجی ئافرەتە ئیشکەرەکان

لەم دواییەدا ئەنجومەنی بەرێوە بردنی دەزگای ئەقاویتی و بارمتەی کۆمەلایەتی پرۆژەیەکی دەر کردوەو وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی مۆری کردوە کە ماوەی خزمەتکردنی ئافرەتان لە دەزگاو دامەزراوو کومپانیاکانی دەولەتدا پێنج ساڵی کەم بکرێتەوە و لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا بتوانن ئەقاویت بکرێن بەو مەرجەی ماوەی ١٥ ساڵ خزمەتیان هەبێ •

ئەم پرۆژە لەسەر داخوازی و پێشنیاری یەکێتی کشتی ئافرەتانی عیراق بوە •••

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش یاسای دامەزراندنی پەیمانگای قەزایی پەسند کرد

کۆبونەوەی لیژنەی ناوەندی کاروباری ناوچەی ئوتونومی

نیوەرۆدوای رۆژی دوشەمەی رابوردو مامۆستا حامد الجبوری وەزیری دەولەت کە ئیش و کاری نێوان دەسەلاتی ناوەندی و دەزگاکانی ئوتونومی پێ سپێردراوە •• جو بۆ پاریزگای هەولێر بۆ سەردانی ئەنجومەنی ئەنفیزی و بەرێوەبەریەکانی • بۆ ئەوەی ئاگاداری جۆری ئیش و کاریان بیت •

لە کاتی گەیشتنە بەرەوەی وەزیری بەرێزدا مامۆستا هاشم عەقراوی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەنفیزی و چەند ئەندامێکی ئەنجومەنەکەو ئەمینداره گشتیەکان و هەڤالان ئەندامانی سەرکردایەتی لقی ژوروی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و چەند لێ پرسراوێکی دەزگا جۆر بە جۆرەکانی دەولەت پێشوازیان کردوە •

هەروەها مامۆستا جبوری رۆژی سێ شەممەی رابوردو لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئەنفیزی ئاوچەی ئوتونومی سەرپەرشتی کۆبونەوەی لیژنەی ناوەندی کاروباری ناوچەی ئوتونومی کردوە •

لەم کۆبونەوەیەدا لەو راپورتو پیشنیارانە کۆڵاونەتەوە کە ئەندامانی لیژنەکە پێشکەشیان کردوە •

بریارێك بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش داوای لێبوردن لە خوێندنگای قەزایی پەسند کرد

بریاریان لە سەرچەند شتێکدا وەکو زۆرکردنی کەرتی خزمەتگوزاری لە ناوچەکەدا •

هەروەها ئێوارەی هەمان رۆژ مامۆستایان حامدالجبوری و هاشم عەقراوی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەنفیزی ناوچەی ئوتونومی چاویان بەوەفدەکەی سویسرا کەوتوە کە بە سەرۆکایەتی بەریز جلبرت بشتولد ئەندامی پەرلمانی یەکیتی سەرانسەری سویسرەو ئەندامی دەزگای بالای پارتی سوشیالیستی هاتون بۆ عیراق • ئەم چاو پێکەوتنەش لە بارەگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئەنفیزی بوەو مامۆستا الجبوری باسی یاسای ئوتونومی بۆ کردون •

ناو • د • ع

سەردانی پرۆژەی ئەندروستی یەکانی ناوچەی ئوتونومی

پەیامنێری هاوکاری لە نامەیەکیا دەڵێت :

لەماوەی ١٩ـ٢٥ی ئەم مانگەدا وەفدێکی راگەیاندن و رۆژنامە نوسی گەشتێکیان بە ناوچەی ئوتونومیدا کردوە لەو گەشتەدا چونەتە دیدەنی پرۆژە ئەندروستیکانی ئەو ناوچەیە تا بزانن ئەو پرۆژانە تا چ رادەیەك لە خزمەت گوزاری جەماوەردان وەفدەکە لەدیدەنی پارێزگای سلیمانیدا سەریان لە مەلبەندی ئەندروستی دەربەندیخان و خەستەخانەی سلیمانی و عیادە میللییەکانی ئەو پارێزگایە داوە •• دکتۆر حسن اسماعیل عبدالله سەرۆکی ئەندروستی پارێزگاکە کۆنگرەیەکی رۆژنامە نوسی لەگەڵ ئەو وەفدەدا کردوە ، لەو کونگرەیەدا لەبارەی چالاکی سەرۆکایەتی ئەندروستی یەوە وتویەتی :

خزمەت گوزاری ئەندروستیمان کردوە بە دوو بەشەوە ، یەکەمیان پاراستن و بەرگری ئەخۆشی ، دووهەمیشی چارەسەر کردنی ئەخۆشی •• بەشی یەکەم بریتی یە لە وریاکردنەوەی خەلکی و پاراستنی خۆیان لە ئەخۆشی بۆ ئەم مەبەستەش چەند مەلبەندو لقیکمان کردۆتەوە کە لەو مەیدانەدا خەلکی وریادەکەنەوە وفیری ئەوەیان ئەکەن کە چۆن خۆیان لە ئەخۆشی بپارێزن •

بەشی دووهەمیشی کە بەیوەندی بە چارەسەرکردنی ئەخۆشیکانەوە هەیە ، ئەویش بریتی یە لە ئەخۆشخانەی کۆماری کە ٥٠٠ قەرەویلەی تیادایە ، لەگەڵ خەستەخانەی گشتی یدا کە بەم زوانە ئەویش تەواو دەبێت ، هەروەها خەستەخانەی منداڵان و مستەوسفو عیادە میللییەکان

لە رۆژی ٢٠ی مانگیشدا وەفدەکە چوە دیدەنی پارێزگای هەولێر ، بەرێز مامۆستا

بروانە ل ـ١١ـ

کردنەوەی چەند شەقامێك لەهەولێر

رۆژی یەکشەمەی رابوردو دەست کرا بە کردنەوەو قیرتاو کردنی چەند شەقامێکی ناوخۆیی لە کەرەکەکانی کەشت و گوزاری لە هاویشە هەوارەکانی سەلاحەدین و جندیان و حاجی ئومەران وە بریار وایە بەر لە وەرزی کەشت و گوزاری ئەمساڵ تەواو بن •

بەرێوەبەرێتی شارەوانیەکانی پارێزگای هەولێر ئەم شەقامانە دروست ئەکات کە ٢٢٠ هەزار دیناریان نێ ئەچێ وە ئەبێ لە ماوەی پینج مانگدا تەواو بن •

چەند سیمینارێکی ئەندەکان لەسلێمانی

رۆژی یەکشەمەی رابوردو یەکێتی ناوچەیی کۆمەلایەتی فەلاح لە پارێزگای سلیمانی لە بارەی جۆری رێکخستنی لقی یەکێتی یەوە دواون •• هەروەها ئەنجومەن لەم کۆبونەوەیەدا کە هەڤال خزعل خضیر لێ پرسراوی مەکتەبی فەلاح لە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ـ لقی سلیمانی ـ و مامۆستا ناظم محمد ئەندامی (مەکتەبی ئەنفیزی) دەزگای چێبەجێ کردنی یەکێتی کشتی کۆمەلایەتی فەلاح تیا بەشدار بون باسی ئەو گیرو گرفتانەیان کردوە کە دێنە سەر رێگای کار کردنی فەلاحەکان لە پارێزگاکەدا •

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا بریاریان دا کە بە زنجیرە سیمیناری هوشیار کردنەوەی فەلاحەکان ساز بکەن بۆ ئەوەی ئاستی هۆشیاری و بلەی روشنبیری یان بەرز تر بێتەوە و هۆشیاری سیاسیان فراوانتر بێ •

گەرانەوەی جێگری سەرکۆمار دوای گەشتەکەی بە ئەفریقادا

ئێوارەی ٢٧ـ٣ بەریز کاك طه محیی الدین معروف جێگری سەرکۆمار دوای تەواو بوونی نەو گەشتەی کە بەچەند دەولەتێکی ئەفریقادا کردی ، گەڕایەوە بۆ بەغدا • کاك معروف لەوگەشتەیدا سەری لە ئۆگەندەو تانزانیا و مالاگاشی و موزەمبیق داوایان لێ کردم کە سلاویان بە سەرکۆمار بگەیەنم و لەکاتی گونجاویشدا لەسەرداخوازی سەرکۆمار سەر لە عیراق ئەدەن •

هەروەها وتی ئێمە لەگەڵ کاربەدەستانی ئەم وڵاتانەدا باسی ئەو زوڵم و زۆرو جەورەمان کرد کە ئەلی عەرەبمان لەفەلەستین بەدەست زایۆنیستەکانەوە دوو چاری بووە •

هەروەها کاك معروف وتی : بە ناوی سەرکۆمار کاك احمد حسن بکرەوە لە دار السلام داوامان لە بەریز یولیوس ناپریری سەرۆکی تەنزانیا کرد کە بەسەردان بێت بۆ عیراق • وە لە گەلیا باسی پەیوەندی دوو قۆلی نێوان هەردوو وڵاتمان کرد لەگەڵ چونیەتی پەرەپێدان و بەگورج کردنی بزوتنەوەی بێ لایەنی و یەتەوکردنی هاوکاری نێوان گەلانی عەرەب و ئەفەریقاو دەربارەی ئەو دەستدرێژی یانە دواین کە زایونیزمەکان ئەیکەنە سەر گەلی عەرەب •

هەروەها کاك معروف وتی : کوماری عیراق هەمیشە پشتگیری خەباتی گەلانی ئەفەریقا ئەکات لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادی یاندا • وە ئەم هەڵوێستانەی عیراقیش لە بیروباوەڕەکانی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە هەڵئە قولێن •

وە لە شاری (مابوتو)ی پایتەختی مۆزەمبیق بەریز جێگری سەرکۆمار لەگەڵ بەریز دوس سانتوس جێگری سەرۆکی بەرەی رزگاری هێنەری مۆزەمبیق (فریلیمو) وتوویژی کرد • وە لە وتوویژەکاندا لایەنی موزەمبیق ستایشی هەڵوێستەکانی عیراقی کرد لەگەڵ ئەویارمەتی و کۆمەکەی بەکەلانی ئەفەریقا نەیکات ••• ئەوەی شایانی باسە کاك معروف رایگەیاند کە عیراق بریاری داوە بایی ملیونێك دۆلار نەوت بە مۆزەمبیق بدات •

وە لە شاری ئاناناریف کاك طه محیی الدین معروف جێگری سەرکۆمار وتوویژی لەگەڵ کاربەدەستانی مالاگاشیدا کردوو لە ئەنجامدا عیراق و مالاگاشی بریاریاندا کە پەیوەندی دیپلوماسی بە پلەی بالیوز لە نێوانیاندا دابمەزرێنن •

بەریز جێگری سەرکۆمار بەناوی بەریز سەرکۆمارەوە داوای لە دیدێ رانسیرا ئای سەرکۆماری مالاگاشی کرد کە سەر لە عیراق بدات ••• وە لە ئەنجامی وتوویژی نێوان هەردوو وڵاتدا بەیاننامەیەکی دوو قۆلی لە تاناناریف بڵاوکرایەوە تیایدا وترا کە هەردوو لا ئارەزو ئەکەن پەیوەندی نێوانیان پتەوبکەن و پەیوەندی ئابوری و بازرگانی و تەکنیکی نێوان هەردوو وڵات گەشە پێبکەن •

عیراق و مالاگاشی رایانگەیاند کە بەبێ رزگار کردنی سەرانسەری خاکی زەوت کراوی عەرەب و بەبێ دەستخستنەوەی مافی پێشیل کراوی گەلی عەرەبی فەلەستین ئاشتی یەکی رەوا لە ناوچەی رۆژ هەڵاتی ناوەراستدا جێگیر نابێت • هەروەها هەردوو وڵات رایانگەیاند کە بەبێ هیچ مەرجێك پشتگیری تەواوەتی هەموو مافەکانی گەلی عەرەبی فەلەستین ئەکەن •

پارێزگاری دهوك ئامادەیە بۆ هاوکاری لەگەڵ فەلاحەکانی سلێمانی

لە بروسیە یەکدا (پاشماوە)

داوە کە هەمو توانایان لەپێناوی داهێنانی زانستی و خزمەتی ئامانجە نیشتمانیەکانا تەرخان بکەن • ئەوەی شایانی باسە ئەم بروسکەیە لە کۆتایی هەفتەی سەرپەرشتی کردنی زانستیدا نێرراوە و ئەم پەیمانەیان تیا پەجێ گەیاندوە •

Institut Kurde de Paris

راپەڕینی هاووڵاتیانی خاکی زەوت کراو «پاشماوە»

خاکی داگیرکراو ـ ٣٠ ـ ئاژانسەکان :

لەم رۆژەدا لە هەموشوینێکی خاکی داگیرکراوی فەلەستینا مانگرتنی گەلی عەرەبی فەلەستین دەستی پێکرد .. ئاژانسەکانی دەنگوباس هەواڵی ئەم خۆنیشاندانە فراوانەیان ئەکرد بەڕاپۆرت و بەهەمو جیهانا بڵاویان ئەکردەوە .. هەر چەند زایۆنیستەکان هاتۆ چۆ کردنیان قەدەغە کردبوو ئابلۆقەی هاووڵاتیەکانیان دابو بەڵام لە هەمو ناوچەکانی شارو لادێی بەری رۆژ ئاواو غەززە خۆنیشاندەرەکان لە گەل کاربەدەستانی هێزی زایۆنیستەکانا لێکیان داوە بەیەکاهەڵبرژاون ..

رای عەرەبی و جیهانی ئەم هەواڵانە بڵاو ئەکەنەوە کە ئائیستا شتی وا لە سالی ١٩٤٨ وە روی نەداوە .. جەماوەری ئەتەوەی عەرەب و لایەنە پیشکەوتوەکانی جیهان لایەنگیری خەباتی گەلی عەرەبن لە دژی زایۆنیستەکان لە خاکی داگیرکراوا .

کاربەدەستانی ئەمن و پولیسی زایۆنیستەکان زور بە توندی باری ئاژاوەکەیان گرتبو بۆئەوەی مساوەی سەرکەوتنی ئەم خۆنیشاندانانە نەدەن ..

ئاژانسی یونایتدپریس ئەڵێ: ئەمرۆ لە هەمو شارو ناوچەکانی بەری رۆژئاوا وەکو خەلیل و نابلس و رامەللاو بیت لحم و جنین و قودس و ناصرە خۆنیشاندانی گەورەی گەلی دەستی پێکرد ، پولیسەزایۆنیستەکان بەدەیان لاوی عەرەبیان گرتوەو بەندیان کردون ، بەهەزاران لاو کەورەو بچوك لە بەری رۆژئاوا بە بۆنەی رۆژی خاکی داگیرکراوەوە بەشداری ئەم خۆنیشاندانەیان کردوە .

ئەم هەواڵانەی هاتون وائەگەیەنن کەشورشی عەرەب لە فەلەستین لە هەمان رۆژدا بینجەم شەهیدی کردوە بەقوربانی جگە لە چەندان لاوی بریندار کە بە گوللەی زایۆنیستەکان پێکراوە .

ئاژانسی رویتەر ئەڵێ : کاربەدەستە زایۆنیستەکان بەسەدان لە هاو وڵاتیە عەرەبەکانیان گرتوە ، هێزە کانی دوژمن بومبای فرمیسکاوێیان لەدێی (کفرکنا) لە نزیک شاری ناصرەوە بەسەر خۆنیشاندەرە کانا تەقاندوە بۆ ئەوەی بڵاوەی لێ بکەن .

دیسان ئاژانسەکان ئەڵێن ناوچەکانی غەززە هەمویان مانیان گرتبوو ، زایۆنیستەکان هێزێکی زۆریان بۆ ئەم ناوچانە ناردوەو بەزۆر دوکانەکانیان بە خەڵك کردۆ تەوە .

ئاژانسی ئەسوشیتدپریس لە زمانی خەڵکی غەززەوە ئەگێڕێتەوە ئەڵێ : جگە لەوەی خەڵکێکی زۆریان گرتوە ، هێزەکانی ئەمن لە ناوچەی بیت خین تەقەیان لە هاو وڵاتیەکان کردوەو سێ کەسیان لێ شەهید کردون و چەندی تریشیان بریندار کردوە ..

کاربەدەستە زایۆنیستە رەگەز پەرستەکان لە سێ شاری جەلیلدا هاتوچۆ کردنیان قەدەغە کردوە ، وەلە دێی بیت حنینا دوێنێ شەوی رابوردو شەڕێکی دەستەو یەخەیی لەنێوان خۆنیشاندەرەکانا و هێزی زایۆنیستەکانا رویداوە ، چەند پولیس و سەربازێکی دوژمنیان بەبریندارى بردوە بۆ نەخۆشخانە ، پولیسەکان وتویانە : خۆنیشاندەرەکان لەبیرحنا قوتولەی خالی و بەردیان گرتۆتە پولیسەکان و ئەمانیش ١٥ کەسیان لێ گرتوون .. لاوێکی بریندارىش لە نەخۆشخانەکە کیانی سپاردوە ..

لە چەند لایەکی تریشەوە خۆنیشاندەرە عەرەبەکان نارنجوکی مولوتوف و بەردو شاپلیتەیان گرتۆتە زایۆنیستەکان ، ئەوانیش جگە لەوەی هاتوچوی نێوان وندەکانیان بڕیوە بەفڕۆکەی هەلیکوبتەریش کەمارۆی چەند ناوچەیەکیان داوە . خۆنیشاندانەکە لەگوندەکانی جەلیلەوە بەرەو قودس و ناوچەکانی تەل ئەبیب درێژ بوبۆوە ..

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەگەری ئەڵین : ئەم خۆنیشاندانانە گەورەترین دەست وەشاندنە کە لە زایۆنیستەکانیان وەشاند ..

ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا وتویە : خۆنیشاندەرە عەرەبەکان لە گوندەکانی سخنین و دیرحناو حاراب لە رۆژ ئاوای جەلیل شەش ئوتومبیلی زایۆنیستەکانیان شکاندوە .

رویتەر وتویە : سەربازەزایۆنیستەکان لە چەند شوێنێکدا لە ترسی خۆنیشاندەرەکان خۆیان شاردۆتەوە ..

لە گەل ئەم هەراو بەزمەدا فیداکارە عەرەبەکان لە شاری طیبە کە ٢٢ میل لە ژوروی تەل ئەبیبەوەیە بەلاماری هێزی زایۆنیستەکانیان داوەو پینج کەسیان لێ بریندار کردون .

لە قاهرەش هاو وڵاتیە فەلەستینیەکان خۆپیشاندانیکیان بەرامبەر بەو کردارە ناشیرینانەی زایۆنیستەکان سازکردوە ، پولیسەکانی میسر رێگای خۆنیشاندەرە کانیان داوە تابگەنە بارەگای دەزگای هاواری دەوڵەتان و یونسکو بەڵام ئەیان هێشتوە بگەنە بارەگای راگەیاندنی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان کەلەنزیک بالوێز خانەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا وەیە .

محمود ریاض ئەمینداری گشتی جامیعەی دەوڵەتانی عەرەب بە بۆنەی رۆژی خاکی داگیرکراوەوە بەیاننامەیەکی دەرکردوەو ستایشی خۆنیشاندانی عەرەبەکانی کردوە . وەبروسکەیەکی بۆ کورت ئالدهایم ناردوە کە بە گورجی ئەتەوە یەکگرتوەکان سنوریک بۆ زایۆنیستەکان دابنێن .

ئاژانسی (وەفا) ئەڵێ : ئەم خۆنیشاندانانە جەماوەریە نمونەی یەك دڵو یەك بیرو باوەڕی تیکرای گەلی عەرەبە .

نوسەرێکی سیاسی بەئاژانسی دەنگوباسی فەلەستینی وتوە . رۆژی خاکی داگیرکراوی گەلەستین رۆژی هەمو ئەتەوەی عەرەبە ، ئۆفاری شورشی فەلەستین لە ژمارەی ئەم دواییەیدا بەبۆنەی رۆژی خاکی داگیرکراوەوە نوسیویە ئەڵێ : دەمێکە گەلی عەرەبمان لە فەلەستین لە کۆماری خوێنا ئەژی و یەری بەدەست مەینەتی زایۆنیستەکانەوە خواردوە .

یاسر عەرەفاتی سەروکی لیژنەی تەنفیزی رێکخراوی رزگاری فەلەستین وتویە : شورش فەلەستین پشتگیری خەباتی عادیلانەی گەلی عەرەبی فەلەستینە لە دژی زایۆنیستەکان رەگەز پەرستەکان . وەخاکی داگیرکراوی عەرەب هەر هینی عەرەبە هەر چەند دوژمن بیەوێ روخساری بکۆڕێ .

هەر شەکاوەبێ ئالای (پاشماوە)

لەگەل دوژمن داو دەرکا کردنەوەیە بێ ئاشت بونەوە لەگەل زایۆنیزمدا کە رێگای بەردەوامی دەربەدەری و دیلیەتی و نەهاتە ، جارێکی تر جەماوەری گەلی فەلەستین بە قوربانی دان و خۆبەخت کردن و تێکوشانی بێوچان دەریان خستوە کە زایۆنیزمەکان بە هەمو چەك و جبەخانەو بەندیخانەو کوشتن و بریندە ناتوانن دەنگی زولالی ئازادی ئەو جەماورە کپ بکەن وە ئاگری بە کلپەی تورەییان دانامرێننەوەو ریبازی راستی کاروانی خەباتیان ناوەستێ .

هەلمەت بردن و راپەڕینی رۆلەکانی گەلی فەلەستین زیاتر هەستی سەرتاپای هێزەکانی بزوتنەوەی ئەتەوەیی عەرەب و هێزە پێشکەوتوخوازەکانی دنیای ئازادیخوازی هەژاند بۆ زیاتر سەماندنی ئەو راستیەی مافی رەوای گەلی فەلەستین بەخۆ بەدەستەوەدان و نزیك بونەوە لە ئیمپریالیزم نی یەو بەپێچەوانەوە رێگای سەرکەوتن و سەربەرزی بریتی یە لە رێگای تێکوشانی سەرومری بێ پێچوپەنا لە دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو بزوتنەوەی زایۆنیزمی رەگەزپەرست .

جەماوەر ، لە خاکی زەوت کراو بە راپەڕین و خۆ راگرتنی مەردانەی جاریکی تر دەری خست کە بزوتنەوەی ئەتەوەیی و پێشکەوتوخوازی عەرەب هیچ کات ئامادەنی یە مل کەچ بکات و دەستەو ئەژنۆ دانیشێوو بەئەخشەو پیلانی ئیمپریالیزم رازی ببێ و دەست لەمافی رەوای خۆی هەلبگرێ و هیچ ئامادەنیە کە جاریکی تر بجێتە ژێر رکیفی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە دەست بخاتە ناو دەستی زایۆنیزمی رەگەزپەرست و بە ناوی ئاشتی یەوە دەرکا بۆ دوژمن بخاتە سەرپشت ، تاقی کردنەوەی رۆژگارو شەڕی نوکتۆبەرو تێکوشانی ئەم بزوتنەوەیە و سەرکەوتنەکانی لە جەزائیرو میسرو یەمەن و عیراق بەلگەی گەورەی ئەوەن کە ئەرانە دواوەنی یەو پاش کەزبونەوە لە تێکوشان مەحالەو لەسەر رێگای شۆڕشگێڕانە دەست هەلناگیرێ و هەرگیز ئەو خەیالەی رێژیمی سوریاو هەندێ کاربەدەستی عەرەب خەوی پێوە نەبینن نایەتەدی ، راپەڕینەکانی ئیستای جەماوەری گەلی فەلەستین ئەم راستی یە زیاتر ساغ ئەکاتەوە .

ئەمرۆ جەماوەری ئەلی کورد ، لە عیراقی شۆڕش و ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستان دا سەر لەنوێ و وەك هەمیشە لە رابوردوا وابوە ، بەدلسۆزی یەوە پشتگیری ئەواوی خۆی بۆ راپەڕینەکانی جەماوەری گەلی فەلەستین نوێ ئەکاتەوەو ئامادەیی خۆی لە ئەل تێکرای ئەتەوەی عەرەب نیشان ئەدات کە سورە لەسەر خەبات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و بەرەوسەرکەوتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازو ئەتەوەیی عەرەب تا هەمو هێزەکانی ئیمپریالیزم لەم ناوچەیەدا بە شاربەدەر کردن و سەرشوڕی راو ئەنرێ و ئەو راستی یەش ئاشکرایەکە ئەم راپەڕینەی جەماوەری فەلەستینی زەوت کراو جاریکی تر مۆری خیانەت ئەدا بەناوچەوانی ئەو رژیمانەوە کە ئەیانەوێ لەسەر حسابی مافی گەلی فەلەستینی لەگەل زایۆنیزم ئاشت ببنەوە ...

ئیتر هەر شەکاوەبێ ئالای خۆراگرتنی ئازایانەی جەماوەری خاکی زەوت کراو سەرشوڕی بۆ ئەو رژیمانەی کە دەست ئەخەنە ناودەستی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمەوە .

مانگرتنی گشتی و .. (پاشماوە)

وە لە شاری قدس ئافرەتان ئەگرینە بەربۆ قەدەغە کردن و پوچەڵ کردنەوەی ئەو مانگرتنە سەرلەنوێ خوێنشاندانیان سازکردوەو لەگەل هێزێکی دوژمن دا بەیەکا هەلبرژاون .. دوژمنیش نامەردانە (٥٠) کچە قوتابی گرتوەو سێ پەیمانگای داخستوە .

ئاژانسی دەنگوباسی نەسۆشیتدپریس ئەڵێ ... شلۆمۆ هلیل وەزیری پولیسی زایۆنیستەکان وتویە ئێمە هەموو رێگایەك بەرەو ئاستێکی بەرزترو ئامادە کردنی رۆلەکانی گەل و دەمەزرد کردنەوەیان بۆ سازکردنی راپەڕینی رێك و پێك و بەدی هێنانی ئامانجە گەورە ، رزگاریخوازەکانی .

بەیاننامەی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری

وە دەربارەی هەمان بۆنە ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی و هاوکاری لە کۆماری عیراق بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە تیایدا وتی :

لەسی مارت و دوای هەشت هەفتە خۆراگری و مانگرتن و خۆبیشاندا جەماوەری عەرەبمان لە خاکی زەوت کراودا باکرێکی راپەڕینی نیشتمانی یانەی هەڵگیرساندو کلپەی ئەو ئاگرە سوورە هەموو بەری رۆژ ئاوی فەلەستین و غەزەو تێکرای خاکی زەوت کراوی عەرەبی گرتۆتەوە .

بەیاننامەی سەرەو .. (پاشماوە)

مانگرتنی گەلی فەلەستین لە ٢٠ی مارت دا توندو تۆل کردنی خەباتە لە ناوەوەو دەرەوەی خاکی داگیرکراودا دژی دڕندەیی و توندو تیژی دوژمن کە دەربایست نایەت لەبەکار هێنانی هەموو شێوەو رێگایەکی نامرۆڤایەتی لەناوبردن و کوشتن دا .

ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری لەکۆماری عیراق دا شان بەشانی جەماوەری عەرەبی تێکۆشەری فەلەستین ئەوەستێتەو پشتگیری خەباتە جوامێرەکەی ئەکات و داوا لە رای گشتی جیهان ئەکات کە دەنگی نارەزایی دەربڕینیان دژی زایۆنیستەکان بەرزبکەنەوە ئەوزایۆنیستانەی ئاژی نوێی ئەم سەردەمەمانن و دوژمنی خوێنخۆری تێکرای مرۆڤایەتین .

ئا . د . ع .

وەزارەتی دەرەوە (پاشماوە)

کردەوە کە حەوت پاپۆڕی جەنگی ئەمەریکا کە هەندێکیان دروتە هەڵگرن ئیستاکە لە رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەراستدا کوایە مەشق و مناوەرەی ئاسایی ئەکەن .

وڵیم کریغەر قسەکەری بەنتاگون وتی : ئەم هێزە دەریایی یە لە (١٧٠٠) کەس پێکهاتووەو هەتا ئیستا هیچ فەرمانێکی پێ نەگراوە کە ئایا بکشێتەوە یان لە شوێنەکەی خۆیدا بمێنێتەوە .

وە رۆژی ٣٠ـ٣ حافظ أسد سەرۆکی رێژیمی سوریا لە گەل فرنجیەو بیار الجمیل سەرۆکی حزبی کتائیبەکان بە نەلەفۆن قسەی کردوە .

بۆ (بەدری) ـ جوانەمەرگ

نەوجوانەکەم

کاتژمێری سێی بەربەیانی رۆژی چوار شەمە رێکەوتی ١٨ـ٣ـ٩٧٦ بوو کە بۆ دوا جار چاوت لێك ناو مال ئاوایت لە هەمو لایەك کردو ئەم جیهانەت بەهەمو ناخۆشیەکەوە بۆ ئیمە بەجێ هێشت و روت کردە بارەتایەکی نوێ بەصوحبەتی ئیمە رازی نەبویت و بوینە هاوەدەمی فریشتە جوانەکانی ئەودنیا .

جوانەمەرگەکەم

دە ساڵی رەبەق ناواتەخوازی کۆرپەیەك بویت وەك هەمو دایکێك بیکەیتە باوەش و بەدەنگی لای لایەی بەسوزت و بەشیری دایکێتی پەروەردەی بکەیت .

دە ساڵ ئاوات بەدل بویت بۆ ساواییەك رۆژانی غەریبیت کورت کاتەوەو شەوانی تاریکیت رون بکاتەوە .

دە ساڵ ئامانجت ئەخوازی بۆ مناڵێك بەدەنگی گریان و نەغمەی پێکەنینی سوتۆرو تالی دوری کەس و کارت لەبیر بانەوە .

دە ساڵ ئاخت بۆ هەمو خۆشی یەك هەلئەکێشا .

بە لەدایك بونی نیازی کورت هەمو خواستەکانت زیندەبەچال کران ، ئەگەیشتی بیخەیتە سەردلت و تاسەی دە ساڵ چاوەروانیتی بێ بشکێنی .. مەرگ بەزەیی بەجوانی تۆو بێ تاوانی ئەو ساواییەدا نەهاتەوەو دەستی رەشی نایە کەردنت .

فریشتەکەم

ئیستا پرسیاری وەبونی سۆزی دایك لەچاوی کۆرپەکەتا ئەخوێنمەوە لەهەمو فرمێسکێکی وێنەی شیرینی خوشکێکی بەتاوات ئەگەیشتوی تیا ئەبینم ئایا ئەبێ وەلامی پرسیاری رۆژانی داهاتوی چۆن بدەمەوە ؟!

بەدری گیان

بەدل نیایی سەر بنێرەوە .. بەیمانت ئەدەمێ بۆ کۆرپەکەت لەدایك چاکتر بمو لەهیچ رویەکەوە بێ نازی نەکەم .

خوشکت

قومری حەسەن

ئالەنگەکانی «نەورۆز» لە دهۆك

لە صدیق علی ئامیدی بەیامێتری (هاوکاری) یەوە :

جارێکی تر ئاگری نەورۆز ، ئاگری سەربەستی و خۆشەویستی لە چیاکانی کوردستاندا گرایەوە ، پاریزگای (دهوك) یش بۆ ئەم جەژنە نەتەوەیی یە رۆژ رازانەوەو وەك هەمو شوینەکانی تری ناوچەی ئوتونومی ئاگری نەورۆزی کردەوە ، بۆ بەیانیش جەماوەرێکی زۆر لە شوێنی تایبەتی ئاهەنگ گیران لەم رۆژە پیرۆزەدا ئامادەبون و ئاهەنگەکە دەستی پێ کردو مامۆستا محمد صدیق جێگری پاریزگاری دهوك بەوتاریك ئاهەنگەکەی کردەوە ، دوای ئەوە تیپی چالاکی هونەری سرودی ئاورۆزی پێشکەش کردو بە هاریکاری تیپی (مەنبەندی لاوانی دهوك) یش چەندان سرودو گورانی پێشکەش کرا پێچکە لە چەندان تابلوی هەلبەزکی و ئاهەنگە کە بەچۆڕی ئاهەنگەو دلگیربو کە لە پنەی رزگی جەژنی نەورۆزی پیرۆزدا بوو .

مەلبەندی قەلاچوکردنی نەخوێندەواری لەهەولێر

لەو کاتەوە کە بەشی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەهەولێر ، مەلبەندی ئۆتونومی دا کەوتۆتە خزمەت کردنی خەلك .. کەلێك قوناغی گرنگی بڕیوەو گەلێك هاووڵاتی لە شەوەزەنگی نەخوێندەواری رزگار کردوە .. مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری چالاکانە ئەرکە مێژوییەکانی سەرشانیان بەرێوە بردوە ، ئەبەش .. ئێکرا ئەم مەلبەندانە پەیوەندییان بە بەرێوەبەرێتی پەروەردەوە هەیەو لەسەر بەرنامەیەکی نوێی یەکگرتو ئەژێن ..

جاران هەندێك قوناغی کە لە دوا پلەی ئەواو کردنی خوێندن و حوێنی ئەیانناسا بۆ ئەبونە مامۆستای مەلبەندەکان ، بەڵام ئیستاعەموبەریوە بەرێتی یەکانی پەروەردەئەو شێوەیەیان راگرتو مامۆستای ئەوارو شارەزا بۆ مەلبەندەکان ئەنێرن .. کە ئەمش ئەبێتە هۆی ئارشتنی بنچینەیەکی نوێی بەکەلك لە براری نەهێشتنی نەخوێندەواریدا .. هیوادارین دەزگاکانی پەروەردەو فێر کردن زورتر ئاوڕی دلسۆزانە لە مەسەلەی بێبەر کردنی نەهێشتنی نەخوێندەواری بدەنەوەو جەماوەریش بە شانازیەوە بەرەو پیری بڕوات .

کەمال سەعدی

وەزارەتی دەرەوە (پاشماوە)

کردەوە کە حەوت پاپۆڕی جەنگی ئەمەریکا کە هەندێکیان دروتە هەڵگرن ئیستاکە لە رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەراستدا کوایە مەشق و مناوەرەی ئاسایی ئەکەن .

وڵیم کریغەر قسەکەری بەنتاگون وتی : ئەم هێزە دەریایی یە لە (١٧٠٠) کەس پێکهاتووەو هەتا ئیستا هیچ فەرمانێکی پێ نەگراوە کە ئایا بکشێتەوە یان لە شوێنەکەی خۆیدا بمێنێتەوە .

وە رۆژی ٣٠ـ٣ حافظ أسد سەرۆکی رێژیمی سوریا لە گەل فرنجیەو بیار الجمیل سەرۆکی حزبی کتائیبەکان بە نەلەفۆن قسەی کردوە .

Institut Kurde de Paris

بەکیەتی قوتابیانی کوردستان نامادەی ئەکات

ریبازی قوتابیان

بیرەوەری مانگرتنی بەنزین ساڵی ١٩٦١

لە بیرەوەری و یادکردنەوەی هەموو خوێبشاندان و مانگرتنێکی جەماوەرانە پێش شۆڕشی ١٧ تەموزی نەتەوەیی و سوشیالیستی ، قوتابیان دەورێکی باڵاو گرنگیان بینیوە، بۆ دەستپێشخەری و بەشدار بوونیان لەو مانگرتن و خوێپشاندانانەدا • کە توانیویانە بەتەواوی لەبواری ژیانی ڕۆژانەیاندا هەستی نەتەوەیی و هورشیاری سیاسی و بیری خزیان دەربڕن •

لەم ڕۆژانەدا بیرەوری مانگرتنی بەنزین ئەکەینەوە ، ئەو مانگرتنە پاڵەوانیەیی کەلە ٢٧ی مارتی ساڵی ١٩٦١ لەبەغدا دەستی پێکردوو ، دەنگ دانەوەی هەموو پارێزگاکانی تری عێراقی گرتەوە •

لێرەدا یادی ئەو شەهیدانە ئەکەینەوە کە گیانی پاکیان لە پێناوی یاراستنی سەربەستی و کەرامەتدا بەخشی ، کە لە پێناوی مافی ڕەوایاندا ڕوبەڕوی ڕژێمی دکتاتوری وەستان ، کە بەهەموو جورێك نەیویست باری نالەبارو ناخۆش دروست بکا ، بۆ پێشێل کردنی ئەو مافە ڕەوایانەی کە داوایان ئەکرد • ئالەم بیرەوەریە مەزنەدا ، نرخ و تێکەوشتن و بژچونی شۆڕشگێڕانەی قوتابیانمان بۆ دەرئەکەوێت • لەڕێزی چوونە ناوەوەیان بۆ ڕیزی پێشڕەوی قوتابیانی پێشکەوتوخواز ، کەلە ڕاستی خەباتی قوتابیانەوە ، خەباتی دروست و هوشیارانەی ڕەسەنەوە ، پێیان نایە مەنگاوێکی نوێوە •

مانگرتنی بەنزین ، ئەو مانگرتنەی جەماوەری جەوساوە پێهەڵساو جەماوەری قوتابیانیش تیایدا بەشداریان کرد ، بۆ بەرپەچ دانەوەی حکومەت و هەڵسوکەوتە ناڵەبارەکانیان • کە ڕەسمی کەلو پەلی پێویستیان زۆر کرد •

ئەو بەرپەچ دانەوە ڕاستەوخۆ کاریگەرە ، نیشانەی خۆڕاگرتنی جەماوەری قوتابیان و جەماوەری جەوساوەی دەرخست ، لەجوارچێوەی هاریکاری و خەباتی هاوبەش و یەکگرتنیان بەرامبەر حکومەت کە ئەو هەموو زەبرو زۆرەی بەکارهێنا بۆ بڵاوەپێکردنی ئەو کۆبونەوە جەماوەریە گەورەیە • کە بەرزی ئەو مانگرتنە کەپشتە ڕادەی قوربانی دانێکی زۆرو بەپێوەرە بەردان ، چەندان شەهیدی بزوتنەوەی قوتابیان لە بانە لاشەی هاوڕێ کرێکارەکانیانەوە در ژ بوو •

ئەوەی لێرەدا جێگای ڕێزە یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق باش ساڵێك بەسەر تێپەڕبوونی ئەو مانگرتنە یادی ئەو شەهیدانەیان کردەوە ، هەر بەو بۆنەیەوە بەیان نامەیەکیان بڵاوکردەوە تیایدا داوای لەجەماوەری قوتابیان کرد ، کە بەم بۆنەیەوە مانگرن و یادی ئەو بیرەوەریە زیندوبکەنەوە ، لەهەموو کولیج و ئامۆژگاکاندا • هەرچەندە حکومەت هەوڵیدا بۆ ئەوەی مانگرننەکە بە قوتابیان بشکێنن ، بەڵام قوتابیان ئازایانە دەوامیان نەکرد و توانیان لەبیرەوەری یەکەم ساڵەی شەهیدبوونی هاوڕێکانیاندا یادیان بکەنەوە •

ئێمەش بەناوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراقەوە یادی ئەم بیرەوەریە مەزنەئەکەینەوە ، لەیادی ئەم بیرەوەریەدا یادی ئەو پاڵەوانانەش ئەکەینەوە کە بە خوێنی پاکیان ڕێبازی خەباتی بزوتنەوەی قوتابیانیان ئاوداو ، بونە پێشڕەوی ئازایەتی و دەرسێکی وایان دا بەو تاقمە عەسکەریە دکتاتوریەی کە جەماوەری جەوساوەیان بەهەموو شێوەیەکی جەوساندنەوە ئەجەوسانەوە •

لەم بیرەوەریە زیندوو پڕلەشانازی و خەباتە مەزنەدا •• بیرەوەری یەکگرتنی جەماوەری شۆڕشگێڕ ، بەوبەڕی ڕێزلێگرتنەوە پەیمان نوێ ئەکەینەوە کە بەو بەڕی دلسۆزی و وەفاوە لەخەباتو کارکردنی شۆڕشگێڕانە دوانەکەوین لەڕێگای کارو بنیاتنان و گۆڕانی شۆڕشگێڕی سوشیالستانە •

لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی
- عیراق

هەواڵەکانی یەکێتی

● **کۆڕی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی فراوان لە هەولێر**

لقی هەولێر بەردەوام کۆڕی فراوان ساز ئەکا ، لە ڕۆژی ٢٩-٢-١٩٧٦ بەڕێز غازی شریف سەرۆکی لقی هەولێر لەو کۆڕە فراوانەدا بەشدار بوو ، کە بۆ ئەندامانی کەرتی کچان کیرا •• ئەوەی شایەنی باسە خوشکە سناء معروف ئەندامی لق و لێ پرسراوی کەرتی کچان ئامادەبوو ، کۆڕەکە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند •

● لە سەردانیکا بۆ کویسنجق برادەران بەدر مصطفی و رفعت عثمان لە ئەلێ پرسراوی کەرتی کویسنجق کاك طاهیر بشیر ، کۆڕێکی فراوانیان بۆ قوتابیان ساز کردو لە کیرو گرفتەکانیان کۆڵانەوە ••

● ڕۆژی ١٩-٣-٧٦ لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەلبەندی هەولێر کۆبونەوەیەکی ئاسایی کرد •

تێکۆشانی قوتابیانی فەلەستین نیشانەی خۆڕاگرتن و ئازایەتی یە

ئەو ئازارو ناخۆشیانەی کەلی فەلەستین بەهۆی ڕەگەزپەرستە زایونیزمەکان و ئیمپریالی جیهانەوە توشی هاتوە نیشانەی یەکێکە لەو تاوانە نارەوایانەی بەرامبەر مرۆڤایەتی کراوە •

لەبەرئەوە هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دنیا هەڵوێستی پشت گیری بەرامبەر مەسەلەی کەلی فەلەستین ئەنوێنن و هۆزی تاوانباری ئەنێن بە نیژچاوی زایونیزمدا ، کە هەموو ڕۆژێ لەدژی کەلو خاك و ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیری و هێزوی و ئابوری کەلی فەلەستین خرابەو تاوان ئەکەن •

ئاشکرایە ئەم تاوانە ئالەباریانە لەپشتی سەری ئیمپریالی جیهانی و کۆنەپەرستانەوە ئەکرێت ، جەماوەری چەوساوەی کەلی فەلەستین بەربەستی ئەکات و بەرویا وەستاوە بەتایبەتی دوای ئەوەی لە شەستەکاندا لە ئەنو نیشتمانی داگیرکراوی فەلەستینەوە (خەباتی چەکداری) دەستی پێکرد •

لەم ڕۆژانەدا خەباتی چەکدارانە و نیشتمانی لە ناو فەلەستینا لەو بەری بەری بەرزیدایە ، وە هەموو جەماوەری چەوساوەی جیهان شەرەف ، ژن و پیاوو کرێکارو جوتیارو قوتابیان بەشداری تیا ئەکەن • دانیشتوانی قودس و خەلیل و ڕامەالله بەربەرەکانی هێزە داگیرکەرە زایونیزمەکان ئەکەن لە شەقامەکاندا لەگەلیاندا بەشەڕ دێن •

هەروەها قوتابیە ئازاو جەربەزەکانی فەلەستین لەو خۆپیشاندان و ئارەزایی دەربڕینانەدا بەشداریان کردوە، دژی هیزەکانی زایونیزم شەڕی توندو تیژیان کردوە ، ژمارەیەکی زۆریان لە دام و دەزگاو دامەزراوەکانی دوژمنیان سوتاندوە ، بەردبارانی ئۆتۆمۆبیلی سەربازی دوژمنیان کردوە ، لە ئاکامی ئەم کارە پاڵاوانیانەدا بەسەدان قوتابی و لاوان گیراون و خراونەتە بەردەم دادگاکانی زایونیزم و سزا دراون •

ئێمەی جەماوەری قوتابیان لە عێراق بە ناوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کە بەشێکە لە یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق •

سلاوی خۆمان ئەگەیەنینە هەموو فەلەستینیەکی خاوەن شەرەف لەناوەو دەرەوەی نیشتمانی فەلەستینی داگیرکراودا •• سلاو لەوەی نەختێ خۆل هەڵئەگرێ و ئەیدا بە ڕووی دوژمنا ، یان وێنەی تابلویەك ئەکێشی و تیایدا ڕوی ناشیرینی زایونیزم دەرئەخاو لەناو بازاری ئیمپریالیەکاندا بڵاوی ئەکاتەوە •• سلاو لەوەی بەسەر تەلی کارەبایدا ئەبەڕێتەوە و لەناو قودساشەوی ڕەگەزپەرستە زایونیزمەکان گۆڕ ئەکا بەرەو تاریکی و شەوی خەوبینیان لێ هەڵساسان ئەکەن ، لە ناو ئەو مالەی کە لە خاوەنەکەیان دزیوە •• پاش ئەوەی لە ناویان بردوە ••

سلاومان بۆ هەموو ئەو هێزە پێشکەتنخوازانەی کە پشتگیری خەباتی کەلی فەلەستین ئەکەن ، لە پێناوی گەڕانەوەو وەرگرتنەوەی خاکی زەوت کراویاندا •

هەروەها پشتی بێ پایانی شۆڕشی ١٧ی تەموزی نەتەوەیی سوشیالیستی ئەگرین ، ئەو شۆڕشەی کە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ، بەسەرۆکایەتی سەرۆك احمد حسن البکر بەرپای کرد •

بۆ یارمەتی دانی مادی و مەعنوی شۆڕشی فەلەستین بۆ ڕزگاری فەلەستین ، کە لەگەڵ خەباتی نەتەوەی عەرەب یەك ئەگرن لە پێناوی یەکێتی نەتەوەی عەرەب ، لەسەر بنچینەیەکی کەلی و دیموکراتی و سوشیالیستیانە •

کە هەموو نەتەوەو کەمە نەتەوەییە براکانی ناونیشتمانی عەرەب لە ئەمەربەستی و ئاشتیدا پێکەوە بژین •

ڕێگای فەلەستین ڕێگای یەکێتیە ••

ڕێگای یەکێتیش ڕێگای فەلەستینە

ڕاپۆرتی سیاسی

حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەقسەو کردەوە تێکۆشاوە بۆ بڵاوکردنەوەو قول کردنەوەی بەهاو نەریتی نیشتمانی و نەتەوەیی و ڕەوشت و خوو پراکتیکی دلێرانەو قوربانیدان و خۆنەپەرستی • وە ئەو بەهاو پراکتیکانە بنچینەی گیانی و ڕەفتاری خەباتە دوورو درێژەکەی بوون و بەو ڕێنایە توانی ڕێگای جۆلاندنی جەماوەر بۆ خەبات و شۆڕش بکرێتەبەر •

ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب

خوێندن و خەباتی قوتابیانی پورتوگال

لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا باسی هەڵوێستی شەڵەژاوی (پورتوگال) مان کرد ، لە هەمو ڕویەکەوە ، بە تایبەتی باری خوێندن و پەروەردە کردن •• هەروەها ڕۆلی قوتابیان و بزوتنەوەیانمان لەم قۆناغە ناسکەی وڵاتەکەیانداو پەیوەندی ئەم بزوتنەوەیە بە ڕیکخراوە جیهانیەکانەوە بە تایبەتی یەکێتی قوتابیانی جیهان •• لەگەل بەشداربونیان لە چالاکی و جموجولەکانی قوتابیانی جیهاندا باس کرا ، •• ئەوا لە دوا بەشی ئەم نوسینەشدا باسی بێداویستی و ئەرکەکانی سەرشانی قوتابیانی ئەم وڵاتە ئەکەین • چۆن خۆیان بەرامبەر بەم ئەرکانە ڕانەگرن و چۆن بەجێی ئەکەن •

ئامانج و داخوازیەکانی قوتابیانی پورتوگال بەشێکی نە پچڕاون لە ئامانج و داخوازیەکانی جەماوەری ئەل بە هەموجینەکانیەوە ، بۆ گۆڕین و ڕۆیشتن بەرەو سوشیالیستی و دیموکراتیەت ••• ئەم ئامانج و داخوازیانەش ئەگەر بە کار کردنی کۆمەڵ و هاریکاری ئەبێ سەر ناگرن •• ئەبێ هەوڵ بدرێ بۆ چەسپاندنی هەمو ئەو پێویستیانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە یاراستنی شورش و دەسکەوتەکانیەوە هەیە •• بە تایبەتی لە مەیدانی پەروەردە و فێرکردندا ، چونکە پەروەردەو فێرکردن بەشێکی کاریگەری ئەم دەسکەوتانەن • لە لایەکی تریشەوە دیموکراتی کردنی خوێندن لە لایەن شورشەوە لەم وڵاتەدا دەسکەوتێکی گەورەی جەماوەرەو پاریزگاری کردنی ئەم سیاسەتە نوێیەی خوێندن ئەرکێکی پێویستی سەرشانی تێکۆشای ئەلی پورتوگالە •• بە تایبەتی کەرتی قوتابیان و دەزگاکانی خوێندن و پەروەردە ، جا بۆیە پێویستە قوتابیان ئەو ئەرکانەی لەم قۆناغەدا کەوتۆتە سەر شانیان بە ئیمانێکی دلسۆزانەوە بیانخەنە بەرچاو •• بەهاریکاری کردن لەگەل دەزگاکانی فێرکردن و پەروەردە دا بۆی تێ بکۆشن •• وە بێکەوە هەوڵ بدەن جیهازی خوێندن و بەرنامەکانی لە بنەڕەتەوە بگۆڕن •• بە مەرجێك شەقڵی کۆن بەسەر ڕوالەتی ئەو سیاسەتە تازەی کە وڵات گرتوویەتیەتە بەر نەمێنێ ••

● قوتابیانی پورتوگال لە پێناوی چەسپاندنی دیموکراتیەت لەناو خوێندن و بەرنامەکانیدا هەوڵ ئەدەن ، بۆ ئەوەی سنوری خوێندن فراوانتر بێ و خزمەتی بەرژەوەندیە کشتی یەکانی وڵات بکات •• ئەو کێرو گرفتە ئابوریانەی بەر لە شورش دروست بوبون لەناو ببرێن •• وە لە هەمو قۆناغەکانی خوێندندا بەرنامەیەکی یەکگرتوی بەکەلك ساز بکرێ ••

لەگەل قوتابیاندا

لایەڕەی خەباتی قوتابیان ئەو ڕاستیە دەرئەخا •

● خۆشکە هەدی توفیق وتی :

هەموو قوتابیەك ئەزانێ ، ڕاستەقینەی خۆی ئەناسێ ، ئەوەی منیش داوای ئەکەم چاوەڕوانی چالاکی و دەستکەوتی پتر ترم بۆ قوتابیانی ئازیز •

لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی نامادەی کردوە •

- دەربارەی ئەو کۆڕانەی لقی هەولێر ڕێکیان ئەخات ، کاك غازی شەریف محەمەد سەرۆکی لقی هەولێر وتی :

تا ئێستا ئەلێك کۆڕمان بۆ قوتابیان ساز کردوە بۆ لەتاو بردنی گیرو گرفتی قوتابیان و بایەخدان بە پێشنیارەکانیان و وەڵام دانەوەیان •

- لەڕێی پێوەندی یەکێتی و ڕێکخراوە میللی و پیشەیی یەکانەوەوتی :

ڕۆژ بەڕۆژ هاریکاری و پێوەندیمان بەهێزتر دەکەین و دلنیاین کە بەسەر هەمو ئەو کۆسانەدا زاڵ ئەبێن •

- دەربارەی دەوری یەکێتی و بەرزکردنەوەی بڵەی زانیاری قوتابیان وتی :

یەکێتیمان بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەرامبەر ئەو ئەرکەی کەوتۆتە سەرشانی دەوری خۆی بینیوە و هەمیشە هەوڵی بەرزکردنەوەی ڕادەی زانیاری و زانستی قوتابیانی داوە ، لەپێناوی هێنانەدەی ڕۆژێکی بەختەوەرو سودبەخش بۆ خزمەتی ئەم کۆمەڵە هەروەك هەڤاڵی تێکۆشەر ماۆستا (صدام حسین) ئەڵێ قوتابیانی ئەمڕۆ سەرکردەی دواڕۆژن •

- دەربارەی بیرەوەری جەژنەکانی مارت و نەورۆز وتی :

مانگی مارت مانگی ئاشتی و خۆشیە ، مانگی زال بونە بەسەر کۆسپەکانی ڕێگای میللەتداو بۆ چەسپاندنی بەختیاری و دوارۆژێکی باشتر ، ڕۆژانی سەرکەوتنە بەسەر کۆمەڵی گومان لێکراوی (مەلا) دا کە بەیارمەتی تیمپریالیزم خوێنی میللەتی ئەمژی •

لەیادی جەژنی نەورۆزی ئەم ساڵدا کە ڕۆژی زاڵبونو سەرکەوتنە بەسەر زوڵم و زۆرداریدا ، ئەم جەژنە بایەخێکی گرنگی هەیە لەدڵ و دەرونی هەمو نیشتمان پەروەرێکی دلسۆزدا •

- قوتابی هونەرمەند کاك منیر علی ئاکرەیی کە دەستێکی باڵای لەنیشان کێشاندا هەیە ، دەربارەی وێنەکانی سەرەتای دەستدانە نیگار کێشان وتی :

ساڵی ١٩٦٩ بەسەرەتای خولیای نیگار کێشانم ئەژمێر درێت ، هەمیشە لەم ڕووەوە ڕۆژ بەڕۆژ هەوڵ ئەدەم تاوەکو ڕێگای داهاتوم • بەرزو ڕۆشنتر بێت • لێرەدا ئەڵێم لە پێناوی خزمەت و گەیاندنی هونەری کوردیدا بە تایبەتی ئەکەر چاوك بە پارێزگاکانی کوردستاندا بخشێنین ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە دەستی هونەری هونەرمەندە قوتابیەکان زۆر خولقێنەرەو ، لەو بەڕی یەرە سەندنایەو پێویستە دەستیان بگیرێت و ئاگاداری بکرین •

لەزوربەی پیشانگاکانی قوتابخانەکانی شاردا بەشداریم کردوە ، جگە لەوەی ئاواتمە پیشانگایەکی تایبەتی بکەمەوە •• ئەم تابلویەش •

● بە ناوی « ڕزگار کردنی خاکی داگیرکراوە » زەیتی یە ١٢٠سم × ٨٠سم پێش کەش بەلایەڕە بیرۆزەکەی خەباتی قوتابیانی کوردستانی ئەکەم •

● خوشکە پەرزین عمر دەربارەی دەوری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی :

یەکێتی دەورێکی باڵای هەیە ، زۆربەی زۆری داوا کاریەکانی قوتابیانی هێناوەتەدی ، ئەمەش بۆ ئەوەی قوتابیان بە پەرۆشەوە لە دەوری کۆببنەوە ، بۆ هێنانەدی دەستکەوتە مەزنەکانی •

• ئەم هەواڵە •

بەبۆنەی بیرەوەری دامەزراندنی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە لە (٧)ی نیسانداً •

لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان میهرەجانی شیعر خوێندنەوە لەهەولێر بۆ قوتابیان ساز ئەکات •

لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقەکانی یەکێتی ئەم میهرەجانە بۆ بەرهەمی خامەی ئەو قوتابیە لاوانەیە کە خوێنەی بەرهەمەکانیان لەبەهاری ئەدەب و مرۆڤایەتیدا ئەبینێ •

ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

- ١ -

ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن هێزێکی کاریگەرن لەو هێزانەی خەباتی شۆڕشگێڕی بەرەوپێشەوە دەبەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێ ، هەروەها تاکە هێزی ئەو دەزگایانەیە کە دەیانەوێ بنەتانی کۆمەڵی کۆن بگۆڕن و هەرچی لایەنێك پەیوەندی بەم کۆنەوە هەبێت نەیانەوێ ، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو دەسەڵاتە بەسەرچووەکان دەیانویست جەماهیرو قوتابیانیش لەکاروانی کۆمەڵایەتی دابپڕێنن و هەندێ ڕۆشنبیری وا بلاوبکەنەوە کە تەنها بۆ ئەوە دەستبدات بیروباوەڕی خەڵك تێك بدات • لێ خۆ ڕۆشنبیریش ئاکارەکە لە ئاکارەکانی بوونی نەتەوەو هێزێکی ترنکیش بوە بۆ پتەوکردنی هێزی دروست کردن و بەرەو پێشەوە بردنی شارستانیەت •

بۆیە دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین دەوری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لەبەر ڕۆشنایی کۆڕان و ئواستەوەی کۆمەڵایەتی و ئابوری ڕۆشنبیری دیاری دەکرێتەوە کە ئەمڕۆ وولات لەژێر ئالای حیزب و شۆڕش دەژی و دەبێ دوو لایەن بکرێتەوە •

یەکەمیان دەبێ ڕۆشنبیری دەرەبەگی و بۆرژوازیانە بروخێنرێت و دووەمیشیان ئەوەیە دەبێ ڕۆشنبیری جەماهیری بەپێی ئەو ئامانجانەی حیزب دەستنیشانیان دەکات ئاراستە بکرێت و بلاویش بکرێتەوە تا خەڵك بەتەواوەتی لەباری سەردەم و گۆڕانەکانی بگات وە تا هەموو مرۆڤێکیش لەوە بگات کە کاری گواستنەوەو دەسکەوت لەوە دەرچوون تەنها شوێنێك و ناوچەیەك بگرێتەوە •

بەپێی ئەم سەرەتایەی سەرەوەش کۆنگرەی دەیەمی گشتی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق ئەم بریارانەی دەرکرد •

١ - دەورەی هوشیار کردنەوە : ئەم دەورانە بۆ کاری یەکێتی زۆر پێویستەو دەبێ بروویان بێ بدرێت تا کۆمەڵێ کادیر لەقوتابیان هەڵدەبژێردرێ و خزمەتی نیشتمان بکەن •

بۆ ئەم مەبەستەش دەڵێین :

أ - مەکتەبی تەنفیزی دەورەیەکی سالانە دەکاتەوە بۆ ئەندامەکانی لقەکان لەهەموو پشوویەکی هاوینیان دا •

ب - لە لقەکانیش دەتوانرێ دەورە بکرێتەوە بەمەرجێ سوود لە بیریارو ڕۆشنبیری دەورەی مەرکەزی وەر بگرێت •

ج - مەکتەبی تەنفیزیش گەڵێ دیراسە بڵاو دەکاتەوە جا چ لەبارەی ڕۆشنبیری بێت وە چ سیاسی بێت بۆ ئەوەی قوتابیان سوودی لێ وەربگرن وە لەباری سەردەم بگەن •

٢ - مەلبەندە ڕۆشنبیری یەکان :

ئەو مەلبەندانەش دەورێکی باڵا لەهوشیار کردنەوەی قوتابیان دەگێڕن و تا بەهەرەو لێهاتوویی یان بەرزتر بکاتەوە •

٣ - نەهێشتنی نەخوێندەواری :

لەبەر ئەوەی یەکێتی بڕەوێکی زۆر بەوە دەدات کە قوتابیان بەوە ڕابهێنێ کە هەربەکە لەلای خۆیە دەست درێژ بکات بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و وولات سەرایای خوێندەواری هەبێت بۆ ئەم مەبەستەش کەلێ دەورەو مەرکەزی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری کراوەتەوەو قوتابیانیش دەوری پیرۆزی خۆیان لەم بوارەدا دیوە بەجۆرێ لەگەل خواستو مەرامەکانی سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش یەك بگرێتەوە •

- ماوێتی -

هاوکاری

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە دەزگای هاوکاری چاپ و بڵاو کردنەوەی کوردی دەرئەچێ

ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦ ساڵی ١٩٧٤

Institut kurde de Paris

هاوکاری

الـتـضـامـن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لە دەزگای هاوکاری چاپو بلاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ
لە « دار الحریة » چاپ دەکرێ
وزارة الاعلام
دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلاني
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

68311, 68312, 68313

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە — ١٩٧٦/٤/٨ ژمارە (٣١٢) — « ١٢ » لاپەرە — « ٢٥ » فلس

سەرکومار نامەیەکی سەرکردەکانی سوفیەتی پێ گەیشتوە

سەعات ١٢ی نیوەڕۆی سێشەممەی رابوردو سەرۆك احمد حسن البكر لە نیشتەجێی رەسمی خۆی لە کۆشکی کۆماری چاوی بە بەریز ئەناتولی بارکوفسکی بالوێزی سوفیەت لە عیراق کەوتوە .

مامۆستا بارکوفسکی نامەیەکی سەرکردەکانی

بڕوانە ـ ل ـ ١١ ـ

فەرماندەی دامەزرێنەر لە بیرەوەری ٢٩ ساڵەی دامەزراندنی حیزبدا :

ڕاست گۆیی لەگەڵ خۆ و جەماوەر دا هێزی سەرکردەتنە هەمیشەییەکانی حزبە

وتارەکەی فەرماندەی دامەزرێنەر هەڤاڵ میشیل عەفلەق سکرتێری گشتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە بیرەوەری ٢٩ ساڵی دامەزراندنی حزبدا

بە بۆنەی ٢٩ ساڵەی دامەزرانی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە فەرماندەی دامەزرێنەر هەڤاڵ میشیل عەفلەق سکرتێری گشتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە نیستگەی رادیۆو تەلەفزیونی بەغدا وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی : سەرکەوتنی حزب بە سەر هەموو گیروگرفتو کەندو کۆسپێکدا لەوەوە هاتووە کە لەگەڵ خۆیی و لە گەڵ جەماوەر ڕاست گۆ بووە . هەروەها سەرکەوتنی تاقی کردنەوەی حزب لە عیراق هۆی بە هێز بوونی تێکڕای نەتەوەی عەرەبە ئەمەش تەواوی وتارەکەیە :

هەڤاڵانی خەباتگێڕ ... جەماوەری نەتەوە جوامێرەکەمان ...

لەم بیرەوەریەدا ... یادی بەسترانی یەکەمین کۆنگرەی حزبتان ... حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب پێش بیستو نۆ ساڵ ، سلاوی ڕێزو شانازی پێوەکردن لە نەتەوەی جوامێری عەرەبمان ئەکەین ئەو نەتەوەیەی کە لەپورو رابوردوە پرشنگدارەکەی سەرچاوەو هاندەرمان بوو بەرەو کارکردنی شۆڕشگێڕانەو بڕوا بوون بە خۆمان .

سلاوی خۆشەویستی و ڕێزلێنان لە جەماوەری تێکۆشەری نەتەوەی عەرەبمان ئەکەین کە بەعس لە ناوجەرگی دا لە دایك بوو کە هەمیشەش خەباتو رەسەنی یەکەی لە بیلانە جۆر بەجۆرەکان پاراستوە کە بۆ پێشیل کردنی گوڕو تەوزمە شورشگێڕی یەکەی رەنگیان ئەڕژرا .

بڕوانە ل ٧

عەمید ئامر کولیجی ناوبراو وتارێکی خوێندەوە پێخۆشحالی بەرامبەر بە هاتنەکەی مامۆستا جێگر نیشان دا وە ستایشی سەرکردایەتی حزبو شۆرشی کرد کە چۆن بایەخ بە دامەزراوەکانی سوپا ئەدەن بۆ دامەزراندنی لەشکرێکی بیروباوەڕ دار بە تازە ترین چەکی پەروەردەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکە نەتەوایەتیەکانی سەرشانی بەجێ بێنێ . وە داوای لە دەرچوانی دەورەکە کرد کە هەمیشە لە روی پیلانەکانی ئیمپریالیزمدا ئاگادار بن کە زایونیستەکانو ڕێکخراوە خۆ بەدەستەوە دەرەکان جێ بەجێی ئەکەن دوای ئەو ملازمی یەکەمی پزیشك عصام صادق المرایاتی وتاری ڕێکخراوی حزبی بەعسی

ئەنجامی ئەو بەرەی عەرەبەمان ڕوبەڕوی گەلێك بەلایەکی دوڕندانە وەستاوە کە سوێند خۆرەکانی ئیمپریالیزمو هاوکارە خۆ

بڕوانە ـ ل ـ ١١ ـ

ناهەنگی دەرچونی دەورەی ٢٦ هەمینی ئەفسەرانی کولیجی ئیحتیات :

بە سەرپەرشتی سەرۆك احمد حسن البكر

ڕۆژی سێ شەممەی رابوردو بە سەرپەرشتی سەرکومار احمد حسن البكر سەرکردەی گشت هێزی چەکدار ناهەنگی دەرچوانی دەورەی ٢٦ هەمینی ئەفسەرەکانی کولیجی ئەفسەری ئیحتیات کرایەوە .

وە لە جیاتی سەرکۆمار بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش فەریق روکنی یەکەم مامۆستا صدام حسین بەشداری ناهەنگەکەی کرد .

مامۆستای جێگر لە سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی ئەیشتی کولیجەکەدا خوێندەوە .. جێگای ناهەنگەکەو سلاوی تیدا وتی .

لە کۆتایی ئەو سلاوەی کە لەلایەن فەریقی روکنی یەکەم سوپاسلاری گشت هێزە چەکدارەکانو عەمید ئامری کولیجی ئەفسەری ئیحتیات تەماشای دەرچوانیان کرد ..

شۆڕشگێڕانی بەرەی ڕزگاریخوازانی عەرەب ئاهەنگی بیرەوەری هەوتەمین بیرەوەری یەکەم تەقەکردنیانە ئەگێڕن

شۆڕشگێڕانی بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەب ، شۆڕشگێڕانی نەتەوەی عەرەب ڕۆژی سێ شەممەی رابوردو ریکەوتی ٦ی نیسان بە بۆنەی حەوتەمین بیرەوەری یەکەمین تەقەکردنیانەوە ئاهەنگیان گێڕا .. شۆڕشگێران زیاتر لە هەرکاتێك خۆیان بە بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕانەی عەرەبو ریبازی خەباتی چەکدارانەی گەلەوە بەستۆتەوە .. چونکە خەباتی چەکدارانە بە یەکەم ڕێگای چارەسەر کردنی کێشەی فەلەستینو ڕزگاری خاکی زەوت کراوی فەلەستین دانەنێن .

لیژنەی سیاسی شۆڕشی فەلەستین لە عیراق سەر لە ئیوارەی ڕۆژی سێشەممەی رابوردو ئاهەنگێکی جەماوەری فراوانی لە زانکوی مستنصریە گیراو .. وتاری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو بەرەو لیژنەی سیاسی شۆڕشی فەلەستینی تیا خوێندرایەوە

بڕوانە ـ ل ـ ١١ ـ

پیرۆزبایی لە سەرکردەی سیاسی بەبۆنەی بیرەوەری ٢٩ ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبەوە

هەڤاڵان ئەندامانی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو هەڤاڵ احمد حسن بکر سکرتێری سەرکردایەتی قطری حزبو هەڤاڵ صدام حسین جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری حزب بەبۆنەی ٢٩ ساڵەی دامەزراندنی حزبی فەرماندەی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە ئەم بروسکە پیرۆزبایییان پێ گەیشتوە :ـ

● فەرماندەی ئەلشکری گەل

هەڤاڵان سکرتێری سەرکردایەتی قطری و سەرکۆمارو فەرماندەی شتی هێزی چەکدار خەباتگێر احمد حسن بکری بەڕێز :

بۆبۆنەی بیستو نۆ ساڵەی حزبی فەرماندەمان حزبی جەماوەری عەرەب بە ناوی خۆمو لە جیاتی هەموو ئەندامانی لەشکری گەل کە پالپشتو پشتیوانی لەشکرە دلێرەکەمانو نەتەوەی عەرەبمانن سلاوی خەبات و شۆڕشی هەمیشەیتیان پێ ئەکەمو بەلێنی نوێ ئەکەینەوە کە دلسۆزی فەرمانتان بینو بەحوێنی بارێزگاری دەسکەوتەکانی شۆڕشەکەمان بکەین .

هەروەها وەك باوك و فەرماندەی ڕەونی شورشەکەمان و بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان لە یەکگرتن و سەربەستی و سۆشیالیستیدا .

طه یاسین الجزراوی
فەرماندەی ئشتی لەشکری گەل

هەڤال جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری ، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خەباتگێر صدام حسین بەڕێز .

بەبۆنەی بیستو نۆ ساڵەی دامەزرانی حزبی فەرمانده حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بە ناوی خۆمو لە جیاتی هەموو ئەندامانی لەشکری گەل ، لەشکری نەتەوەی عەرەبو پشتیوانی لەسەرە سەرکەوتووە ئەمان سلاوی خەباتتان لێ ئەکەم ... ئیمە هەر دلسۆزی بەلێنو پەیمانین بۆ تێکوشان لە پێناو بەدی هێنانی ئامانجی نەتەوەکەمان لە یەکگرتنو سەربەستیو سوشیالیستی .

طه یاسین الجزراوی
فەرماندەی ئشتی لەشکری گەل

● لیژنەی ئامادەیی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەڤاڵان ئەندامانی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی تێکوشەر .

هەڤاڵان ئەندامانی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی هاوپەیمان .

بە ناوی خەباتگێرانی پارتی دیموکراتی کوردستان مانو جەماوەری گەلی کوردمانەوە ، بە بۆنەی دامەزرانی حزبە تێکۆشەرەکەتانەوە گەرمترین پیروزباییتان لێ ئەکەین . دامەزراندنی حزبتان سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە بزوتنەوەی عەرەب بوو ، ئەوەبوو ئێوە خەباتتان لە پێناو ڕزگاری نەتەوەیی دا تووندوتۆل بە تێکۆشانەوە گرێ دا لە پێناو سەربەستی نیشتمان دا ...

ئیمە لەم بۆنەیە پیرۆزو خۆشەویستەدا بەڵێنتان ئەدەینێ کە دلسۆزی پەیمان ئەبین و دەسکەوتەکانی گەلی عیراق ئەپارێزین لەمانە تۆتۆنومی کوردستان .

ئیتر بجن بۆ پێشەوە لە پێناو عیراقێکی سوشیال دیموکراتی گەشە کردودا .

لیژنەی ئامادەیی
پارتی دیموکراتی کوردستان

● کومیتەی ناوندی حزبی کۆمونیستی عیراق

کۆمیتەی نەتەوەیی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب

سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب

هەڤالانی نازیز :

کومیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیستی عیراق پێخوشحالە لە بەبۆنەی بیستو نۆ ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی هاوپەیمان پیرۆزبایی لە نیژەو ئەندامانو جەماوەری حزبتان بکات .

ئەم بۆنەیە بە هەل ئەزانین بۆ ئەوەی سلاو لەو دەسکەوتە گەورانە بکەین کە دەسەلاتی نیشتمانی پێشکەوتنخواز بە سەرکردایەتی حزبتان بەدی هێناون . وەپشتگیری پەیڕەوە نەگۆڕاوە شۆڕشگێڕەکەتان ئەکەین کە لە خەباتدا لە سەری ئەڕۆن دژی ئیمپریالیزمو لە پێناو سەرکەوتنی تردا بو گەلەکەمانو بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب .

کۆمۆنیستانی عیراق و دۆستانیان بەشداری تان ئەکەن لە ناهەنگی دامەزراندنی حزبەکەتان . وە ساغی ئەکەنەوە کە بڕوایان پتەوەکە هاوپەیمانی نێوان هەردوو حزبو هێزە نیشتمانی یەکانی تر لە چوار چێوەی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازدا پتەوتر ئەبێت .

هەروەها ساغی ئەکەنەوە کە بەردەوام ئێ ئەکۆشن لە پێناو بەدی هێنانی ئامانجەکانی گەلی عیراقو نەتەوەی عەرەبمان دا .

دووبارە پیرۆزباییتیان لێ ئەکەینو داواکارین کە حزبتان سەرکەوتنی تر بەدەست بهێنێ .

کۆمیتەی ناوەندی
پارتی کۆمۆنیستی عیراق

● مەکتەبی سیاسی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان

هەڤالان ئەندامانی بەڕێزی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب

هەڤالی تێکۆشەر مهیب احمد حسن بکر سکرتێری سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب .

هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب .

هەڤالان ئەندامانی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب .

بڕوانە ل ٧

لە بیرەوەری ٢٩ ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعس دا

بەرەو پاشەڕۆژێکی ڕوناکی پڕ دەسکەوتتر بۆ تێکڕای جەماوەری گەل

ئازادی خوازانی کورد پێکەوە لەگەڵ گشت هێزە پێشکەوتنخوازەکانی وڵات لەکانگای دلیانەوە بەکوڵ پێخۆشحالی خۆیان دەرئەبڕن لە ئاست ئەم ڕوداوە مێژوییەداو زۆر بەگەرمەوە رازو نیازی خۆیان دەرئەخەن ، بەوپەڕی ڕێزەوە پیرۆزبایی ڕۆژی لە دایك بوونی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئەکەن . ئەم حزبە نیشتمانییە تێ ئەکۆشێ کە لەتاو جەرگەی ئەم جەرخە نوێیە شۆڕشگێڕی یەدا چەرخی زال بوونو سەرکەوتنی گەلانو روخاندنی ڕێژیمی ئیمپریالیزمو دیاری کردنی چارە نووسی گەلان لە دایك بووە .. بە درێژایی سێ یەکی سەدەیەك سەرکوزشتەیەکی بەنرخو شانازی بوەو لاپەڕەیەکی زێڕینی بایەخ داری نیشتمانیو شۆڕشگێڕانەی تۆمار کردوەو لە ڕێڕەوی کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی عەرەب دا بەتەوژم بەرەو پێش هەنگاوی ناوە .

بڕوانە ل ـ ٩ ـ

Institut Kurde de Paris

کەم بونەوەی کوچی جولەکەکان بو فەلەستین

– عادل –

ژمارەی کوچکردنی جولەکەکان بۆ خاکی داگیرکراو لە ساڵی پارەوە زۆر کەم بۆتەوە ، شلوموروزن وەزیری کۆچکردنی جولەکەکان لەم دواییەدا وتویە : لە ساڵی ١٩٧٥ دا ٢٠ هەزار جولەکە کۆچیان کردوە بۆ فەلەستین ، وە لە ساڵی ١٩٧٤ دا ٣٢ هەزار بوە ، ژمارەی ساڵی ١٩٧٣ نەیشتۆتە ٥٥ هەزار کەس .

بەڵام لەم دواییەدا کۆچکردنەوە دواوە دەستی پێکردوە ، هەرچەند کار بە دەستە زایۆنیستەکان ویستویانە بەربەستی لەو کوچکردنە دواوەیە بکەن بەڵام بۆیان نەکراوەو لە ماوەی چوار ساڵی رابوردودا ١٧٠ هەزار جولەکە گەراونەتەوە بۆ دەرەوەی فەلەستین .

ئەمەش چەند هۆیەکی هەیە وەکو :

● ئالۆزی باری ئابوری لە ناو دەوڵەتۆکەی زایۆنیستە رەگەز پەرستەکانا .

● نەبونی ئاسایش و سەقامگیرنەبونی باری هێمنی وڵات بەهۆی دەست وەشاندنی فیداکارە فەلەستینیەکانەوە .

● لەگەڵ ئەو هەموو یارمەتیانەی کە ئەمەریکاو دەوڵەتە تیمپریالیزمیەکانی تر ئەیدەن بە زایۆنیستەکانو بیتاکیان بۆ ئەکەن و جولانەوە رەگەزپەرستیەکانی زایۆنیزم بۆیان تێ ئەکۆشێ لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هێشتا باری ئابوری وڵات توشی شکستی دارایی بوە .. لە ساڵی ١٩٧٥دا بودجەی زایۆنیستەکان شەش جار دوباری ئابوری سەدەی بوە ، کە نیوەی ملیار دولار بە بودجەی زایۆنیستەکان دەدرێ هێناوە .

ئەمانە جگە لە چەند دیاردەیەکی تر وەکو زۆر بونی باج و رسومەکانی بر کە تا ئێستا کەسێک ١٠٪ بەروبومی هەفتەیەکی بدات کە ئەمەش کەورە ترین باجە کە لە جیهانا لەسەر خەڵک دانراوە .. دیسانەوە لە بواری تەندروستی و خانوبەرەو نیشتەجێ بون و خوێندن و بارمتەی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریەکانی تردا هەمو نرخێک بەرز بۆتەوەو پێ ئیشەکانیش زۆرەیان زۆر بوە .

لە ٤٠٪ بودجەی زایۆنیستەکان بۆ کاروباری ئەسکەری و بەرهەلستی کردنی عەرەب دائەنرێ .. جگە لەوەش کە فیداکارانی فەلەستین چەندان جار زیاتر لەوە زیان بە دەزگاو دامەزراوە ئابوریەکانیان ئەکەوێ و رەوتی بەرهەم هێنانیان شل ئەکەنەوە ..

نەبونی ئارامو هێمنی لە ناو قەوارەی زایۆنیستەکانا بە هۆی کاری شورشگێرانەی فیداکارانی عەرەبەوە لەناو دلی خاکی زەوت کراوا بۆتە هۆی تێکدانی باری ئابوری و کوچکردنە دواوەی جولەکەکان .. **راپۆرتێکی ئاژانسی** دەنگویاسی فەلەستین ئەڵێ : لە ساڵی ١٩٧٥ دا فیداکارانی فەلەستین ٤١١ جار بەلاماری بنکە سوپاییەکانی زایۆنیستەکانیان داوە رێکخراوە عەرەبیە خۆ بەدەستەوە دەرەکان لە **بواری ئابوری و سیاسی** و کومەڵایەتیدا گەلێک خزمەتیان بە قەوارەی زایۆنیستەکان کردوە ، لەو کاتەوە کە رێکەوتنە خۆبەدەستەوە دەرەکەیان داناوە .

ئابوری زایۆنیزم و .. نەخۆشیەکی گران

ئابوری رێژیمی زایۆنیزم بەندە بە پیتاک کۆکردنەوەو کۆمەکی سەرمایەدارە زایۆنیزمەکانەوە کە لەدەرەوەی خاکی داگیرکراو ئەژین ، هەروەها بە و یارمەتیو بەخشیشانە ئەژی کە دەوڵەتانی رۆژئاوا ، بە تایبەتی ئەمەریکاو ئەڵەمانیای رۆژئاوا پێشکەشی دەکەن .

ئیستاش چەرخی ئابوری زایۆنیزم بە جۆرێکی زۆر نائاسایی ئەسوڕێتەوە ... چونکە بەرهەمی (مادی) خودی (ذاتی) رێژیمی ناوبراو زۆر کەمترە لە پێداویستی یەکانی خەڵک ، واتە ئەوی دانیشتوان لە ژیانی رۆژانەو کوزەرانی ئاساییاندا بەکاری دەهێنن زیاترە لەوەی کە لە خاکی داگیرکراودا دێتە بەرهەم ..

زانینی ئەم راستیە ، دەست نیشانی باشەرۆژی ئابوری ئەم رێژیمەمان بۆ ئەکات و ساختەکانەوە کە ئەکەر ، رۆژی لە رۆژان ، یان لە قۆناخێکا ، ئەو پێتاک کۆکردنەوەیەو کۆمەکو یارمەتیە کزی هێناو سەرچاوەکەی وشک بوو ، دەبێ توشی ج کێشەیەکی ئابوری قورس و گران بێ ... شتێکی دیارە کە کێشەکە لەم چوارچێوەیەدا خۆی ئەنوێنێ : بڵاو بوونەوەی بێ کاری و نزم بوونەوەی رادەی کوزەرانی دانیشتوان و کێژاوێکی ئابوری کوشندە .. بەدەس هەموو پێکەوە دەبنە هۆی کەم بوونەوەی ئەوانەی نیازی هاتنە خاکی داگیرکراویان هەیە و ژمارەی ئەوانەی دەیانەوێ بچنە دەرەوە زۆرتر بەبێو زۆرتر خەڵکی دەیانەوێ لە ئابوریەی باشەرۆژی رەس خۆیان رزگار بکەن و ، ئەم دواییە داپرۆکراوەو ئەو لە ساڵی ١٩٧١دا (١١) هەزار کەس خاکی داگیرکراوی بەجێ هێشتوەو لە ساڵی ١٩٧٤دا ئەم ژمارەیە خۆی کەیاندۆتە (٢٤) هەزار کەس .

● سیاسەتی زیاد کردنی باج :

رژێمی سەهیۆنی بۆ خۆ رزگارکردن لە یاری کەنگی باجی جل و بەرگ ١ر٣٠٪ و باجی سەبزەکرین ٧ر٢٥٪ . هتد

ئەم سیاسەتە لە باشترین سیستەمێکی تێک ئالۆزی ئەوتۆ دروست دەکات کە ئەنیا هەر لەو جۆرە ولاتە رەگەز پەرستانەدا بەدی دەکرێ و ئەنجامەکەشی زۆر خراپ ئەبێ .

● ئەنجامەکانی جەنگی تشرینی ١٩٧٣ :

ئابوری سەهیۆنی ئاتیستاش لە ژێر باری گرانی ئەنجامەکانی جەنگی تشرینی ١٩٧٣دا ئەناڵێتەوە .

لەم بارەیەوە بنحاس سابیری وەزیری دارایی سەهیونی وتبووی : کە لە ساڵی ١٩٦٧ وە تاوەکو ساڵی ١٩٧٣ بۆ کاروباری جەنگ و بەرگری (٦) ملیار دولاریان خەرج کردوەو ، هەروەها و تیبووی کە پێویستیان بە (٩) ملیار دۆلاری تر ئەبێ بۆ خۆ بە هێزکردن و چاوەڕوانی کردنی رووداوەکانی رۆژانی نزیکی داهاتوو .

ئەوەی شایانی باسیش بێ تا ئیستاش رژێمی سەهیۆنی ئەیتوانیوە بە گیچ جۆری لە بودجەی بەرگری کەم بکاتەوە ، بەڵکو هەر بەردی پێ دەدا .. باجی وەبەرکەوتن ١ر٣٠٪ و باجی سەبزەکرین ٧ر٢٥٪ . هتد

ئەم سیاسەتە لە باشترین سیستەمێکی تێک ئالۆزی ئەوتۆ دروست دەکات کە ئەنیا هەر لەو جۆرە ولاتە رەگەز پەرستانەدا بەدی دەکرێ و ئەنجامەکەشی زۆر خراپ ئەبێ .

● ئەنجامەکانی جەنگی تشرینی ١٩٧٣ :

ئابوری سەهیۆنی ئاتیستاش لە ژێر باری گرانی ئەنجامەکانی جەنگی تشرینی ١٩٧٣دا ئەناڵێتەوە .

لەم بارەیەوە بنحاس سابیری وەزیری دارایی سەهیونی وتبووی : کە لە ساڵی ١٩٦٧ وە تاوەکو ساڵی ١٩٧٣ بۆ کاروباری جەنگ و بەرگری (٦) ملیار دولاریان خەرج کردوەو ، هەروەها و تیبووی کە پێویستیان بە (٩) ملیار دۆلاری تر ئەبێ بۆ خۆ بە هێزکردن و چاوەڕوانی کردنی رووداوەکانی رۆژانی نزیکی داهاتوو .

ئەوەی شایانی باسیش بێ تا ئیستاش رژێمی سەهیۆنی ئەیتوانیوە بە گیچ جۆری لە بودجەی بەرگری کەم بکاتەوە ، بەڵکو هەر بەردی پێ دەدا ..

بارام

بەڵام لەم رێیەدا تووشی بارێکی نالەبار بوە کە جەنگی تشرینی ١٩٧٣ بۆ سەهیۆنیەکانی دروست کرد ، بۆ نموونە ، لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا ئاچار باجەکان زیادکرانو میقداری کەلوپەلی فرۆشراو بەدەرەوە هاتە خوارەوەو لە لایەکی تریشەوە جەنگی تشرین بوە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەی کارگەرانی کەرتی بەرهەم هێنان ، چونکە زۆریان خرانە کارگەکانی چەک و جبەخانەوە . بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە رژێمی سەهیۆنی چەند هەنگاوێکی نا ، وەکو کەم کردنەوەی نرخی لیرەی سەهیۆنی بەنیسبەتی ٤٣٪ کە ئەمە داشکاندنێکی گەورەی نرخی دراوی سەهیۆنیەو بوە هۆی ئەوەی کە هەر ٧ لیرە . بەرامبەر یەک دۆلاری ئەمەریکایی بوە ستێتەوە

ئەوەی شایانی باسیش بێ تا ئیستا (١٠) جار نرخی لیرە کەم کراوەتەوە ، هەر وەها بپیاردرا کە هەموو نرخ و کرێو

بروانە ل – ١٠ –

فیداکارانی فەلەستین لە ناوچەرگەی تەل ئەبیب دا دەست لە دوژمن ئەوەشینن

بیروت : ئا.د.ع :

رۆژی ٤ – ٤ فیداکارێکی فەلەستین لە ئیستگەی پاسەکانی تەل ئەبیب تەقەی لەچەند سەربازێکی دوژمن کردوەو کوشتونی .

بەپاڵنامەیەکی فیداکاران لەم بارەیەوە وتی :– دەستەیەکی فیداکارانی خاکی زەوت کراو بۆ تۆڵە سەندنەوەی شەهیدانی رۆژی راپەڕینی خاکی داگیرکراو فیداکارێکی جەنگاوریان هەلبژارد کە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکەی کەوتە ئەستۆ سەرکەوتوانە وە لەئەنجامی ئەم دەست وەشاندنە جوامێرەدا ترس و لەرزێکی زۆر لەریزی هێزەکانی دوژمندا بلاو بۆتەوەو هاەتۆشۆی پاس و ئۆتۆمبیلەکان پەکیان کەوتووە ..

کێشەی "پەناما" چی بەسەرهات ؟!

– عەبدولقادر عەزیز –

سەر لەنوێ باشە رۆژو چارەنوسی کێشەی کەنالی پەناماهاتەوە سەر شانۆی رووداوەکانو کەوتەوە بەر سەرنجی دەزگاکانی ئاژانسە دەنگوباسیەکانو رۆژنامەکانی جیهان دەستیان کردەوە بە بڵاو کردنەوەی هەواڵی تیکۆشانی گەلی ئەووڵاتە لە دژی هەڵویستی داگیرکەرانەی ئەمەریکاو باس کردنی باری کێشەی کەنالەکە .

ئەم کێشەیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٣وە دەستی پێ کردەوە ، ئەو کاتە شورشە رزگاریخوازەکەی گەلی پەناما سەرکەوتو ئەو وڵاتە لە کۆڵۆمبیا جیا بۆوەو کۆماری سەربەخوی گەلیان پێک هێنا .

بەڵام لە سەرەتاوە دۆخی ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسی کۆمارەکەیان ناسەنگ بوو ، چاوەڕوانی یارمەتی ئابوری دەرەوەیان ئەکرد بۆ ئەوەی بنچینەی ئابوری خۆیان بەهێز بکەنو باری ئابوری خۆیان سەربەخۆ بکەنو کوزەرانی گەل دابین بکەن ..

ئەمەریکا سودی لەو بارە لاوازەی ئابوری پەناما وەرگرت و دەستی کرد بە ناردنی یارمەتی ئابوری بۆ ئەو کۆمارە ساوایە ، ئەوەو بو حکومەتی واشنتون ئەو یارمەتی ناردنەی کردە پەیانوبەک بۆ بەل هاوتشتە ناو کەنالی پەناماو دەست گرتن بەسەر قەوارەی ئابوری وڵاتەکەدا .

لە ساڵی ١٩٠٣دا بە پێی یاسای مۆنرۆ پەیمانێک لە نێوان ئەمەریکاو پەنامادا مۆر کراو بە پێی ئەو پەیمانە ، کەناڵەکەو گەلی پەناما کەوتنە ژێر دەسەلاتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە . لەو رۆژەو تا ئیستا چەند جارێک گەلی پەناما ویستویەتی خۆی لە کۆتو بێوەندی ئەمەریکا رزگار بکات ..

سەرکەوتنی شورشی کوبا لە ساڵی ١٩٦٠دا پارسەنگی هێزەکانی ئەمەریکای لاینی بەلای خەبات و داواکاری رەوای گەلانەوە شکاندەوە ، ئەم رووداو شورشە سەرکەوتوەی کوبا کاریگی گەورەی کردە سەر گەلی پەناما و لە ساڵی ١٩٦٤دا سەرانسەری وڵات بوو بە مانگرتنو خۆپیشاندان . خەڵکی داوای کۆتایی هێنانی دەسەلاتی ئەمەریکایان ئەکرد ، سەربەخۆ کردنی کەناڵەکە بوو بە دروشمی خەڵکی پەناما ..

لە ساڵی ١٩٠٣دا بە پێی ئەو پەیمانە ، کەناڵەکەو گەلی پەناما کەوتنە ژێر دەسەلاتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە . لەو رۆژەو تا ئیستا چەند جارێک گەلی پەناما ویستویەتی خۆی لە کۆتو بێوەندی ئەمەریکا رزگار بکات ..

سەرکەوتنی شورشی کوبا لە ساڵی ١٩٦٠دا پارسەنگی هێزەکانی ئەمەریکای لاینی بەلای خەبات و داواکاری رەوای گەلانەوە شکاندەوە ، ئەم رووداو شورشە سەرکەوتوەی کوبا کاریگی گەورەی کردە سەر گەلی پەناما و لە ساڵی ١٩٦٤دا سەرانسەری وڵات بوو بە مانگرتنو خۆپیشاندان . خەڵکی داوای کۆتایی هێنانی دەسەلاتی ئەمەریکایان ئەکرد ، سەربەخۆ کردنی کەناڵەکە بوو بە دروشمی خەڵکی پەناما ..

لە ئەنجامدا ئاگری شورشی گەل بەرپا بو ، لەشکری ئەمەریکا بە ئارو ئاسن داخوازیەکانی گەلی پەنامای ئەوکاتە خەفە کرد ، بەڵام گەل وری بەرنەداو درێژەی بە خەباتی شورشگێرانەی داو ئەمەریکای ناچار کرد لە بارەی بنکەو لەشکرەکەیی و باشەرۆی گەلی پەناماوە وتووژ بکات .. بەڵام وتووژەکە ئەگەیشتە ئەو بەنجامەی گەلی پەناما رازی بکات .

ئەمرۆش لە ئەل هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی ئەمەریکادا مەسەلەی کێشەی پەناما هاتۆتەوە پێشەوە .. ئەنجامی ئەم جارە چون ئەبێ ؟ رۆژانی ئایندە وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەدەنەوە .

تێکۆشکانی چارەسەری ئاشتیخواز لە رۆدیسیا

ئەمەریقای خواروی نیگەران کرد .. وە رۆر لەوە ئەترسن ئاگری شۆرشی چەکدارانەی گەلی چەوساوەی رودیسیا هەڵگیرسێ و قازانجی ئەوانیش بخاتە مەترسیەوە .. بۆریە کەوتونەتە خۆ بۆ ئەوەی سالیزبوری بە نەرمی بجوڵێتەوەو لەگەل نیکۆمۆ رێک بکەوێ .. بە تایبەتی پاش ئەوەی کە بۆیان دەرکەوت شورشی رزگاریخوازی نیشتمانی لە ئەنگولا سەرئەکەوێ و پاش ئەوەش بەرەی (فریلیمۆ) لە موزەمبیق دەسەلاتی سیاسی گرتە دەست .

بەڵام مانەوەی هەڵویستی حکومەتی رەگەزپەرست و خۆ ئامادە کردنی بۆ شەڕ لەگەل نیشتمان پەروەرانی ئەفەریقادا ، وای لە لەندەن کرد پیشنیارێکی تازە ساز بکا کوایە سمیث بریار بدات حکومەتەکەی بدا تە دەستی زۆرایەتیەکانی ئەفەریقا و دەست لە یاخی بون هەڵبگرێ .. بە مانا سەر بۆ دەسەلاتی بەریتانیا شۆڕ بکات .. بەو مەبەستەی کە لەندەن بتوانێ هێزەکانی خۆی بنێرێتە رودیسیا و ناو بەو ئاگرەدا بکا .

بەڵام ئەیان سمیث ئەم پیشنیارەشی دایە دواوە .. ئیستا هەردوو لا سمیث و نیکۆمۆ – دانیان بەوەدا ناوە کە وتووێژ بۆ سات و سەودایەکی یاساییانە سەر ئەکەوتوە . چونکە سمی بیستەکان ئایانەوێ دەست لە هیچ داخوازیەکی خۆیان هەڵبگرن ، نیکۆمۆش بۆ ئەوەی توشی نوشوستی سیاسی نەبێ بتویستی بەوە هەیە هەندێک تیمتیاز لە بارەی حوکمی زۆرایەتیەوە لە سالیزبوری وەر بگرێ . ئەمانە بونەتە هۆی بەیەک نەگەیشتنی نوختەی یەکانگیری وتووێژەکە .

وتووێژ لەگەل رەگەز پەرستەکاندا لە کاتێکدا تێک شکاوە کە بەرەگەی شەڕ لە نێوان هێزەکانی رۆدیسیاو شۆرشی چەکدار بە سەرۆکایەتی رێکخراوی کونگرەی نیشتمانی ئەفەریقادا کە بە کەرتی دەرەو ساو دەبرێ کراوەتەوە .

هەرچەند لەندەن نەخشەیەکی تازەی بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی رودیسیا بێک هێناوە کە بریتیە لەوەی ئەیان سمیث حکومی زۆرایەتی قبول بکاتو تا ماوەی دوو ساڵ هەڵبژاردنێکی گشتی بۆ ئەو مەبەستە رێک بخا .. بەڵام وا دیارە ئەمەش ئەنیا هەوڵدانێکە بۆ کات بردنە سەر تا لە ماوەیەک بتوانێ لە رۆدیسیا جێگای پێی خۆی بپارێزێ و لە لایەکی تریشەوە حکومەتی رەگەز پەرستی ئەفەریقای خوارو لە مەترسی روخان رزگار بکا . چونکە بێگومان ئەگەر شەڕی رزگاریخوازی لە رودیسیا بە بەربڵاوی دەست پێ بکرێ زوو یان درەنگ ئاگری ئەو شەڕە بەر ئەبێتە ئیسانی حکومەتی خواروی ئەفەریقا .

نیگەرانی دەزگا ئیمپریالیستیەکان لەوەدا دەر ئەکەوێ کە مەسەلەی رودیسیا خواروی ئەفەریقا باسی سەرەکی وتووژی نێوان گرومیکۆ وەزیری دەرەوەی یەکێتی سوفیەتو جیمز کالاهان وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بو ، کە زۆر لە وە ئەچێ جێگای هاوریلد ویلسون سەرەکی وەزیرانی پێشووی ئینگلیز بگرێتەوە . دوای ئەوە کە سکرتاریتی رێکخراوی یەکێتی ئەفەریقا رای گەیاند کە لایەنگری هیچ وتووێژێک لەگەل ئەیان سمیث نیەو ئەنیا رێگا بۆ رزگاری گەلی زیمبابوی خەباتی چەکدارە .

گرینی کات :

وە ئەبێ ئەنیا لەندەن ئەو مەسەلەیەی بۆ دەر کەونێ ، واشنتۆن و بریتوریاش باش ئەزانی کە هەڵو مەرج بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی ئەفەریقاییەکان لە رودیسیادا ئامادەیە . ئەوان دەزانن کە بەرەی وڵاتانی سوشیالیستی ئیستا بە توندی پشتی خەباتی رزگاریخوازی ئەلانی ئەفەریقا دژی ئیمپریالیزم و ریژیمە رەگەزپەرستەکان دەگرێ و یارمەتی یەکێتی سوفیەتو کوبا بە جوڵانەوەی رەزگاریخوازی گەلی ئەنگولاشیان لە بیرە . ئەمەش لەو کاتەدا کە وڵاتەیکگرتوەکانی ئەمەریکا وەک سەرکردەی بەرەی ئیمپریالیزمی جیهان کەوتۆتە هەڵویستێکی پاشەکشەوە .. لەبەر ئەوەیە دەزا ئیمپریالیستیەکان هەول ئەدەن وەخت بۆ رودیسیاو ئەفەریقای خوارو بکڕن .. بەڵام ئاخۆ ئەتوانن وەخت لە کەس بکڕن ؟! وە یان کێ بۆیان ئەفرۆشێ ..

جموجولی ئەم دواییەی بەریتانیاو هەڕەشەو گوڕەشەی فوردو کیسنجەر کە ئوایا رێگا نادەن ئەنگولایەکی تر لە ئەفەریقادا دروست بێ ، ناتوانن کەس بترسێنن .. تێکشکاندنی ئیمپریالیزم لە ئەنگولادا ئەوەیە کە پاش تێشکانی ئیمپریالیزم لە فیتنامو وڵاتانی هیندیچینداو

بروانە – ل – ١٠ –

Institut Kurde de Paris

لەبیرەوەری (٧ نیسان)دا

هەڵوێستی حزب ...

بەرامبەر نەتەوەکان

هەڵوێستی مرۆڤ پەروەرانە بەرامبەر بەئاوات و ئامانجی رەوای نەتەوەکان پشت بە چەند بنچینەیەکی بیروباوەڕی و مێژووییو پێداویستی یەکانی ژیان ئەبەستێ . بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب کە روو بەڕوی چارەکردنی چەند کێشەیەکی نەتەوەیی ئەبێ لە نیشتمانی عەرەبدا ئاگونجێ هەڵویستی چەوسێنەرانە بنوێنێ لەبواری ئەم کێشانەدا چونکە ئەم هەڵوێستە پاش کەوتوو نامرۆڤ پەروەرانەو تەقەللا بەفیرۆ ئەدات ... لە کاتێکدا کە پیویستە ئەم تەقەللاو هێزانە لەرەوتی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی و لە بزوتنەوەی گۆڕانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا قاڵ بکرێن .

ئەمەش ئەو بنچینە سەرەکییانەیە کە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب پشتیان پێ ئەبەستێ لەکاتی چارکردنی کێشەی ئەو نەتەوانەی لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا ئەژین .

ئەم هەڵویستەی حزبیش کە نواندویەتی و لەسەری رۆیشتوە لەم چەند خاڵانەی خوارەوە هەڵقولاوە :-

یەکەم : هوشیاری و بەئاگاو کامڵ بوونی تیوری یانە لەبیرو بۆچونەکانی حزبدا .

دووەم : کامڵ بوون و هوشیاری هاوولاتی یانی عەرەب .

سێیەم : رادەی کامڵ بوون و هوشیاری و بەئاگای نەویزوتنەوانەی ئەئین وداوانەکەن کە نوێنەری بەرژەوەندی نەتەوەکانی ترن . خاڵی یەکەم و دووەم بەهۆی کارکردنی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبەوە هاتونەتەکایەوە و سێیەم خاڵیش لە کارتێ کردنی ئەم بزوتنەوەیە بەدەرە . ئەوی راست بێ خاڵی سێیەم کێشەیەکی ئالۆز بوو . چونکە چون بێشبڕەوی ئەو نەتەوانەی تر کەلەنیشتمانی عەرەبدان ئەتوانن دەسەبەری بین کە زیان بە بەیوەندی مێژووی نادەن لەگەڵ نەتەوە گەورە سەرەکی یەکەدا کە نەتەوەی عەرەبە ؟ وە چۆن ئەتوانن ناگۆکی لە نێوان ئاواتی نەتەوەیی گەلی عەرەب و ئەو نەتەوانەی تردا دروست نەکەن ؟ لەلایەکی ترەوە ئایێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە ئیمپریالیستەکان هەمیشە تووی گومان و بڕوانە کردن و سڵ کردنەوە لەناو ئەو بزوتنەوانەدا ئەچێنن کەلافی نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندی نەتەوەکانی تر لێ ئەدەن .

هەفاڵ میشیل عەفلەق لەوتارێکدا کە ساڵی ١٩٥٥ بۆ قوتابی یانی مەراکیشی خوێندەوە وتی : نەتەوەو تیرەکانی نیشتمانی عەرەب ناچەوسێنەوە بەڵکو مەسەلەکە بریتی یە لە چەوساندنەوەی زوربەی گەل .

بوونی عەرەب و کورد لەسەر ئەم خاکە پێویستە بەسەلماندن ناکات چونکە ئێمە بوونمان وەك عەرەب و کورد لەعیراقدا ئەوە ئەگەیەنێ کە نیشتمانێکی هاوبەشمان هەیە .

چارەسەرکردنی کێشەی چینایەتی لە چوارچێوەی سوشیالیستیدا کێشەی نەتەوەیی وکەمایەتی یەکان چارەکات .

عەرەب و کوردو بەربەرو ئاشوری و موسلمان و مەسیحی و درزی .. هتد کاتێك بەم شێوەیە بۆ ئەم کێشەیە ئەچین و چارەی ئەبڕێنە سوشیالیستی و نەتەوەکەشمان بڕوای بەسوشیالیستی هەیە ... واتە چینی پیلان گێڕی چەوساوە هەیەو گەل ئەچەو سێنێتەوە ... ئەوسا ئەبێ ئەو چەساندنەوەیە لەناو بەرین ئنجا جیاوازی لە نێواز هاوولاتی یاندا نامێنێ .

بەشێوەیەکی تر چارەسەر کردنی کێشەی جینایەتی لە چوارچیوەی سوشیالیستیدا کێشەی نەتەوەیی و کەمایەتی یەکانی تر چارە ئەکات .

حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب هەڵویستێکی مەبدەئی بەرامبەر بەئاواتو ئامانجی ئەو نەتەوانە هەیەو هەبووە کە لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا ئەژین .. وە هەڵویستیشی بەرامبەر بە ئاواتی نەتەوەیی کورد بایەختێکی تایبەتی هەبووەو تەقەللایەکی لە ئەندازە بەدەری بۆ دراوە ، لەبەر ئەم هۆیانە :-

یەکەم : کورد لەناوچەیەکی سنووردا لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا ئەژین کە کەوتۆتە بەری رۆژهەلاتی نیشتمانی عەرەبەوە .

دووەم : حزب لەدوو ولاتی عەرەب هاتە سەرحوکمو لەهەر دوو کاتدا رووبە ڕووی کێشەی ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد بۆوە .. خۆ ئەگەر نەقەللاکانی حزب لە ساڵی ١٩٦٣دا دەربارەی کێشەی کورد سەری نەگرتبێ ئەوا نەئەکونجاو نەئەبوو کە حزب لەساڵی ١٩٦٨ لەعیراق بێتەوەسەر حوکمو هەڵویستی دەربارەی کێشە کە قوڵتر نەکردبێ !!

سێیەم :- تێکە ڵاو بوونی ئاواتی نەتەوەیی نەتەوەکان و تەقە للای ئیمپریالیستو کۆنەپەرستانی ناوچەو دەست رۆیشتنی توێژێکی عەشایەرو خێلەکی یەکان بەسەر ئەم ئاواتانەدا هەروەکو بەناشکرا لە کێشەی کوردا ئەبینرا ، وایان فەرز ئەکرد کەکار بکرێ بۆ ئەوەی گرێ کوێرەکانی کێشەکە بکرێنەوە .

هەروەها تەقەللایەکی لە ئەندازە بەدەریشی ئەوپست لە هەردوو مەیدانی تیوری و پراکتیك (کارکردن دا) بۆ بەلایەکدا خستنی ئەم کارە .

جابۆیە ئاواتی نەتەوەیی کورد ، وە چارکردنی کێشەی ئەو نەتەوانەی کە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب دا ئەژین شوین و پایەیەکی گرنگیان وەرگرتبوو لەلای حزب . جابۆیە حزب هەر لە ساڵی ١٩٥٨ لە عیراقدا بایەخی بەم کێشەیە داو رۆژنامەی الجمهوریە کە لەدوای چواردەی تەمووز دەرچوو بیروڕاو هەڵویستی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی لەم بوارەدا بڵاوکردەوە .. رۆژنامەی الجمهوریە لە نووسینەکەیدا لە ٩-١٠-١٩٥٨ وتی :- « بوونی عەرەب و کورد لەسەر ئەم خاکە پیویست بەسەلماندن ناکات چونکە ئیمە بوونمان وەك عەرەب و کورد لە عیراقدا ئەوە ئەگەیەنێ کە نیشتمانێکی هاوبەشمان هەیە . برایەتی عەرەب و کورد شتێك نیە کەلەسەر کاغەز بنوسرێ .. چونکە ئەمە ریککەوتنێکی بازرگانی یاخود پەیمانێکی وەختی نیە لە نێوان دوولادا کەبیانەوێ لەیەکتری نزیك ببنەوە بەڵکو ئەمە پەیوەندی ژیانی رابوردوو ئێستاو پاشە رۆژیشە » .

وە لە سەرەتای تەمووزی ١٩٦٢دا رۆژنامەی (الاشتراکی) کە ئورگانی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بوو ، وە بە ئەنێنی دەرئەچوو لەم بارەیەوە نووسیبوی :-

« داواکاریەکانی نەتەوەی کورد ، بەبێ گوێ دانە بایەخ و گرنگی ئەم داواکاریانە ، بەشێکن لە داواکاری تێکڕای گەل لە جێبەجێ کردنی هیواو ئامانجە نەتەوەیی و سەربەستی یە دیموکراتی یەکانی » . هەروەها رۆژنامەی الاشتراکی وتبوی :-

بزوتنەوەی هوشیاری کورد کە لە توانای دا هەبێت نوینەری کێشەی کورد بێت ، ئەبێ ئەو بزوتنەوەیە بە پەیوەندی یەکی گیانی بەگیانی بەکێشەی گەلی عەرەب و مەسەلەی نەتەوەی عەرەب و سەرکەوتنیەوە ببەستێتەوە .. چونکە ئەم کێشەیە پالپشتی کێشەی کوردە نەك هەڕەشەی لێ ئەکات .. ئەبێ ئەو بزوتنەوەیە دوژمنانی گەلی عەرەب بەدوژمنانی ئەلی کورد بزانێ .

ئەم هەڵویستەش گۆڕانێکی گەورەو گران بوو لەبواری سەرنج دانی ناواتە نەتەوەییەکانی کوردو حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست یەکەم بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب بوو کەدانی بە بوونی گەلی کوردا نا لە کاتێکدا کە زوربەی لایەنو بەرە نەتەوەییەکانی عەرەب دانیان بەبوونی گەلی کوردا نەئەنا .

لەگەڵ ئەمانەشدا حزب هەڵوێستە زانستیو مەبدەئی یەکەی خۆی پاراست سەبارەب بەکێشەی کورد . وەشۆڕشی ١٧ی نەمووز هەر لە سەرەتاوە هەوڵی چارکردنی ئەم کێشە نیشتمانی یەی دا بەگیانێکی هەست کردن بەلێ پرسراوی و پەیڕەوکردنی بیروباوەڕەکانی دیموکراتی شورشگیری یەوە .

حەوتەمین کۆنگرەی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب (کە لەتشرینی دووەمی ١٩٦٨) بەسترا هەڵویستی ئایدیولوجیو تیوری یحزبی دەربارەی ئەم کێشە نیشتمانی یە روون کردەوەو رەنگی رینگای چارکردنیشی لەبەردەم شورشدا رشت ، وە لەبڕیارەکان دا کە دوای کۆنگرەکە دەرچوون وتراوە :

« کۆنگرە ساغی کردەوە کە کێشەی ئاواتی نەتەوەیی کورد لە بێشەوەی ئەو کێشانەوەیە کە روو بەڕووی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب ئەبن . چەند ساڵێکیش تێپەڕی بەبێ ئەوەی چاری ئەم مەسەلەیە بکرێو لەئەنجامدا نەهامەتیو کوێرەوەری یەکی زۆری بەسەر هاوولاتی یانی عەرەبو کوردەکان هێناوە » .

هەروەها راپۆرتی کۆنگرەکە وتبوی :-

« حزبمان کە لە خەباتی دا لە بیروباوەڕی نەتەوەیی مرۆڤ پەروەرە سوشیالیستی یە دیموکراتی یەکەی هەڵئەمێنجی هەمیشە رێزی ئاواتی نەتەوەیی کورد ئەگرێ بە ناوەرۆکە نیشتمانی یە پێشکەوتنخوازەکەیەوە . وە بە مافێکی رەوای مرۆڤ پەروەرانەی دانەنێ .

حزب لە هەر دوو بواری تیوریو پراکتیکدا سوور بوو لەسەر ئەم هەڵویستەی بەرامبەر بەکێشەی کورد .. بەروو بوومی ئەم هەڵویستو تەقەللایەش لە چارەسەری

بڕوانە - ل - ١٠ -

بڵاوکردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان وجێبەجێ کردنی ، سەرلەنوێ هەڵوێستی مەبدەئی حزبی بەعسی لەباوەڕ بوون دا بەمافی نەتەوایەتی گەلی کورد ساغ کردەوە

Institut kurde de Paris

وێنەی کانەکان

ئارنۆلد بنێت

نامادەکردنی : عزیز گەردی

لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی هەر ئەتەوەیەکی ئەمسەرزەمینە هەڵدەبتەوە گەلێ ئەستێرەی پرشنگدارو زۆر گەوهەری بە نرخو بەهادارت دەکەوێتە بەرچاو کە گەشەو خۆشو سەرفیرازیان بەم ئەدەبو ئەتەوەیە داوە کە تیا هەڵکەوتوون ٠٠ ئەم جۆرە نووسەرە شارەزاو بلیمەتو هەڵکەوتووانەش وە ئەبێ هەر مولکی ئەتەوەکەی خۆیان بێو بەس ، بەڵکو مولکی هەموو نادەمیزادێکی سەر رووی زەوێو هەموو ئەتەوەو میللەتێك بژیان هەیە سوود لە بەرهەو تاقی کردنەوەکانیان وەزبگرنو بەرهەمی ئەدەبیان پێمتوربە بکەن ٠٠

« ئارنۆلد بنێت »

نووسەرو رۆژنامەگەرو بەهرەدارێکی بە تواناو زیرەکی ئینگلیزیەو گەلێ بەرهەمی سەنگینو بەنرخی وای هەیە کە ئەوساو ئێستاش دەورو کاریگەری ئەم نووسینانە هەر ماوەو نرخیان هەر لە زیاد بوونەو بازاڕیان رۆژ بە رۆژ بە هەڕمێنتر دەبێ ٠٠

ئەم نووسەرە بیرتیژو مێشك پاكو پێنووس سوارە لە رۆژی ٢٧ی مایسی ساڵی ١٨٦٧ لە (هانلی) کە کەوتۆتە ناوچەی (ستارفۆرد) لە ئینگلتەرە چاوی پشکووتووە ٠٠ پاش ئەوەی کە خوێندنی تەواو کرد ، ملی دایە بەر ناوقاتیو لەکەل راپەڕاندنی کاروباری ناوقاتیدا بەهرەی ئەدەبی تەقی یەوەو کاریزی بیرو قەلەمی هەڵی کردو گەلێ ووتارو چیرۆکی بە تامو بۆی بڵاو کردەوە ، ئیدی وورده وورده خووی دایە ئەدەبو هەر هاتو پتر کەوتە بەر سیحرو ئەفسوونی ئەدەبو مەراقی زۆرتر پەیدا کرد ٠٠ تا ساڵی ١٨٩٣ کە ئەو حەلە تەمەنی (٢٦) ساڵ بوو بریاری دا سەرابای ژیانی خۆی دەقەبەر ئەدەب بکاو لێی دا چووە (لەندەن)و لەوێ نیشتەجێ بوو «بنێت» لە سای نووسینو بەرهەمە خەستو بە بیژەکانی یەوە ناوبانگی رۆیشتو وا مەشوور بوو ، کەم خوێنەر ما رای لە بەهرەی ناسکو بەرهەمی بەهاداری پاوەشی بە دونیای نووسینی ئەدەبی راستەقینە کرد بوو بە نووسەرێکی دیارو بێ وێنەی ناسۆفراوانو بەرچاو رووونو خەیاڵ ناسکو خەست بە تینو بیر ئاوەدان ، یەك لە دوای یەك کتێبی ئەدەبی ووردو قوولی خستە بەر دەستی خوێنەرانەوە وەکو ٠

« ئوتیلە مەزنەکی ئابلیون ـ ١٩٠٢ ـ » و « راستی یەك دەربارەی نووسەر ـ ١٦٠٢ ـ » و « چیرۆکی ژنە سەر سپی یەکان » ٠٠ ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی زۆر بەرزەو وەختی خۆی زۆر باش کەوتە بەر دڵی خەڵکەوەو «بنێت» بەخێرایەهۆی ئەم بەرهەمەیەوە زۆر باشتر لە جاران ناسراو کەیشتە چلە بۆی ئەدەبیو پێش وەکو کردەوەی ئەم بەرهەمە کەلە سەرەتای نووسەرێکی ئاسایی دەدەنا بەڵام کە چاویان بە چیرۆکەکە کەوت بە ووردی خوێندیانەوە لەم قەناعەتە کە « بنێت » نووسەرێکی بە توانایەو ناوقووفی گەمە ، ئیدی ئەم چیرۆکە هێندەی تر پایەی ئەدەبی ئەم نووسەرە لێ هاتووەی بەرزکردەوە ٠٠٠

(بنێت) پاش ئەم چیرۆکە باشەی توانی پێی خۆی بچەقێنو بایی بەرزی ئەدەبی خۆی بپارێزیو لە بەرهەمی هێنانی ئەدەبیدا بەردەوام بێو رۆژ بە رۆژ هەوەرازتر هەڵبکشێ ٠٠ گرنگترینی بەرهەمەکانی ئەمانە بوون :

«شمشیری قوڕین ـ ١٩١٠ ـ» و « کارت ـ ١٩١١ ـ » و « شەرەبەرانی حەفت شاران ـ ١٩١٢ ـ » و « هەرای ئەورە ـ ١٩١٣ » کە ئەمەی دوایی یان سەرکەوتنێکی سەیری بۆ پەیدا کرد ٠٠٠ و ساڵی ١٩٨ کتێبی « خانمی جوان » ی بڵاوکردەوە ٠٠

بەڵام گرنگترین بەرهەمی « بنێت » لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی‌دا ئەو کتێبە بوو کە ساڵی ١٩٠٩ بە ناوی « چەشەی ئەدەبی » بڵاوی کردەوە ٠٠

نووسەر مەبەستی لە دانانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە تامو بۆی ئەدەب بخاتە بەر دەمو دانی خوێنەری ساواو دەستی بکرێو ڕێنمایی بکاتو یارمەتی بدات بۆ پێك هێنانی چەشەیەکی ناسکی ئەدەبیو مەبەستیشی لە چەشەی ئەدەبی لایەنی گشتی یە ئەك تایبەتی ، بۆیە لەم کتێبەدا دەمی قسە بەکشتی لە هەموو خوێنەرەکانی دەکاو نایەوێ تەنیا لەگەل چەند جۆرە خوێنەرێکدا بدوێ ، بەڵام دیسان ئەمەش ئەوە ئاگەیەنێ کە مەبەستی « بنێت » هەموو کۆڵکە خوێندەوارێك بێ ، یا مەبەستی ئەمانەش بێ کە بە چەپە چەپ ئەلفو بێیان بێ دەنووسرێو دەخوێنرێتەوە ، بەڵکو مەخسوودی ئەم خوێنەرانەیە

بروانە ل ـ١١ـ

هەندی لە یاداشتی شەبولەکان

ئەنوەر قادر محەمەد

شەپۆلێ بووم
هەستم خستە لەبێ دەستم
بەرایی شەپۆلەکان بووم
بەرەو ڕێژگە ، بۆ ئاهەنگی مردن ئەچووم
وام ئەزانی ، ئەگەر دڵم دەربێنمو بیکەمە گۆی میکرۆفۆنێ
شیعرێکی تیا بخوێنمەوەو بانگی مەرگی تیا هەڵبدەم
نەك هەر کەنار ،
درەختەکانی کەناریش دێن ئەمگرنە گەڵای شینو
چەپڵەی سەوزم بۆ لێ ئەدەن ٠٠
بەرامەی گیای بەهارانیش ئەڕژێتە ناو سی یەکانم ٠٠
وام ئەزانی ٠٠ ئەو گۆپە نووتەکانەی
لە بەندەری تاریکی ئەم جیهانەدا ٠٠
ڕەنگ گرتوونیو لە چاوی کوێر تاریکترن ، دانەگیرسێن
گەڵام ناوێ
چەپڵەو بەرامەشم ناوێ
ئەگەر هاتو گۆپەکانیش داگیرسان
لە خۆشییا ٠٠ لە دڵەوە ٠٠
منیش دەس ئەکەم بە گریان ٠٠
هەور هاتو نیازی وابوو
سیامالی تاریکیی خۆی
بە هەسوونی بروسکەی شیعرم هەڵبدا
چاوی ئاسمان ، نم نم بارانی ئەباران
تەمی خەستی سەر پەنجەرەی دڵی ماتم ئەچووبووەوە
وێنەی کالی منالیم لێ ئەنەخشان
ئەشبووبوو بە شەستە باران
وتیان ئەها وا بروسکە ئەوهەورە ئەزۆکەی سووتان
خۆرنشینان ٠٠ لە ناو ڤرگەی خۆڵەمێشی دڵی خۆما
کۆمەڵێ خەم بە ڕێ ئەخەم
خۆرکەوتنان ٠٠ بۆ پێشوازی چینێکی تر خۆم ڕێ ئەخەم
هەنگی وشە شێتەکانم
لە درەختی ئازاوەو گڕ پووره ئەدەن
گوڵی سپی بەرەبەیان هەڵئەمژن
لە روباری ئاڵی ئاسۆ
ئاوبەریان ئاو بەرەو درەخت ئەباتەوە
لە ناو شانەی شیعرەکانما
هەنگوینێکی سپی وەها ئەپرژێن
ڕووناکترە لە ئاوێنەی گەشی ئاسمان
ئەستێرە شایی تیا ئەکاوفرمێسك ئەیکا بە چراخان

مارتی ١٩٧٦

پاڵەوان ئەبێ کوڵنە دەربێ

فەهمی قەرەداغی

مامۆستا محەمەد شید فتاح لە ژمارە (٣٠٨)ی ڕۆژنامەی هاوکاری‌دا چیرۆکێکی بە ناوی « پاڵەوان » بڵاوکردەوە ، لەگەڵ یەکەم چاو پێخشاندنا خوێنەر ناوەرۆکەکەی پەسند دەکاتو (پاڵەوان)و باوکی خۆشی دەوێو رقی لە بەدخوو دەست درێژیکەران دەبێتەوەو بەزەییشی بە (ئاڵەوت)دا دێتەوە ، بەڵام کە وورد تر دەڕوانێتە هەر دوو (داستانەکە ـ رووداوەکە) هەست دەکا کە لەگەڵ ئەو ماوە درێژەی کە نێوانیانە دووەمیان دووپات بوونەوەی یەکەمیانە بە هەموو شێوەو نامانیو لە هەمان چوارچێوەی تەسکیشدا داڕێژراوە ، بێ ئەوەی دووەم سوود لە تاقی کردنەوەی یەکەم وەربگرێتو چارەسەرێکی بنەڕەتی کێشەی ئەو ئافرەتە بکاتو لە تەماکاریو داوێن پیسی بەدخوان دەربازی بکات تەنیا بۆ ماوەی چەند ساتێك ئەبێ کە پاڵەوانی هەردوو داستانەکە توانیان بەرگری لە ئافرەتەکە بکەنو ئابڕووی بپارێزن ، ئینجا پاش ئەوە پاڵیان دایەوەو بە ئاوازی نازناوەکە یانەوە کەوتە لە خۆبایی بوون ٠٠

(مام ئەحمەد)یش وەکو قەوان بێ ئەوەی بتوانێ هیچی بۆ زیاد بکا بۆ خەڵکەکەی دەگوتەوە بۆیە دڵخۆش بوونی (پاڵەوان) لە کۆتاییدا هەستێکی عاتیفی بوو ، تەنیا ئەوەندەی دەویست شایستەی ئەو ناوە بێتو ئەمیش داستانێکی وەکو داستانەکەی باوکی تۆمار بکا ٠٠ ئنجا مام ئەحمەد ٠

(لەمەودوا دوو سەرگوزشتە بۆ خەڵکی ئەگێڕێتەوە !)

کە بە هەردووکیان دەکەنە (سفر) واتە (هیچ) و هەر چەندە داستانی تریشی بە دواوە بێت ئەنجام هەر دەچێتەوە سەر (سفر) ، دەزانن بۆ !؟ چونکە پاڵەوان هەموو جارێ بە فیرارگردنی (دەست درێژیکەر) وازدە هێنێ ، ئیتر ئەبەزێو کۆڵ ئەدا جا لەبەر بێدەسەڵاتی بێ یا لەبەر ترسنۆکی یا لەبەر تکای ناوبژیکەران ، بەم جۆرە بەدخوان تەمبێ ناکرێنو تەرکی ئەو گەرەکەیان ناکەن٠ چۆن ئەم ڕاستی یەمان بۆ دەردەکەوێ ؟ کاتێ کە ئەبینین لە زەمانی (خوالێ خۆش بوو) دا تەنیا سەربازەکانی عوسمانی دەیانوێرا گەڕ لە ئافرەتی ئەم گەرەکە بئاڵێنن کەچی لەسەردەمی (پاڵەوان)ی کوڕیدا (ئەفەنی)یش دەکەونە دوو ئافرەتەکانیان ، ئەگەر ئیش وابڕوا لە ڕۆژگاری ئەوەی (پاڵەوان)دا منداڵو مەزنیش پێیان فێر دەبن !!کە تری خەستەی دەسەست ئەکەوتووە ، لەو دەستنووسەی لای من (١٢) غەزەلی هەیە کە (١١) غەزەلیان هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە ، وا لێرەدا چەند پارچەیەکتان بۆ ئەنووسمەوە٠

ـ کەلامی خەستە ـ

عەزیزم شۆخو شەنگم ئەونیهالم
پەریزا یەیکەرم شیرین جەمالم
قیامەت قامەتم گێسو کەمەندم

شەکەر گوفتارەکەم شیرین غەزالم
ئەمن دل لەت لەتی تیری موژەی تۆم
لەبەر زەحمەت وەکو کۆتر دەنالم

ئچاوم وەك فوارە هەڵ دەدا خوێن
لەسەر تاپا هیسالی لالەزارم
نیە ئارامو عەیشو خوردو خاوم

لە تاوی ناگری عیشقت زوخالم
پەری ئەر شۆخی چینی ئەرجوری عین بی
بە تۆیە مەیلو دل پیرۆزە خالم

ئەمن دایم لەگەڵ دەردت دەسازێم
ئەتۆ هەرگیز نیە ڕەحمت بە حالم
وەها دل موئمەسی عیشقی ئەتۆ بوو

هەموو ساتێ بە وەسواسەو خەیالم
ئەگەر تۆ کوشتنی من ئارەزووتە
خەلاسم کە بە جارێ پڕ کەمالم
ئەبێ خەوفت لە دیوانی قیامەت
ئەسیری تۆم بە تۆ خۆت خوێن حەلالم

هەتاکو (خەستە) ڕۆح و جانی خۆی کا
بە شاباشی سەرت شیرین جەمالم

جەمال محەمەد

(١) ژمارەی بەیتی ئەو(١١) غەزەلەی بڵاو نەکراونەتەوە (١٠٢) بەیت شیعرە ٠

ئەم کەشکۆڵەشیعری پتر لە ٨٤شاعیری ناسراوو نەناسراوی تیدایە ، هیوادارم بەم زوانە وتارێکی پوختەی لەسەر بڵاوبکەمەوە ، جگە لە بەشێکی سەربەخۆیی دیوانی « ئالی » تیا نووسراوەتەوە (جەمال)

چەند غەزەلێکی بڵاونەکراوەی

ئاهی و خەستە

لەم دواییەدا کەشکۆڵێکم جنگ کەوت بەرهەمی گەلێ شاعیری ناسراو و نەناسراوی کوردیو غەیری کوردی تیدایە٠ لەوانە گەلێ غەزەلو بەرهەمی هەردوو شاعیر : « ئاهی »و « خەستەیە » ٠

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا تەنها دوو غەزەلی دەست کەوتوە کە ئەویش لە « ئەنجومەنی ئەدیبانی کوردی) وەرگرتووە، کە هێشتا کە چەند بەیتێکی لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا نیە ٠

لەم دەستنووسەی لای من«٥» غەزەلی تازەی « ئاهی » هەیە ، بە پێویستم زانی هەندێکی لێ بڵاو بکەمەوە ٠

ـ کەلامی ئاهی ـ

بە ئەشری پەرچەمت جەمعی لە عەقڵو دین پەرێشانە
منەووەر عارضی پاکت دەڵێی خورشیدی تابانە
کەمەر ئاسا مدادی خەتتی مەوهووەمی موژەی دولبەر
دەبێ ڕەمزێ کە چاوی ناسیخی ئیدراکی عیرفانە
عەجەب نالایە دڵی بولبول سیفەت لەو وەقتەوە قوربان
کە گوڵبەن قامەتی بەرزت غەریزی گوڵشەنی جانە
تەعالەللا چە ڕەعنا قەددو شەهلا چەشمو مەوزوونە
بەنەفشە کاکوڵو گول عارضو مرواری دوندانە
گوتم ناشێ لە چاوت نەشئەیی نیشە وتی ناشێ
گوتم خومادیو غەمزە لەسەر ئەم ئەمرە بورهانە
گوتم بابێمە دیوانت گەدا نیسبەت گەیێ حاشا
گوتم حاشا نەزەر قەرموو نەزەر نابینێ ئیحسانە
گوتم خۆش نابێ دڵ پیرێ لە بانی لەعڵ موشتاقە
گوتی ماچی ئەوێ « ئاهی »خودا ڕۆ چەندە زۆر زانە

ـ٢ـ

خەستە(١)

دیسانەوە مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەیەك غەزەل بەو لاوە کە ئەویش لە تاریخی سلێمانی) وەرگرتووە ،غەزەلی

بەرهەمی لاوان

× لێرە ، لەم گۆشەیەدا جار جارە هەندێ بەرهەمی بژاردەی لاوەکان بێشکەش دەکەین و ئومێدەوارین لە خوێندنەوەو ووردبوونەوەو نووسیندا بەردەوام بێو رۆژ بە رۆژ هەنگاوی بە جەرگانەتر باوێژن لە ڕێی گەشەپێدانی بەهرەی ئەدەبیانو فراوانکردنی ئاسۆی ڕوانینو لێکدانەوەو داهێنانی بەرهەمی پوختو بەجێ ٠٠

× کاك (صدیق صالح أحمد) هۆنراوەیەکی بۆ ناردووین بەناوی « ئەو پەڕی حەزو پاکانە » دەڵێ :

● تینوێتی ٠٠
تینوومەو من ، دەمم ئەنێم
بە ڕێی لینجی مەمەی کارێزی
چاوئەوە ٠٠
دەمم ئەنێم ٠٠ بە پلوسکی ،
ئاوی کانی هەناوئەوە
دەتێرم کە ٠٠ دەتێرم کە
کچی چاو ڕەش
بە دوا وانەی خۆشەویستی
خۆت فێرم کە ٠٠

● توانەوە ٠٠
دەمەتێرێ !
شەوان ، داخی تووڕەم بەسەر
بوخچەی حەزی کچێنی تۆ ٠٠ دانەچڕێ
بەسەر نامەی نهێنی تۆدا ئەچڕێ
دانەچڕێو دەست ئەکەمە
ملی ـ توانەوە ـ
ئەوسا چاوەکانت ئەبن ،
بە دوو کۆرانی شرینتی دڵی من
وزەی خوێنم وەرئەگرن

● مۆرانە ٠٠
کە خەم ئەبێ بە مۆرانەو
بێ ئۆقرەیی لەناو رقی
ئەنینەوەیدا ون ئەبێ
ئەنیا ووشەو گیانی منە
ئەنجام ئەنجن ئەنجن ئەبێ ٠٠

× کاك « نجاة حميد » شیعرێکی بە ناوی « هەنگاوە ڕەشەکان » داناوە ئەماشای ئەم دوو کۆپلەی بکەن :

١ ـ خۆر ئەباری
لە پەرستگای شەرمی ئەمەن
بەفرە خۆرکەی ڕۆژگاری دوور
ئەشلەقێنێ
سیمای گڕ تێ بەربووی خەیالەکان
ئەتۆرێنێ

٢ ـ لێم زیز مەبە چاوەکانم
موژدەی بواو
دەرۆزەی بزەی ئەمەنم
ئەگرینێ
شانۆی گوڵە کەشەکانم
لە هەڵبەرکێی یادەکانا
ئەجریوێنێ

× کاك (سەردار شوان)یش لە هۆنراوەی (کیژی شوان)دا دەڵێ :

ئوبر لە ئەلەسمو داو

بروانە ٤ ـ

Institut kurde de Paris

فەلسەفەی خەم و جوانی لە شیعرەکانی «کیتس» دا

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی :
نووسینی : شێرزاد حەسەن

پێش ئەوەی بچمە ناو باسەکەوە دەبێ ئەوە بڵێم کە لێرەدا مەبەستمان ژیانی شاعیرنییە ، بەڵکو مەبەستمان لایەنی فەلسەفەی شیعرەکانی-یەتی چونکە هەر چەندە لە ژیانی شاعیر بکۆڵرێتەوە کون و کەلەبەری و نهێنی هەر تێدادەمێنێ ، جگە لەوەش پیاو دەتوانی بە هۆی شی کردنەوەی شیعرەوە لە شاعیر بگات ٠

(جۆن کتیس) کە ساڵی (١٧٩٤) هاتۆتە دونیاوەو ساڵی (١٨٢١) بە جۆری هێشتووە ، پاش هەموو شاعیرە رۆمانسیی یە بەرزەکانی ئینگلیزی بەدەرکەوتووەو پێش هەموویان رۆیشتووە ، مردنە ناوەختەکەی کیتس کارەساتێکی زۆر گەورە بوو لە مێژووی شیعری ئینگلیزی ٠٠ کە مرد تەمەنی (٢٥) ساڵ بوو و شیعرەکانی بوون بە تەنجینەیەکی گەورەو بێهاوتای شیعری ئینگلیزی٠٠ (کیتس) لەو منداڵە زیرەکانە نەبوو کە بە منداڵی خولیای شیعریان دەبەرێتە کەللە ، تا تەمەنی نەبوو بە ٢٢ ساڵ - دەتوانین بڵێین - هیچی بڵاونەکردەوە ٠ لە دوا سی (٣٠) مانگی تەمەنیدا یەك (سۆنێت)ی نووسیو بەس ! ئەو شیعرە بەرزانەی کە بێبووە ئەو شاعیرە رۆمانسییە بەرزە هەمووی لە ماوەی بیست مانگدا نووسراوە - شوباتی ١٨١٨ تا ئۆکتۆبەری ١٨١٩ - ئەوەش جێگەی سەرسوڕمانو رێزگرتنی ئەم شاعیرە کەنجەیە کە « تێنسن »ی شاعیری فیکتۆری دەربارەیەوە گوتوویە : (کیتس بە خۆو بەو روحە شیعریی یە بەرزەوە ئەگەر وا زوو نەمردایە لە هەموومان بەرزتر دەبوو) ٠٠

دیسان دەبێ ئەوە بڵێم کە ناتوانین شیعرەکانی کیتس وەك پێویستە بکەینە کوردی چونکە شیعری سادە نین ، کیتس بۆ لایەنی فەلسەفی چووە ، ساکارانە لە خەمو جوانیو مانی نادەمیزاد نادوێ ، هەر ووشەیەك دەنگدانەوەی خۆی هەیە ، بۆیە بەوەندە واز دێنم کە باسی ناوەرۆکی شیعرەکان بکەمو مانای شتی ووشەو دێرەکانی بکەمە کوردی ٠

فەلسەفەی خەمو جوانی لە سێ شیعردا زۆق دیارە کە بە بەرزترین شیعری کیتس دادەنرێن (سروودێك بۆ بولبول ، سروودێك بۆ خەم ، سروودێك بۆ کۆزەیەکی یۆنانی ٠) ئەم هەمو شیعرانە لە گفتوگۆ Dialogue دەچن و ئەگەرچی هەریەکە لە رووێکەوە لەوانیتر جودایە بەڵام هەمووشیان لە یەك نزیك دەبنەوە : (نایا هیچ شتێ هەیە، هەتا هەتایە بمێنێ ؟) یان (هیچ شتێ لەم زیانەدا هەیە کە لە نوەنەوە دووربێ) کیتس تا دوا سرود کە چوارەمینە (تاتوانین لێرەدا باسی یەکەین چونکە لە باسەکەی ئێمە دوورە) بەناوی (سروودێك بۆ پاییز) وەڵامی ئەم پرسیارانەی چنگ نەکەوت ٠

لە (سروودێك بۆ خەم) شاعیر رو دەکاتە خەمبارێك و پێی دەڵێ کابرا ئەچی بەئارەق خواردنەوە خۆتو خەمەکانت فەرامۆش بکەی و بە دوای خۆشیدا بکەڕێی ، ئەکەی لە خواردنەوەی ئاوی Lethe بەئێژیەوە Lethe رووبارێکە گوایە هەر کەسێ ئاوی لێ بخواتەوە ئەوەی بیزانێ لە بیری دەچێتەوە !) ، ئەچی بەنگ بکێشی یان لە خەفەتان خۆی بکوژی ٠٠٠ لێرەدا کرنگت ئەوەیە فاخۆ شاعیر ئەم ئامۆژگاریانە چۆن پێشکەش دەکا ؟ وەڵامان بە هۆی کۆمەڵە ووشەو وێنەیەکەوە کە لە دونیای مێژوی یونانی وەرگرتوون و ئەگەر ئەرهێنت بە دەستەوە نەبێ باك نیان ناگەی ٠

کیتس دژی ئەوەیە پیاو بیەوێ بە رێی خوارو خێچو سەرگەردانیدا بڕوا تا خەم لە بیر بکات ، خۆی بەلاش (خەم)ی نەکردە ناوونیشانی شیعرەکەی، شەش مانگ پێش نووسینی ئەم شیعرە لە دیسێمبەری ١٨١٨ برا خۆشەویستە نوزدە ساڵی یەکەی مرد و کاتێ کە ئەم شیعرەی دانا کارەساتەکەی هەر لە مێشکدا دەزرینگایەوە لە مارتو تەمموزی١٨١٩ دەستی لەگەڵ (فانی براون)ی کچە دراوسێیان تێکەڵ کردو لە سەرەتاوە هەستی بە خۆشی کرد بەڵام پاشان زانی ئەم خۆشەویستییەی بێ سەروشوێنە ئیدی بەینی لەگەڵ کچەتێك چوو و ئەمەش خەمەکەی خەستتر کرد ، هەر لەم کاتەشدا کتێبەکەی (رۆبەرت بێرتن)ی خوێندەوە (شێ کردنەوەی پەستی) Anatomy of Melanchomy گرنگترین کورتە باسی ئەو راستیو بیرو هەستانەی کە ئەخرێتە پال سروشتیو شێوەو دەرکەوتنی خەم ٠

(کیتس) بڕوای وابوو کە (خەمو خۆشی دەبێ هەردەم پێکەوەبن ، شان بە شانی یەك بڕۆن) ، ئەوانەی شاعیریان دەناسی هەمیشە بەخەمباریان دەدی لەگەڵ ئەوەشدا سووربوو لەسەر ئەوەی کە ئەم خووە لایەنێکی راستی ژیانەو پیاو بۆ بیرکردنەوەی قووڵو خۆناسین دەبا ، باشە ئەگەر پیاو بەم رێگا پووچانەی لەسەرەوە باسمان کردن خۆی لەدەست خەم رانەتەکێنێ ، دیارە خەم وەك جەندرمە قوڵبەستی دەکا ٠٠٠ ئەدی کابرا چ بکا ؟ کیتس دەڵێ : پێویستە خەمبار لەم کاتەدا بە گژ شتی زۆر جوان دابچێ ، نەك شتی هەر جوان بەڵکو شتی زۆر دەولەمەند لە جوانی وەکو : گوڵی کراوەی بەری بەیان ، کۆڵکە زێڕینەی نزیك دەریاکان کە شەپۆلیان سینگ بۆ زگی ئاسمان بەرز دەکاتەوە ، دڵۆپی خوناوی سەر پەڕەی گوڵ ، زەردەخەنەی بێ گەرد ، ٠٠ ئەوانە کە هەمو هەستی نادەمیزاد دەجۆشێنن هەر چەندە خەمو ئازار بە ئەگاش بن بەڵام کاس دەبن ٠ لێرەدا خەم کە لەگەڵ جوانی دێ مانای خۆی هەیە بڕیە دەڵێ : « خەمو جوانی دەبێ شان بە شانی یەك بڕۆن » ئەگەر زیان بەش بەش بکرێ بەشی هەرە گەورەی خەمە ، دەڵێ جۆن خۆشی دەپەرستین پێویستە ئاواش خەم بپەرستین ٠

لە کۆتاییدا شاعیر گەیشتە راستی یەمان بۆ بەجێ دێڵێ کە وەرگرتنی لایەنی رەشی ژیان تاکە رێگایەکە بۆ دۆزینەوەی مانای راستەقینەی ژیان ، کەواتە ئەو کەسە گەوج و کێلە کە بیەوێ خۆی لەو راستییە دوور بخاتەوەو هەردەم خۆی لە ناو جوانیو خۆشیدا بدۆزێتەوە ٠

لێرەدا بەرەو رووی راستی یەکی تفتو ناخۆش دەبین ئەویش ئەوەیە کە جوانی تەمەنی کورتەو خۆشیو خۆشەویستی دەمرێ ، خۆ (جوانی)یش لە ناخەوە خەمی تێدایە ٠ ئەدی کەواتە چار چی یە ؟ ئێمە لە ترسی خەمەوە بەرەو جوانی چووین کەچی جوانی یەکەش خەمی لە زکدا بوو ، دیارە دیسان گەڕاینەوە سەر ئەو راستی یە کە : « خەمو جوانی شان بە شانی یەکتر دەڕۆن » بەڵام جوانی چونکە عەمر کورتەو زوو دەمرێ خۆشەویسترەو زیاتر هەولی بۆ دەدەین ، هەردەم ئەمان جەرکی شادی یە ٠٠ تا لێرەدا فەلسەفە چرەکەی « کیتس » سەر هەڵدەدا دەربارەی خەمو جوانی ٠ بۆمان دەردەکەوێ کە کیتس راستترینو رووترین هەستی تراژیدیانەی هەبووەو لە شەکسپیر بەرەو خوار ئەم هەستەی لە هەمو شاعیرەکانی تری ئینگلیزی زۆرترو بەهێزتر بووە ، دەیەوێ بڵێ ئەگەر لایەنی خۆشی نەزانرێ تام کردنی لایەنی تراژیدی مرۆڤ نایەتەدی ، کە ئەم دووە پێکەوە ناسران ئێجا بە جودا جوداش دەناسرێن ٠

مرۆڤی ئەمڕۆ باوەڕی وایە کە ئادەمیزاد تا تێنەکا ژیان بریتی یە لە خەمو ناخۆشیو چەرمەسەری ژیانی راستەقینەی دەست پێ ناکا بەڵام کیتس لە (سروودێك بۆ خەم) دا لەمە زیاتر دەڕواو دەڵێ : مرۆڤ هەرگیز نازانی ژیان خەمە بەڵکو تراژیدیایە ئەگەر بە بێ ترس ئەو شتانەی خۆش ئەوێ و تامیان نەکا کە مردن لێمان دەستێنێ ، واتە ئەو شتانەی کە دژی یەکترن ٠٠ رەنگیان جودایە ٠٠ مانا یان جودایە ٠٠ وەك خەمو خۆشی هەرچەندە لە بێ مانایی ژیان ناکا ، ٠٠ لە (سروودێك بۆ خەم) زانرا کە جوانی تەمەنی کورتەو هەتا سەر نامێنێ ، هەمو شتێ دەگۆڕێ ، کە جوانی دەگۆڕێ خۆشەویستیش لەگەڵدا دەگۆڕێ، کەواتە خۆشەویستی جوانی یە بۆیە لێرە بەرەو دونیای (مان)ی هەتا هەتایە بال دەچێ ، شیعرەکە بە وەسفی ئێك دەدا کە توانەوەیە لە ناو دەست پێ دەکا بەڵام نەك بەزەتی خۆشی چریکەی وەسفی بولبولەکە یان کۆتایی بولبولەکە بۆیە لە ئەنجامدا یەکە بەڵکو وەسفی هەڵویستی خۆی بەرامبەر گۆرانی یەکەو ئەم هەڵویستەش بیری سەرەکی شیعرەکەیە ٠ خۆشیو شادی شاعیر هێندە چرە بەسەریدا هەڵدەکەڕێتەوەو هەستو ژانێکی گران دەبەخشێ ، هەر چەندە گۆرانیەکە بڵندتر دەبێ ئەوەندە حەز دەکا لە رێگایەکەوە بە بولبولەکە ببەسترێتەوە ٠ ئێجا لە بەشەکانی دی شیعرەکە باسی سێ جۆرە رێگەی جیاواز دەکا بۆ دەربازبوون لە خود - زات Seif ٠ جا بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆرانی یە بە تامو بۆیەکەی بولبولەکە یەك بگرێ پەنا دەباتە بەر ئارەق کە لە (سروودێك بۆ خەم) ناموژگاری خەمبارەکانی دەکرد بۆ خەم رەواندەوە توخنی نەکەون ، وا دەزانێ دەتوانێ بە خواردنەوە پاڵ بە پووڵو زاتی خۆیەوە بنێ بەرەو ناخی خۆشی گۆرانی یەکە، ئەوەش تەنیا خۆشی یەکی سادە نی یە ، سەرکەوتنە بەسەر مردنو روخانو دەردەسەری رۆژانەی رۆتینی ژیان ٠ کیتس نایەوێ بڵێ بولبول شتێکی نەمرە ، دەڵێ خوێندنو گۆرانی یەکەی نەمرە ٠٠ گۆرانی یەکە سروشتی یە بەڵام بۆ شاعیر هێزو جوانی لە سنووری کاتو ئەلقەبەندی مردن دەچێتە دەرەوە بۆ شتێکی زۆر بەرزتر لە شتی سادەو سروشتی یانێ خوایانە ، دادەنرێ ٠ جا کە گۆرانی یەکە ئەمر بێ دیارە شاعر ئارەزوو- یەکی تیژی هەیە تا لەگەڵی تێکەڵ بێو بتوێتەوە ، دەیەوێ بچێتە دونیای بولبولەکە ، بەم دونیایە وازی نی یە کە بڕ شتی پڕو پووچو ماددیانەیە ، بولبول هەست بە ماندووبوونو بێ مانایی ژیان ناکا ، ٠٠ لە (سروودێك بۆ خەم) زانرا کە جوانی تەمەنی کورتەو هەتا سەر نامێنێ ، هەمو شتێ دەگۆڕێ ، کە جوانی دەگۆڕێ خۆشەویستیش لەگەڵدا دەگۆڕێ، کەواتە خۆشەویستی جوانی یە بۆیە لێرە بەرەو دونیای (مان)ی هەتا هەتایە بال دەچێ ، شیعرەکە بە وەسفی ئێك دەدا کە توانەوەیە لە ناو دەست پێ دەکا بەڵام نەك بەزەتی خۆشی چریکەی وەسفی بولبولەکە یان کۆتایی بولبولەکە بۆیە لە ئەنجامدا یەکە بەڵکو وەسفی هەڵویستی

بڕوانە - ل - ١١ -

- زمانەوانی -

پاشگری [خانە/گا/گاهە/گە/گەهە] و چەند سەرنجێك

دوای ئەوەی وەکو هەموو جارێ چاوم بەلایەرەکانی رۆژنامەی هاوکاری خۆشەویستدا خشاند لەپڕێکا ئەم باسە سەرنجی راکێشام کە کاك فەیسەڵ مستەفا لە ژمارەی (٣٠٤)ی ئەم رۆژنامەیە بڵاوی کردۆتەوە کە بریتی بوو لە چەند رایەکی خۆی ، منیش لە سەر هەمان باس ئەوا چەند رایەکی خۆم دەردەبڕم جا بەمیوەام خوێنەرانی خۆشەویستیش ئەم چەند سەرنجانەیان رەچاو کردبێ ٠

ئەوەی راستی بێت پێشگرو پاشگر دەورێکی گەلێ گەورەیان هەیە بۆ دروست کردنی ووشەی نوێ بۆ واتای نوێ ٠٠ ئاشکرایە زمان پێوەندیەکی بەتینی بەکۆمەڵەوە هەیە ، تا کۆمەڵ بەرەوپێشەوە بڕوا زمانەکەش ناچار دەبێ لەو کاروانە خۆی دوا نەخات ٠ ٠ هەر شتێکی نوێ هاتە کایەوە پێویستە زمان ووشەیەك بکات بە چوارچێوەی واتاکەی جا ئەو ئەرکەوەنەبێ تەنیا بەپاشگرو پێشگر سپیررابێ بەڵام لەهەندێ تایبەتیەتی‌دا پاشگرو پێشگر ئەو سباردەیان بەجێ هێناوە ئەگەر چی پاشگر زیاتر دەچێتە سەر ئاوو پێشگر بۆ سەر فرمان وە هەر یەکەیان بەلای خۆیانەوە دەوری خۆیان دیوە جا ژمارەی پاشگر زۆرن کە دەچنە سەر ناو هەیە ناو لەناو ولەفرمان دروست دەکات هەیە ناوولەناو لە ناووفرمان دروست دەکاتو هەیە ناو بچووك دەکاتەوە ٠٠ هتد جا ئەو پاشگرانەی کە کاك فەیسەڵ باسی لێوە کردوون لە وانەن کە ناوی تازە دروست دەکەن ٠

نووسەر کانێ دەیەوێ باس لە پاشگری (خانە - گا - گاه - گە - گەهە) بکات دەڵێ هەموویان بۆ جێگا بەکار دەهێنرێن بەڵام جیاوازی یان هەر هەیە ٠ بەڵێ جیاوازی یان هەیە بەڵام بەو جۆرە نا کە کاکی نووسەر بۆی چووە چونکە پاشگری تریشمان هەیە بۆ هەمان مەبەست بەکار دێن وەکو (لان ، ستان) بەڵام هەرگیز بۆمان نی یە ئالۆگۆرێکی بە ئارەزوویان پێ بکەین چونکە زمان بۆ هەر یەکەیان چەند تایبەتیەکی تەرخان کردوە ٠٠ کاتێ کەدەڵێین (کوردستان - دارستان) کە مەبەستمان شوینی کوردو ئەو جێگایە کە داری لێ یە ناتوانین بڵێین (کوردەلان - دارلان) چونکە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ واتاکە ناگونجێ جالێرەدا بابێینە سەر پاشگری (خانە) - خان -

هەموومان ئەم ووشەیەمان زۆر جار بەر گوێ کەوتووە بەهەردوو واتاکەیەوە جا ئایا مەبەستمان (خان) بێت کە مەبەستمان ئەو جێگایەیە کە کاروانو دوڵاخ تێیدا دەمێنێتەوەو دەبێتە جێی حەسانەوەیان ٠ هەروەکو تاوەکو ئێستاش هەر باوە دەوترێ خانی فلان کەس یان مەبەستمان رێزو گەورەیی بێت گەدەگوترێ (شیرین خان) جالێرەدا پێویستە باسەکەمان درێژە پێ بدەین ٠٠ هەر وشەیەك ئەگەر واتایەکی تایبەتیو سەربەخۆی خۆی هەبێو کە چووە سەر وشەیەکی تر هەمان واتا بەتەنیاییەکەی بەخشی ئەوە پێی ناوترێ پاشگرو لەژێر باسی وشەی دارێژراو دەچێتە دەرەوەو دەچێتە ژێر باسی وشەی لێکدراو ٠ چونکە پاشگر بەتەنیا واتایەکی

بڕوانە - ل - ١١ -

بەرهەمی لاوان - پاشماوە

جوانتر لە بووکی رازاو
کیژی شوان خنکام ٠٠ ئاو ئاو

● ●

مەگرە لە منی داماو
رووتاریکو دڵ شکاو
کیژی شوان خنکام ئاوئاو

● ●

منی بێ ئەدەرەس و ناو
تینوو وەك هەزاران لاو
کیژی شوان خنکام ئاو ئاو

× کاك (نوری کریم)یش لە هۆنراوەی (ویست ٠٠ گرو ٠٠ ئۆم)دا دەڵێ :

نادەم دووی ئارەزووی خۆی کەوت
بەنجەی حەزیان بە ناکامی
بەگەردنی میوەکانی
سەرسەری یەوە
بە دانی حەوا سەربڕی
هەمووی دۆڕان
بەهەشتو خواو خۆیو ئێمەش
بەڵام گیانە
من شەیدای دۆزەخێکم
بمسووتێنی
تینووی گێژاوی گۆمێکم
بمخنکێنێ
منیش وەکو حەزی نادەم
هەموو شتێ ئەدۆڕێنم
ماجەکانت ٠٠ جاوەکانت
تەنها ئەوەی نایدۆڕێنم
دۆزەخێکە
ئەمسووتێنێو نامسووتێنێ
گێژاوێکە
ئەمخنکێنێو نامخنکێنێ
بۆیە هەتا
ئاو بمێنێ ٠٠ گر بمێنێ
گیانی منیش هەر ئەمێنێ

× کاك (نازاد عبدالواحد)یش ئەم پارچە پەخشانەی بە ناوی (تاسەو ئارەزوو) بۆناردووین :-

تاسەو ئارەزوو ٠٠٠

- نازاد عبدالواحید -

نازدارەکەم ٠٠٠

ئەوەندەی بە قوڵایی هەناسەی بیرەوەری ژیانما دەچمەوە ٠٠ ئەوەندەی شەو دەبێتە گڵێنەی چاوی دەروونم ٠٠ مەلی خەیاڵم دەفڕێ ٠٠ شەو گەردنی زامەکانم ماچ دەکا ٠٠ ئەبوو ساتێ بۆ یەك چربە بەدڵ ٠٠ بەگیان ٠٠ بە ئارەزوو ، بتکەمە مرواری رستەی ئەقینم ٠٠ لە جۆلانەی شەکەت بووما بتلاوێنم ٠٠ لە چاوانی بەد بینیما بتپارێزم ٠٠ لە ئامێزم بترسکێنم ٠٠ بە چاوانم بتدوێنم ٠٠

نەء ٠٠ نەء ٠٠ گیانە من لە دەریای سامناکی ئەو جاوانەت دەترسم ، چونکە وەکو بورکانێکی ئێجگار ئێجگار ژانگرتوو ، لە مێرغوزاری ئارەزووەکانم هەڵدەتۆقێ ، ئەو هیوایەی کەوا هێشتا لە قۆزاخەی ئەنگەبەری رۆژانەما یەخسیر بووە ، دەگری ٠٠ دەگری ٠٠ بەندە گیری خەمە کوڵەی چاوەکانتم ٠٠٠

من کە دەمویست تۆ بۆ من بی ٠٠ من بۆ تۆ بم ٠٠ چاك دەمزانی باشە رۆژی بەسەرهاتی ئەو زامانە هەڵمەدوکەی ئاگرینی لێوە دەتکێ٠٠٠ کوندە بەبۆی ئەفساناوی خەیاڵ دەفڕێت ٠٠ من دەمزانی تابلۆیەکی تاڵتر دەنەخشێنرێ ٠٠ من دەمزانی خەم دەبێتە فلیمێکی پڕ ناسووری بەسەرهاتی رۆژژمێرم ٠٠ ئاخۆ دەبێ ئەو نیازانە لە دایك بن ؟! ئاخۆ دەبێ خۆر دوو چاوی فرمێسکاوی لە ناخی جەرگی تاریکیدا هەڵهێنی ٠٠ ئاخۆ دەبێ من بۆ تۆ بم ٠٠ تۆ بۆ من بی ٠٠

شیرینەکەم ٠٠ ئەی شیرینتر لە خەم ، گریان ، ئەشکەنجە ، زام ٠٠ جوانتر لە رووی بزرکاوی هەژارێکی رەشو رووتی ئاوارە ٠٠

دڵدارەکەم ٠٠ ئەوا بینیت لەبەر چاوی تینووی حەزم ٠٠ تاڵ شیرینەو شیرین تاڵە ٠٠ جوان ناشیرینە ٠٠ ناشیرین جوانە ٠٠ ئەمە هەمووی بەسەرهاتی راشتەقینەی بەسەر هاتە ٠٠ ئەمە هەمووی فرمێسکەو زەردەخەنە ٠٠

ئا ٠٠ ئا ٠٠ گیانە من سوێند دەخۆم بە « مەم » بە « زین » بە « شیرین » بە « فەرهاد »ی بێستونی مەرگ ٠٠ دەبێ من بۆ تۆ بم ٠٠ تۆش بۆ من بی !!

بۆ ئەبێ گەشکۆی شاعیرانی کورد لە زندانی ئەنوەرکۆنەکان دەرنەچێ ؟

محەمەد عەلی قەرەداغی

زۆر لە رۆشنبیرو ئەدەب دۆستمانمان بێ وچان هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی کورد ئەدەنو ئەیانەوێ ئەوەی لە توانایاندا بێ درێغی لێ نەکەنو ئەوەی لە سامانی کەلەپوری نەتەوایەتیمان تا ئێستە مابێ لە لەناو چوونی ڕزگار بکەن ٠ هەوڵ دان بۆ ئەم کارەو بەردەوام بوون لەسەر ئەم رێگەیە کارێکی ئاسان نیەو سەربازانی ئەم مەیدانە تووشی گەلێ هەڵدێرو بەرەوژوورکەی دژوار ئەبنو بە بێو پشوویەکی درێژەوە هەر کۆڵ نادەنو نابەزن ٠ ئەنجامی ئەم هەوڵو کۆششەیە ئەبینین بەین بەین دیوانی شاعیران لە چاپ ئەدرێنو بەرهەمی تازەیان دەست خوێندەواران ئەکەوێ ٠

بەڵام لێرەدا جێگەی داخ ئەوەیە ئەبینین ئەو ئەدەب پەروەرە پاش ماندووبوونو گەڕانێکی زۆرو پرسیار لەمو لەو ئەو دیوانەی لە چاپداوە ، کەچی لە پڕ سەیری کەشکۆڵی ئەکا بەسەر کۆمەڵی هۆنراوەی بڵاونەکراوەو بەسەرهاتی ئەزانراوی ئەو شاعیرەدا بارەوە نەڵێو نەنووسێ ! ئەکەوێ کە ئەگەر کانی خۆی بیزانیایە گەلێ بەکەلکتر ئەبوو ٠ ئەم ڕووداوەیش یەکەو دوان نیەو بگرە لە ژمارە نایەتو هەر ژمارەیەکی گوفارو رۆژنامە کوردیەکان تەماشا بکەین - مەگەر بە دەگمەن - ئەبینین تیایاندا نووسراوە :

« پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەی ٠٠ »

بێ گومان ئەمەیش وە نەبێ شتێکی رێکەوت بێو هیچ هۆیەکی نەبێ ، بەڵکو هۆ بۆ ئەمە زۆرە ، لە سەرەتای هەمەمویانەوە ئەوەیە : ئەو خوێندە وارانەی کەشکۆڵو بایەخی شاعیرانی کوردیان لە باوکو کەسو کاریانەوە بۆ بەجێ ماوە ، یان بەهەر شێوەیەك دەستیان کەوتووە ، بە ڕەنگێك دەستیان پێدا گرتوون لەوانەیە بڵێم نەڕۆشنایی ئەبینێو نە هەوایش لێیان ئەدا ! ئەگەر یەکێك لەو خاوەن کەشکۆڵانە کەشکۆڵەکەی پیشانی دۆستێکی زۆر خۆشەویستی بدا ئەبێ لە پێشدا سوێندی بدا کە لەلای کەس قسە نەکا ، وە هیچی لە دیوانی بڵاونەکراوەی بە ناوی (نازاد عبدالواحد)ی ئەدەب بە ئەڵێو نەنووسێ ! سەرەنجام زۆریان بە خۆراکی مشکو مۆرانە ئەبن ، یان کەسانی قەدر نەزان - پاش خاوەن کەشکۆڵەکان - تەنووریان پێ دائەخەنو توونی حەمامیان پێ قاو ئەدەنو ئەیان کەن بە دەساگیرسێنی ئاگر ٠ بەشی زۆری بەرهەمی شاعیرانمان بەم شێوانە بێ سەرو شوێن بوونو کەس هەواڵیان لێ نازانێ ٠

هەرچی ڕابورد تازە لە کیس چوو گەڕانەوەی لە توانادا نیە ، بەڵام هەوڵێك بۆ ئەوەی ماوە ، بۆ ئەوەی کە هێشتا لە بنی سندوقە کۆنەکاندا زیندانی کراوەو رێگەی مواجەهەی نیە ٠ ئەو بەرهامانە لای هەرکەس بێو بەهەر شێوەیەك دەستی کەوتبن کەلەبۆری تەواوی گەلی کوردنو مافی هەموو خوێندەوارێکی کوردیان تێدا هەیە کە خزمەتیان بکاو بیان بووژێنێتەوەو چاوی رۆشنبیرانو ئەدەب پەروەرانیان پێ ڕوون بکاتەوە٠

چەند کارێکی پیرۆزە هەر کەسەی هەرچی لە شیعرو دیوانی بڵاونەکراوەی لە لایێ وەك کاك جەمال محەمەد بە خوێندەوارانی ڕابگەیەنێ ؟ بە ڕاستیئەو دەست پیشخەرییەی کاك جەمال محەمەد بە بڵاو کردنەوەی ناوەرۆکی کەشکۆڵی خوالێ خۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولەی گەلاڵە کارێکی جێگەی ڕێزو سوپاسە ٠ زیاد لەوەش چەند خۆشە ئەم کارەی کاك جەمال سەرداق شکاندن بێ بۆ هەموو ئەوانەی کەشکۆڵو بایەخی کۆنیان لایە کە هەموو ڕێبازەکەی ئەو بگرنو ئەو بەرهەمانەی لەلایانە بە خوێندەوارانی بناسێنێو بەم کارە سەرچاوەی باسو لێکۆڵینەوەی خوێندەواران زۆر ئەبێو هەرکەسەی بۆ هەرچی بگەڕێ ئەتوانێ شتێکی لێ بەدەست بهێنێو ئەو دیمەنەچەند بات بووەوەیش « پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەی ٠٠ » لەمەولا لەناو گۆقارەکاندا نامێنێ ٠

ئەمە پێش نیارێکە پێویستی بیرکردنەوەو هیمەتو لێ بوردنی ئەوانەی هەیە بەرهەمی بڵاونەکراوەی شاعیرانیان لایە ٠

Institut Kurde de Paris
Nortality and innortality

لەبیرەوەری ٢٩ ساڵی هێزی سەرکردەدا :

کردنەوەو دانانی بەردی بناغەی چەندان پرۆژەی گرنگ

ئەو پرۆژانەی کە بە بۆنەی بیرەوەری یادی دامەزراندنی حزبی سەرکردە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە لەوڵاتا ئەکرێنەوە یان بەردی بناغەیان دانەنرێ تیکرا (٥٨٥) ملیۆن دیناریان تێ ئەچێ ..

وە ئەم پرۆژانەش بە پێی باری ئابوریو دۆخی کۆمەڵایەتیو رواڵەتی جوگرافیایی کە خزمەتی ستراتیژیی حزبو شورشە نەتەوایەتیو سوشیالیستیە- کەمان بکات بەسەر ناوچە جۆربەجۆرەکانی وڵاتدا دابەش نەکرێن ..

● **پرۆژەکانی وەزارەتی ڕێگاو بان :**

مامۆستا سەعدون غیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەر- کردایەتی شورشو وەزیری ڕێگاو بان لە ئاهەنگەکانی بیرەوەری دامەزراندنی حزبی سەرکردەدا پرۆژەی (الکابل المحوری الشمالی) کردەوە کە جگە لە خانوبەرەی سەرۆکایەتی پرۆژەکە پێنج ملیۆن دیناری تێ چوە .

هەروەها وەزارەتی ڕێگاوبان بەردی بناغەی پرۆژەی بەندەری پیشەسازی یەکێتی سۆفیەت (خور الزبیر) داناوە کە نزیکەی ٣٣ ملیۆنو ٣٧٦ هەزار دیناری تێ ئەچێ .. ئەم بەندەرە بۆ بار کردنو دانرتنی کەرەسەی سەرەتایی هێنانو ناردن ئەبێ .

● **پیشە سازی .. (٤)**

پرۆژەی ستراتیژی

مامۆستا طە جزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشو وەزیری پیشەسازیو کانەکان بە هەمان بۆنەوە بەردی بناغەی چوار پرۆژەی ستراتیژی پیشەسازی داناوە کە ٤٦٢ ملیۆن دیناریان تێ ئەچێ . وەکو پرۆژەی فوسفەت و کوتی تازە لە زبیر وکارکەی قاقەز دروست کردن لە میسان ..

● **کارگەی قوتولە (قەنینە)ی گاز**

مامۆستا تایە عەبدولکەریم وەزیری ئەوت بەبۆنەی ئاهەنگی ناوبراوەوە کارگەی قوتولەی گازی لە گەڕەکی (الدورە) کردەوە ، ئەم کارگەیە ساڵی ٢٥٠ هەزار قوتولە پڕ ئەکاتەوە لە گاز ، وە لەوانەیە توانای بگاتە ٣٧٥ هەزار قوتولە لە ساڵێکدا ئەگەر بە سێ پۆستە نیشی تیا بکرێ . هەروەها دو بەنزینخانەی کردەوە بە ناوی (١)ی حوزیران لە ناوچەی (البیاع) لەگەل بەنزینخانەی ئوتوماتیکی لە مەنسور .

● **کۆشکو خانوبەرە**

وەزارەتی ئیش کردنو خانەسازی بەردی بناغەی دو خانوی بۆ مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقو یەکێتی کشتیئافرەتانی عیراق داناوە کە بە هەردوکیان دو ملیونو ٧٥٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێ هەروەکو چەند پرۆژەیەکی خانوو بەرەیان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی وڵاتدا کرۆتەوەو بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی تریان داناوە کە تیکرا نزیکەی ١٢ ملیۆنو ٥٩٦ هەزار دیناریان تێئەچێ .. وەکو دامەزراوی تەندروستی و پردو ڕێگاو بانو خانوبەرەی کشتیو شوێنی نیشتەجێ .

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی چوار خانوی بۆ نیشتەجێ کردنی فەلەستینیە- کان لە گەڕەکی ٧ی نیسان کردۆتەوە کە ٤٣٠ هەزار دیناریان تێ چوە ، جگە لەوەی کەبایی ٦٠٠ هەزار دینار خانوبەرەی تر لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی پارێزگاکاندا کراوەتەوە .

● **دو پەیمانگای فێرکردنو پزیشکی دەم ودان**

ئەمینداریتی پایتەخت پەیمانگایەکی بۆ فێرکردنو ڕاهێنانی پیشەیی لە بەرێوە- بەرایەتی کارگەی میکانیکی کردۆتەوە .. لەم پەیمانگایەدا کرێکارە تەکنیکیەکان فێری کاروباری ئەلەکتریک و چاککردنەوەی مەکینەو ئوتومبیلو ئاگر کوژاندنەوە ئەکرێن .

زانکۆی بەغداش پەیمانگا- یەکی بۆ لێکولینەوەو فێرکردنی چارەسەری دەمودان کردەوە .. کە لەم پەیمانگایەدا قوتابیان و هەندێک لە کاربەدەستان زیاتر فێری جۆری تیمار کردنی دەمودان ئەکرین و تازەترین چەشنی کەرەسەی تەکنیکی تەندروستی تیایە ..

وەزارەتی شارەوانیەکان لە ئاهەنگەکانی بیستونۆیەمین بیرەوەری دامەزراندنی حزبی سەرکردەدا حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب کە ڕێکەوتی ڕۆژی چوارشەممەی ٧ی نیسانی کرد چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری کومەڵایەتی کردەوە بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی نوێش دانرا کە ١٧ ملیۆن دیناریان تێ ئەچێ ..

مامۆستا عبدالستار طاهر شریف وەزیری شارەوانیەکان بەردی بناغەی قۆناغی سەرەتایی پرۆژەی لولەکەشی شاری بەسرەی دانا کەنزیکەی ١١ ملیون دیناری تێ ئەچێ .

سەرەتای ئەمپرۆژەیە چەند هێلێکی گەیاندنی ئاوە لە ناوچەکانی نێوان هەردوقەناتی (الرباط الخورة)و ناوچە کانی (الجزائرو شط العرب) کە دانیشتوانیان ئەگاتە ٢٧٥ هەزار کەس ، جگە لە لولەی سەرەکیو پرۆژەی بالاوتن .

هەروەها بەم بۆنەیەوە چەند پرۆژەیەکی تر کرایەوەو بەردی بناغەی چەندیرۆژەیەکی تری جۆربەجۆر لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکانا دانرا کە هەمویان زیاتر لە ٦ ملیون دیناریان تێ ئەچێ ..

ئەم پرۆژانە کردنەوەی بازارو مەخزەنو گەراجو خانوبەرەی شارەوانیو گازینۆو فوارەو قەسابخانەی نوێو میوانخانەی گەشتیو کوزارو باخچەی گشتیو پرۆژەی ئاوو زێراپو قیرتاو کردنی شەقامەکانو چەند پرۆژەیەکی تری جۆربەجۆری شارەوانی بووە .

هەروەها ٢٧ پرۆژەی ئاوی لادێکانیش کەوتنە کار کە هەر یەکەیان ٣٠ هەزار دیناری تێ چۆە ، لە مانە ١١ پرۆژەیان لە پارێزگای دیالەو ١٠ لە پارێزگای بەغداو ئەو شەشەکەیان لە پارێزگای ئەنبار .

دیسانەوە لە پارێزگای میسان پرۆژەی ئاوی (السلام) کرایەوە کە ١٦٠ هەزار کەلەیەکانی یان کردوە .

ئاهەنگەکانی بیرەوەری ٢٩ ساڵی دامەزراندنی حزبی سەرکردە لناوچەی ئوتونۆمی دا

● **لە پارێزگای سلیمانی :**

هەڤاڵ ئەمینداری نهینی و هەڤاڵانی ئەندامانی سەرکردایەتی شعبەی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە سلیمانی بەم بۆنە پیرۆزەوە پیرۆز بایان لە ئەندامانی ڕێکخراوو یەکێتیی پیشەیی کردو ئینجا بەرێز پارێزگاری سلیمانی چەند پرۆژەیەکی جۆربەجۆری کردەوە وەکو : چوار خانو بۆ فەرمانبەران عەر لە ناو پارێزگاکەدا چیشتخانەیەکی کرێکاران و فەرمانبەرانی کارگەی گشتی جیمەنتۆ لە سەرچنار ، چەند بازارێکی نوێ لە رانیەو چەمچەماڵو سەید سادقو خورماڵ ، هێڵی کارەبای رانیەو چوار قورنەو سەید سادقو شیروان .

ئەم پرۆژانە تیکرا ٢٤٦ هەزار دیناریان تێ چوە .

هەروەها پارێزگاری ناوبراو لە هەمان بۆنەدا بەردی بناغەی پروژەی ئالفی ئاژەڵی لە سەرچنار دانا کە ٥١٢ هەزار دیناری تێ ئەچێ لەگەل ٥١ خانو بەرەدا لەناوچە جۆربەجۆرەکانی پارێزگاکەدا، فراوان کردنی پروژەی ئاوی سەرچنار کە ئەمیش ٣٩٢ هەزار دیناری تێ ئەچێ .

سەرۆکی زانکۆی سلیمانی بەردی بناغەی بەشی ناوخۆیی تازەو ١٠خانۆی بۆمامۆستایانی زانکو دانا کە ٤٠٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێ .

● **لە دهوک :**

لە ئاهەنگەکانی بیرەوەری دامەزراندنی حزبی سەرکردەدا چەند پروژەیەکی کشتوکاڵیو بەروەردە کردنو تەندروستی کرایەوەو بەردی بناغەی چەند پروژەیەکی تری جۆربەجۆر لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکانا دانرا کە دانراوە .. وەکو کردنەوەی خانوبەرەی بەرێوە بەرێتی ئەشغاڵو مەڵبەندی تەندروستیو بازاڕی نوێو کارگەیەکی بەرهەمە کونکرێتیەکانو چەند گەراجێکو خانوبەرەیەک بۆ یەک کەوتەکانوچەند قوتابخانەیەکی سەرەتاییو خانوبەرەی دەزگا کشتوکاڵیەکانو ڕێگای نیوان (خمار مانگیش) کە ٤٠ کیلومەترە دریژە کە ئەمانە ملیونو نیوێکیان تێ ئەچێ .

● **لە هەولێر :**

لە پارێزگای هەولێریش بە بۆنەی بیرەوەری دامەزراندنی حزبی سەرکردەوە چەند پروژەیەک کراوەتەوەو بەردی بناغەی چەند پروژە- یەکی تریش دانراوە .. کە بە هەمویان نزیکەی ٥٨٦ هەزار دیناریان تێ ئەچێ .. وە لیژنەیەکی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی ئاهەنگەکان پێک هاتوەو سەرپەرشتی ئاهەنگە

بروانە ـ ل ـ ١١ ـ

دووبریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

- ئەو زەویانەی ئەکەونە ناوچەی ڕووپێو کردنی بومەلەرزەوە مەرجی خانوو تیادا دروست کردن نایان گرێتەوە .
- یاسای دامەزراندنی دەزگای ڕوشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی .

هەفتەی ڕابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دوو بڕیاری دەرکرد دەربارەی ئەو زەویانەی ئەکەونە ناوچەی ڕووپێوکردنی بومەلەرزەو دامەزراندنی دەزگای ڕوشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی .. ئەمەش تەواوی هەردوو بڕیارەکەیە :-

● بە پێی ناوەڕۆکی بڕگە (أ)ی بەندی چڵو دووی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕێککەوتی ٢٣ـ٣ـ١٩٧٦ ئەم بڕیارەیدا .

١ ـ ئەو زەویانەی کە لەو ناوچەیە جیاکرابونەوە کە خانوو دروست کردنیان تیادا وەستێنرابوو بەپێی نووسراوی ژمارە (٤٤٨٣)ی ڕێککەوتی ٢٦ـ٥ـ٧٣ی سەرۆکایەتی دیوانی ئەوقافی جمهوری بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە مەرجی خانوو دروست کردن ئەبەخشرێ لەو ڕۆژەوە ئەم بڕیارە ئەو زەویانە ئەگرێتەوە کە لە دایەرەی تەسجیلی عەقار بە ناوی کڕیارەکەوە ئەنوسرێ بە پێی بڕگە (٣)ی بەندی شەشەمی یاسای فرۆشتنو بەکرێدانی عەقاری دەوڵەتی ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٦٧ .

ماوەی قەدەغەکردنو وەستاندنی خانوو دروست کردن لەو ناوچەیەدا کە پیویستی ڕوو پیوکردنی بومەلەرزە فەرزی کردبوو لە چوار چیوەی ئەو پێنج ساڵەدا نابێ کە لە سەرەوە دەست نیشان کرا .

٢ ـ ئەم بڕیارە لەگەل دەرچوونیەوە جێبەجێ ئەکرێ و ئەرکی ڕابەڕاندنیشی بەلایەنە خاوەن پەیوەندیەکانەوە سپێردراوە .

ئاحمد حسن بکر

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

یاسای دەزگای ڕوشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسای دامەزراندنی دەزگای ڕوشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی پەسند کرد کە هەفتەی ڕابوردوو لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو کرایەوە . ئەم دامەزراوەش دەزگایەکی شتی ئەبێو بایەخ بە ڕوشنبیری کوردو بەرەپیدانی و پێشخستنی ئەدەبیاتو ئەو کەلەبەرو دوا کەوتنەشی بۆ پڕ ئەکاتەوە کە لەسەردەمی کۆنەپەرستو دیکتاتوریەتی بێشودا دووچاری هاتووە .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئامانجی دامەزراندنی ئەو دەزگایەی بەئەشەکردنی تەرجەمەو دانانو بڵاو کردنەوە بەزمانی کوردیو زیندو کردنەوەی کەلەپوری ڕوشنبیری کوردی لە عیراق دا دەست نیشان کردوە .

ئەم دەزگایە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەو چاپ کردنی ئۆفارو ڕۆژنامەو کتێبەوە بە زمانی کوردیو و بەهاوکاریو کۆمەکی دەزگاو دامەزراوەکانی تری دەولەت کە وەك خۆی وان ئەرکی سەرشانی ڕانەپەڕێنی .

هەروەها ئەو شتانە تەرجەمەی کوردی ئەکات کە لە وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە بۆی دێنو ئەتوانێ مافی کتێب دانانو تەرجەمەو بڵاوکردنەوە لە خاوەنەکانی بکرێتو بەرهەمەکان چاپ بکاتو کۆڕو ناهەنگ و میهرەجان ڕێکبخات بۆ دەرخستنی خاسیەتە سەرەکیو هەرە دیارەکانی ڕوشنبیری کوردی عیراق .

دەزگاکە بۆ ڕابەڕاندنو ناسان کردنی ئیشو کاری ئەتوانێ پەیامێرو نوێنەر لە ناو وڵاتدا دابنێو چاپخانە دابمەزرێنێو کەرەسەو مەکینەی پیویست لە دەرەوە بکڕێ .

بە پێی بەندی دووەم پارەکای ئەم دەزگایە لەشاری بەغدا ئەبێت و مافی ئەوەشی هەیە کە لقی تر لە ناو وڵاتدا دابمەزرێنێ ... بەپێی بەندی سێیەم دەزگاکە لە لیژنەیەکی ئاراستەکار (عینە توجیهیە)و لە ئەنجومەنی بەڕیوەبەران پێک دێت

لیژنەی ئاراستە کردن بەرزترین دەسەڵاتی دەزگاکەیەو لە هەشت کەندام پێکدێت کە وەزیری ڕاگەیاندن دایان ئەنێتو لە مانەی خوارەوە پێک دێت :

بەڕیوەبەری دەزگاکە ، دوو فەرمانبەری دەزگاکە لە کارزانو شارەزا لە ئاوەڵباری چالاکی دەزگاکە ، نوێنەرێکی کرێکارانی دەزگاکە، نوێنەرێکی ئەقابەی ڕۆژنامە نووسان .

وە لە مێژی دەرکردنی یاسای دامەزراندنی ئەم دەزگایەدا وتراوە ... لە ساڵی ١٩٧٠ بەڕیوەبەرایەتی گشتی ڕوشنبیری کوردی دامەزراو لە ساڵی ١٩٧٤ دەزگای هاوکاری چاپو بڵاو کردنەوەی کوردی بیك هات ... وە لەبەر ئەوەی حکومەتی شۆڕشی ١٧ی تەمووز بنچینەی دامو دەزگاکانی ئۆتۆنومی بە قایمیو باشی داناو هەر دەزگایەش بەپێی ئیشو کاری خۆی کەوتنە ڕابەڕاندنی ئەرکی سەرشانیانو ئنجا بۆ ئەوەی هیچ دەزگاو دامەزراوێك دەست ئەخاتە کاروباری دەزگا- یەکی ترەوەو بۆ ئەوەی هەر دەزگایە ئەرکو فرمانی سەرشانی دیار بێت ، ئەم یاسایە بڵاوکرایەوە .

ئا.د.ع

پەیوەندی پێنەسازی نێوان عێراقو سۆڤیەت

سەر لە بەیانی ڕۆژی دوشەممەی ڕابوردو مامۆستا طە الجزراوی ئەندامی سەرکردایەتی شورشو وەزیری پیشەسازیو کانەکان لە نیشتەجێی تایبەتی خۆی پێشوازی مامۆستا باخریف وەزیری پیشەسازیو ماشینی سوفیەتی کردوە .

لەم کۆبونەوەیەدا بەرزان جێگری وەزیری سوفیەتو باڵوێزی سوفیەت لە بەغدابەشدار بون و باسی پەیوەندی دو قۆڵی پیشەسازیو بڕۆژەکانی سوفیەتیان کردوە لە عیراقا .. بە تایبەتی فابریقەی ماشینسازی لە ئەسکندریە کە لەم ڕۆژانەدا بەردی بناغەی دانراوە .. ئەم چاو پێکەوتنە نزیکەی سەعاتێکی خایاندوە .

مامۆستا جزراوی بەردی بناغەی پرۆژەی میکانیکی ئەسکندریە دائەنێ

بەبۆنەی ٢٩ ساڵەی دامەزرانی حزبی سەرکردەدا : بەبۆنەی جەژنی بیستو نۆ ساڵەی دامەزرانی حزبی سەرکردەوە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب کە طە جزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری پیشەسازیو مەعدەن ڕۆژی ٤ ـ ٤ بەردی بناغەی فابریقەی میکانیکی ئەسکندریەی دانا .

وە لە ئاهەنگێکی گەورەدا کە بەم بۆنەیەوە ڕێکخرا کاك باخریف وەزیری پیشەسازی سۆڤیەتو ئەو وەفدەی لەگەلیایەتی تیایدا بەشدار بوون . بەڕێز وەزیری پیشەسازیو مەعدەن بەم بۆنەیەوە وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی :-

دانانی بەردی بناغەی ئەم پرۆژەیە کە پرۆژەیەکە لە پرۆژە گرنگەکانی وڵات پێدا ویستی، نەخشەی کەشە پێدان ئەبێت و بنچینەیەکی پتەو دائەنێ بۆ دامەزراندنی پیشەسازی گەورەو فراوان لەعیراقدا . ئەمانەش سەربەخۆیی سیاسی وڵات پتەوو جێگیر تر ئەکەن .

ئەو پرۆژەیە لەسەر پارچە زەویەك دروستئەکرێ کە ملیونێکو حەوسەد مەترەی چوار ئۆشەیەو کە ئەواویش بوو بەلای کەمەوە شەش هەزار تەکنیکیو کریکارو ئەندامانی بەڕیوەبەرایەتی ئیشی تیادا ئەکەن ، وە وا چاوەڕوان ئەکرێ کە (١٠٠) ملیون دیناری تێ بچێتو لە ساڵی ١٦٧٩دا ئەواو ببێت .

کۆتایی سەردانی وەزیری شارەوانی یەکان بۆ وڵاتانی خەلیج

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٥ی ئەم مانگە مامۆستا عبدالستار طاهر شریف وزیری شارەوانیەکانو ئەو وەفدەی لەگەلیایە لە سەردانەکەی وڵاتانی خەلیج گەڕانەوە بەغدا. مامۆستا عبدالستار طاهرشریف وتویەتی :

مەبەستی ئەم سەردانەمان بۆ پەیوەندی کردن بوە لەگەل کاربەدەستانی کویتو بەحرینو سعودیەو قەتەرو ئەمیرنشینە یەکگرتوەکانی عەرەب ، بەمەبەستی ڕێکەوتن لەسەر دامەزراندنی (مەلبەندیکی) سەربە ئەنەوە یەکگرتوکان لە بەسرە بۆ پارێزگاری (بیئە)ی خەلیج . عەروەها وتویەتی : وڵاتانی سعودیەو بەحرینو میرنشینە یەکگرتوەکانی عەرەب لەسەر دامەزراندنی ئەو مەلبەندە قایل بون ، قەتەریش سەرزارەکی قایل بوە بەڵام کویت ئەوباسەی داوە بە ئەنجومەنی ئەتەوی کویت تا لێی بکولێتەوەو ڕای لەسەر بدات .

هاوکاری

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە لە دەزگای هاوکاری چاپو بڵاو کردنەوەی کوردی دەرئەچێ

ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦ ساڵی ١٩٧٤

کرێکارانی وڵات ستایشی سەرکردایەتی سیاسی حزبی ئەکەن

یەکێتی گشتی ئەقابەی کرێکاران بە ناوی چینی کرێکارەوە لە قوتری عیراقدا بە بۆنەی بیرەوەری ٢٩ هەمین ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە ستایشی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شورش ئەکەن وە بەیمان تازە ئەکەنەوە کە بەردەوام لەسەر ڕێبازی بیروباوەڕی شورشگێرانەی حزب بڕۆن .

لەم بۆنە پیرۆزەدا چینی کرێکار سلاوی پێشکەش بە سەرکردەی دامەزرێنەر هەڤاڵ میشیل عەفلەق ئەمینداری گشتی حزبو هەردو سەرکردایەتی نەتەوایەتیو قوتری کردوە .

وە پەیمانیان بە سەرۆکی فەرمانڕەوا عەڤال احمد حسن البکر ئەمینداری نهینی سەر- کردایەتی قوتری حزبو سەرکومارو عەڤالصدام حسین جێگری ئەمینداری نهینی سەرکردایەتی قوتری حزبو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش داوە کە بەردەوام سەربازی پارێزگاری حزبی سەرکردە بن .

یەکێتی گشتی ئەقابەکانی کرێکاران بەم بۆنە پیرۆزەوە بەیاننامەیەکی سیاسیدەرکردوە تیایا باسی بارو زروفی نەتەوەی عەرەب ئەکات لەو کاتەوە کە جولانەوەی بەعسی تیا هاتۆتە دی ..

● بەیاننامەکە ئەڵێ : **دروست بونی حزب پێویستیێکی ژاتیو مەوزوعیبو لەمێژوی خەباتی نەتەوەی عەرەبا** چونکە بە ناخۆشترین شێوە لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی دائیرکەرانەی بێگانەدا نەچەوسایەوە .. وە بە چەندان شێوەی چینایەتی ناوخۆ ئەتلایەوە .

جەماوەری شورشگێری عەرەب لە دەوری ئالای حزبی بیشرەو حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب کۆبونەوە بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی شورشگێرانە چارەسەری مەینەتو گیروگرفتە نەتەوایەتیەکانیان بکەن لە نیشتمانی ئەوەی عەرەبا .

بەیاننامەکە ئەڵێ : جولانەوەی نەتەوایەتی عەرەب بەر لە ٧ی نیسانی ١٩٤٧ ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیو تیوریەکی سوشیالیستیی تیا نەبو کە مەسەلەی زەحمەتکیشانی جەماوەری لەسەر دابمەزرێ ، جولانەوەی هێزە نیشتمانیەکانی تر لە بارەی مەسەلەی نەتەوایەتیو چارەنوسی قەوارەیەوە لە ئاستێی خەباتی کومەڵایەتیدا کەمو کورتی تیابو .

بەیاننامەکە سەرکوتەکانی خەباتی حزبی لە نیشتمانی عەرەبا خستە ڕوو وە لەم سەرکەوتنانەی بەستوە بە تەقینەوەی شورشی ١٧ ـ ٣٠ تەموزی ١٩٦٨ەوو لە قوتری عیراقدا .

دیسان وتویە : حزب لە قوتری عیراقدا توانیوێتی لە دوای سەرکەوتنی شورشەکەی ئەو بەڵێنە مەبدەئیو سیاسیانە بێنیتە دی کە بەڵێنی بە جەماوەر دابو لە هەمو ڕوەیەکی ژیانێ نیشتمانیدا لەسەر مەسەلەیەکی بنچینەیی کە شورشگێر کردنی جەماوەرەو لە پیناوی مافو بەرژەوەندی ئەو زەحمەتکیشانەدا تێ ئەکۆشێ کە پارێزگاری ڕێزی نەتەوە ئەکەن .

ڕواڵەتی تازەی عیراق بەڵگەی ئەوەیە کە حزب بایەختێکی میژوویی پێداوەو نمونەی دەوری پیشرەوی و خەباتی شورشگێرانەو تاقی کردنەوەی جەماوەری سەرکەوتوە .

بەیاننامەکە باسی ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانەی کردوە کە سەرکردایەتی حزب لە قوتری عیراقدا لە هەموو بوارێکدا بەدی هێناوە .

ئەم گۆڕانکاریە دیموکراتیو شورشگێرپانەو دەسکەوتە پیشکەوتنخوازانەیە سەر لە نوێ عیراقێکی تازەیان هێناید ی .

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا ئەڵێ : یەکێتی گشتی ئەقابەی کرێکاران لە وڵاتدا چینی کرێکار ئاراستە ئەکات بۆ ئەوەی ئەرکی میژوییەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەنو هەمیشە پشتیوانی ڕێبازی حزبی سەرکردە بن .

کۆبونەوەی ئەنجومەنی یاسادانان

ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٣ی ئەم مانگە بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاك بکر محمود پشدەری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنومی کۆبونەوەیەکی کردوە .. لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا ڕاپورتی ئەمینداری گشتیی کاروباری کۆمەڵایەتی خوێندرایەوە کە بریتی بو لەباسی ئیشوکارو چالاکی ئەو ئەمینداریە .. هەروەها ئەنجومەن گویی لە ڕاپۆرتی لیژنەی ژمارەن گرتوە کە سەبارەت بە بودجەی ساڵی ١٩٧٥ داوێتی .

ئەنجومەن بریاری ئەوەی داوە کە لیژنەی کشتوکاڵ و چاک کردنی کشتوکاڵی سەر بەخۆی سەربدا لە ناوچەی ئۆتۆنومی تا بەچاکی ئاگاداری جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی ڕێکخستنی مولکدارێتی کشتوکاڵ بێت لە ناوچەکەدا ، وە تاوەکو ئەولیژنەیە ڕاپورتێکی تێروپڕ سەبارەت بە کۆمەڵەی هەروەها کارێکانی ناوچەکە بۆ ئەنجومەن ئامادە بکات ..

لە هەمان کۆبونەوەدا ئەنجومەن بریاری داوە کە کوبونەوەی داهاتوی لە ڕۆژی دووهەمی مانگی ئایندەدا پێک بهێنێ .

پارێزگای سلیمانی هاوینە هەوارەکان بۆ سەیران کەران ئامادە ئەکات

دەزگای گەشتو گوزاریەکانی پارێزگای سلیمانی لە ئیستاوە کەوتونەتە خۆ بۆ ئامادەکردنی جێگا بۆ ئەو سەیران کەرانەی لە هاوینی ئەمساڵدا ڕو دەکەنە ئەو پارێزگایە .

ئەم هەواڵە مامۆستا محمد امین محمد پارێزگاری سلیمانی ڕایگەیاندوە ، هەروەها وتویەتی : تا ئیستا زیاد لە ٢٥٠ دەوارمان لە ناوچەکانی پارێزگاکەدا بۆ حەوانەوەی سەیران کەرانو میوانەکانی پارێزگای سلیمانی هەڵداوە .

Institut kurde de Paris

مامۆستا جەزراوی داوای چارەسەرکردنی گیروگرفتی کارەبا بریتی کردووە

بەرێز مامۆستا طه الجزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری پیشەسازی و کانەکان داوای لە دەزگای گشتی کارەبا کردووە کە کارێکی وابکات بە هیچ جۆرێک لە هاوینەدا کارەبا لە هاووڵاتیان نەبڕدرێت ••

مامۆستا جەزراوی ئەم داوایەی بەنامەیەک بە دەزگای کارەبا راگەیاندوە تا ئەوە دەزگایە کاروباری خۆی وارێکخات نەبێ بەهۆی بڕانی کارەبا لە هاویندا ، وە تاوەکو گورج و گۆڵ و زوبەزو چالاکانە مەکینە نوێکانی دامەزرێنێت و پرۆژە کارەبایەکانی جێبەجێ بکات •••

ئەوەی شایانی باسە دەزگای گشتی کارەبا ٥٠٠ ملیون دیناری بۆ جێبەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی کارەبا لە بەغداد پارێزگاکانی وڵاتدا تەرخان کردووە ••• هەندێک لەو پرۆژانە لەیەک دوو مانگی داهاتودا تەواو دەبن و دەخرێنە کار ••

گەشەپێدانی هەرەوەزکاریە کشتوکاڵیەکانی ناوچەی ئوتونۆمی

ئیستا خەریکی لێکۆڵینەوەن لە بارەی بەستنی دوەمین کۆنگرەی هەرەوەزکاری کشتوکاڵەوە کە وا چاوەڕوان ئەکرێ لە ڕۆژی ٣٠-٥-١٩٧٦دا لە بەغدا یان لە یەکێک لە پارێزگاکانی ناوچەی ئوتونۆمی دا ببەسترێ •

مامۆستا صاحب بیعی بەرێوەبەری بەشی هەرەوەزکاریە کشتوکاڵیەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و چارەسەر کردنی کشتوکاڵ بە پەیامنێری هاوکاری ڕاگەیاندوە کە لەم ڕووەوە پێشنیارێک دراوە بە مامۆستا بشار راسم جێگری ئەمینداری بەرێوە بردنی کشتوکاڵ و چارەسەر کردنی کشتوکاڵ لەو گەشتەیا کە هەفتەی ڕابوردو چو بو سەردانی ناوچەی ئوتونومی •• مامۆستا بیعی وتویە : کە پێشنیاری کردوە ئەم کونگرەیە لە پارێزگای سلیمانی ببەسترێ لە بەر ئەوەی کە زانکۆی تیایەو جوڵانەوەی هەرەوەزکاری تیایا دەرکەوتوە • ناوبراو لە گەل مامۆستا بشار راسم لەبارەی دەسەڵاتی ئەمینداریتی یەوە دواوە کە ئەم ئەمینداریتی یە نمونەی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵە ئەرکی دانانی ریبازی بەرێوە بردنی کشتوکاڵ و هەرەوەزکاریەکانی ناوچەکەی لە ئەستۆدایە •• وە پێویستە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بدرێتی کە بتوانی بە تەواوی سەرپەرشتی کاروبارەکانی بکات بێ ئەوەی هانا بەرێتە بەر دەسەڵاتی بەغدا •

ناوبراو لەم سەردانەدا چوە بۆ پارێزگاکانی سلیمانی و هەولێر و دهوك وە لەگەل سەرۆکی ناوچە کشتوکالیەکان و بەرێوە بەراتی هەرەوەزکاریەکانا کۆبۆتەوە لە بارەی گیروگرفت و پێویستی یەکانیانەوە گفتوگۆیان کردوە•• هەروەها وتویە لەم سەردانەمانا سەرنجی ئەوەم داوە کە جوڵانەوەی هەرەوەز کاری زیاد لە وەی چاوەڕوانیمان ئەکرد دەنگی داوەتەوەو بەشێکی زۆری لەو ناوچانەی ئەو سێ پارێزگایەی گرتۆتەوە هەروەکو سەرۆکی ناوچەکشتوکالیەکان پێخوشحالی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بەو دەسەڵاتەی کە بۆیان دراوە ، وە موۆرکردنی بەرنامەی داهاتوی بەرهەم هێنانی کشتوکال زیاتر یارمەتیان ئەدات و زۆر تر ئەبێتە هۆی گەشە پێدانی جوڵانەوەی هەرەوەزکاری •

•

وتارەکەی فەرماندەی داهەزرێنەر « پاشماوە »

بیرۆزبایی لە هەموو ئەو بەعسیە تێکۆشەرانە ئەکەین لە هەر شورێنێك دا هەن و کە لەسەر ڕێگای خەبات خۆیان راگرتووەو کۆلیان نەداوە هەرچەندە گیروگرفت و کوێرەوەری هاتبێتە سەر ڕێگایان •

سلاوی دڵسۆزی لە گیانی شەهیدانی بەعس ئەکەین کە بە فیداکاری و قوربانی و شەهید بوونیان ڕەسەنی کاری مێژوییانەیان بە خەباتی حزب بەخشیوە •

حەزب لە ئەنجامی ئەو دۆخە ناسکەوە لە دایك بوو کە جەماوەری عەرەب تیایدا ئەژیاو هەڕەشەی لە ئەتەوەکەمان ئەکرد •• ڕێگا سەختەکەی بڕی و لە دوژمنان سڵی نەکردەوە • دووچاری بوختان پی کردن و پروپاڵانتەی زۆر بوو •• چونکە بیرو باوەڕە نوێیەکەی هەڕەشەی لە بەرژەوەندی چەند توێژێکی دەست ڕۆیشتوو ئەکرد •• حزب لە پیلان و دوژمنایەتی ئەم هێزانە دوو چاری زۆر شت بوو •• هەروەها لەلایەن چەند هێزێکی ترەوە کە پیویست وابوو دۆستو هاوبەیمانی بن لە خەباتدا ، کە چی پیلانی گرایە سەر پیلانی وەها کە زۆر نەخشەکانی کۆ نەپەرستو ئیمپرکالیستەکان توندوتیژ تربێ •

ئەوەی هەمیشە حزبی لە تەنگ و چەلەمەو ساتەمو ناخۆشی پاراستوەو هۆی سەرکەوتنی هەمیشەیی یەتی راست کۆیی بووە لە گەل خۆیی و لەگەل جەماوەردا ••• ئەمەش دەرگای بۆ کردۆتەوە کە بچێتە باوەش و ناو دڵی جەماوەری عەرەبەوە • ئەم جەماوەرەش بە هەستی سادەو ڕەسەنی شۆڕشگێرانەیەوە بە رامبەر بە حزب بەخشندە بووە چونکە بۆی ساغ بۆتەوە کە چ پەیوەندیەیەکی قۆڵ لە نێوان عەرەبوکیاندا هەیەو حزبیش بەراستی و حەقیقەت ئەواوەو ئامانجەکانی دەرئەبڕێ •

حزب لە یەك کاتدا وەك و بیرو کار کردن (پراکتیکی) تێکۆشان لە دایك بوو لە شبڕزەیی و دواکەوتوویی دۆخی عەرەبەوە سەری هەڵدا •• جەماوەر ئەوە دڵنیابوو کە حزب بەرو بوومی خاك و زەمینەو بوون و مێژوەکەیەتی بۆیە یەکسەر دەرگای دڵی بۆ کردەوە •• لە لایەکی ترەوە حزب چەندە لە لای لاوانی عەرەب و جەماوەری گەلەوە خۆشەویست بوو ئەوەندە لەلایەن ئیمپریالیزم و چینە کۆنەپەرستە دەست بە سەرا گرەکانەوە دوژمنایەتی ئەکرا •

لە کۆتایی ساڵانی پەنجادا کاتێ حزبی بەعس لە گەل فەرماندەی کۆچ کردوو جمال عبدالناصردا یەکەم دەقی کردنەوەی یەکگرتنی بەدی هێنا لەم چەرخەدا لە ئەندازە بەدەر ترس و لەرز ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستە بەکرێ گیراوەکانی داگرت ••• ئەوە بوو سوودیان لەو هەڵانە وەرگرت کە لە کاتی جێبەجێ کردنی دەقی کردنەوەکەدا رووبان دا بۆ ئەوەی دەستی لێ بوەشێنن ••• بەڵام خەباتی بەعسیەکان لە عیراق بوو بە ئەوزمێکی چەماوەری فراوان و لە شورشی چواردەی ڕەمەزاندا سەرکەوتنی بە سەر حوکمی تاکە کەسی شعوبی دا بە دەست هێنا • ئەم سەرکەوتنەش تولەی یەکگرتنەکەی (الوحدە) لە پیلانی جیاواز خوازان کردەوە • هەروەها هەڵێکی لە رادەبەدەر بوو بۆ نوێ کردنەوەی یەکگرتن و دەرهێنانەوەی دەست پێشکەرەی لە دەست ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی • ئەگەر سەرنەکەوتنی یەکگرتنەکەو جیابونەوە وەکو تاقی کردنەوە سوودی لێوەرنەگیرابایەو عەقڵی یەتی تاکە کەسی نەکۆڕیبایە ئەوا هێزە شۆڕشگێڕەکانی عەرەب پچڕپچڕ و لە یەکتری دوور نەبوون • وە دەست پێشکەرەی تەنیا بە دەست دوژمنەوە ئەبوو نەهامەتی دوای نەهامەتی ١٨ی تشرین و ٢٣ی شوبات وێنەچی حوزەیرانی بەسەرا هات ••• ئەوە بوو راستی کردنەوەکە جارێکی تر لە لایەنحزبە تێکۆشەرەکەمانەوە لە عیراق هاتە کایەوەو شۆڕشی ١٧ی تەمووز بەر پا کرار پارێزگاری کراو بە هەنگاوی ڕێك و پێك بەرەو پێش چوو ••• حزب لەم تاقی کردنەوەیەدا ئەوەیەی کامڵی شۆڕشگێڕانەی تواند کە ئەمەش شتێکی ناسایی نەبوو •

هەڵاڵانی تێکۆشەر •••

جەماوەری ئەتەوە هەژنەکەمان •••

لە یەکەم ساڵی دامەزرانی حزبدا بەعسیەکان لە دە پانزەکەس تێنەئەپەڕین و هەواڵی شۆڕشی (٤١)مان لە عیراق بێ گەیشت ئەمەش یەکەم هەڵ بوو کە حزب بیری ئەتەوەیی یەکگرتنی تیادا جێبەجێ کرد ••

ئەندامانی حزب بۆ ئەم مەبەستە هاتنە کۆڕی خەباتەوەو داواله لاوانی سوریاکرا کە بچنە ناو ڕێکخراوی (سەرخستنی عیراق) ئەم ڕێکخراوە دوعایەکی هەبوو ئەیکرد :

(خوایە تۆ ویستوتە عەرەب یەك ئەتەوەی بە هێزو هوشیار بێو پەیامی تۆ بە دنیا بگەیەنێ •• ئەمڕۆش ئەتەوێ سەرلەنوێ یەکبگرنەوەو بەهێز بینەوەو سەر لە نوێ ئەم پەیامە بە مەبەست بگەیەنێ •• خوایە هێزی ئیمان و بێ گەردی بیرو خواستی قایم بێ بەبەخشی بۆ ئەوەی بتوانم ببم بە سەربازێکی سود بەخش و کاریگەر لە ئیکۆشان (الجهاد)دا کە عیراق لە پێناو پەکگرتنی عەرەبدا ئەیکات •

ئەمەش وانەکەیەنێ کە هەر لەسەرەتاوە عیراق دەورێکی دیارو ئاشکرای هەبووە لەبڕچوونی حزبدا•• کاتێك لەسەرەتای پەنجاکانەدا حزب ڕێکخراوەکانی لەعیراقدا پێك هێنا ئەمەمان بەقوناغێکی نوێ دانا لەرەوتەکەیدا کە بەکردەوە دەستی پێ کردو ئەم ڕێکخراوانەش هەر لەسەرەتاوە گیانی بەرزی خەبات کردنیان تیادابوو •• هۆکەشی ئەو دۆخە سیاسی یە بوو کە لە ساڵانی پەنجادا لەعیراق هاتبوە کایەوە ••• هەروەها بەجەرگی و دڵسۆزی ئەو تێکۆشەرانەی لەعیراقدا هاتبونەتە ریزی حزبەوە نموونەی فیداکاری بوون و بەردەوامی تاقی کردنەوەی خەباتەکەیان زامن کرد •

هەرئەمەش بوو وای لەحزب کرد کە ببێتە قەلایەکی پتەوی حزبەوە تاقی کردنەوەیەکی باشی هەبێ لەنێوان تاقی کردنەوەکانی شۆڕشی نیشتمانی عەرەب و جیهانی سێیەم •

سەرکەوتنی تاقی کردنەوەی حزب لەعیراق •• تا ئەم ڕادەیە ••• وە بەو قۆڵی و چەسپاوی و پتەوی یە هۆی هێزو توانای حزب و تێکرای ئەتەوەی عەرەب بوو •• کارێکی گەورەی لەژیانی نوێی عەرەبدا کێڕا •• تاقی کردنەوەکە تا ئەهات جێگیرتر ئەبوو ڕەگ و ڕیشەی بۆ ناو قوڵایی جەماوەرو شارو لادێ ئەهاویشت و لەنێو توێژو تاقمەکانی گەلدا ڕیشەی دانەکوتا •• وە ئەبوو بە هاوجووتی ژیانی جەماوەرو ڕۆژ بەڕۆژ حزب و جەماوەر پتر لەگەل یەکتریدا تێکەڵاو ئەبوون •

حزبێك ئەم خاسی یەتەی هەبێ •• تەنیا بە تێکۆشەرانێك دانەمەزرێ کە ڕەوشتی شۆڕشگێڕی یان هەبێ و خاوەن پراکتیکی خەبات و گیانی زانستی یانەبن •• بێ گومان حزبێکی واش ئەبێ سەرکردایەتی یەك بهێنێتە گایەوە کە ئاستێکی ئاناسایی هەبێ ••• سەرکردایەتی یەك کە ئەو دەسەڵات بەدەست بهێنێ و ڕابەرایەتی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بکات ••• دوای هەردوو ئەهامەتیەکە کە بەسەر حزبدا هاتن ••• وە دوای بەزینە ئەتەوەییەکە کە ئووشی تێکرای ئەتەوە بوون لە پێنجی حوزەیرانەدا •• ئەم سەرکردایەتی یە لەعیراق بۆ پەکەم جارو بەم وزەو فراوانی یەوە وای لە وڵات کرد کە نامادەی ڕاپەڕاندنی ئەرکی گەورەی ئەتەوەیی بێت •

وە لەبەر تیشکی بڕیاری کۆنگرەکانی حزب ، سەرکردایەتی دوای وتوویژێکی خەست و خڕ لە بەرەی نیشتمانی و ئەتەوەیی پێشکەوتنخوازی پێك هێنا •

هەروەها هەوڵیدا کە پەیوەندی دۆستانە لەگەل هەموو دەستە شۆڕشگێڕو ئەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکانی نیشتمانی عەرەبدا بەبەستێ و لەپێش هەموویانەوە بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین • هەروەها دۆستایەتی لەگەل بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهانی سێیەم و وڵاتانی بێلایەن و دەوڵەتانی سوشیالیستی بەنین کرد •

لەهەموو ئەم چالاکیانەدا دڵسۆزانە بڕیاری کۆنگرەکانی حزب جێبەجێ ئەکران •

چلەپۆپەی تاقی کردنەوەکەی حزب لەعیراق لە میللی کردنی نەوتدا خۆی نواند شان بەشان بەشدار بوونی لەشکری عیراق چالاکانە لەشەڕی تشرین و چارکردنی کێشەی کورد چارەسەر کردنێك کە لە بیروباوەڕەکانی حزبەوە هەڵقولابێ کە ئەك هەر ئاشتی هاوخۆ جێگیر بکات بگرە نموونەیەکی گەشەداری سەرکەوتنی بەخشی گیانی کەلەپوری مرۆڤ پەروەری عەرەب بێت •

هەڵاڵانی خەباتکێر •••

جەماوەری ئەتەوە دلێرەکەمان ••

ئەو شبڕزەییەی ئیستاکە لەدۆخی عەرەبدا بەدی ئەکەین جێگای داخە بەڵام ئامان ترسێنێ خۆ کە لەدەرەوە سەیری بکەین ئەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەنجامی خەست و خۆل بوونی نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمە کە دوای زەبری شەڕی تشرین و بەرزبوونەوەی وزەو وزەی عەرەب جالاکیان بتر کردوە •

ئەگەر لەناوەوەش سەرنجی ئەم دۆخەی عەرەب بدەین و بەباشی لێی وردبینەوە ئەوا لەپتر بەردەی ئەو دوودڵی و پاشەکشی و شەڕو ئەخۆشی یانەدا شتێك ئەبینێ کە دڵ خۆش ئەکات •• راستە ڕێزیمە کۆنەپەرست و تاقمە بەکرێ گیراوەکان هێزێکی ئەهێنن لە سەر مەڵبەندەکانی شورشی عەرەب و بزوتنەوەی نیشتمانی و بەرگری فەلەستین ئەمەش بە دەسیسەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمە •• بەڵام دۆخ و بارەکە ئەوەیە کە ئەو هێزە کۆنەپەرستانە لەسەنگەری باوکردن دا وئەیانەوێ شوێن پێی خۆیان ببارێزن • چونکە ئەوان نوێنەری هەموو چەوتی و پەکەوتەو دواکەوتنی لەنیشتمانی عەرەبدا •

بەڵام ڕووی پرشنگداری باشە ڕۆژی عەرەب ، کە هێزی بەرگری فەلەستین و بزوتنەوەی جەماوەری ڕەنجدەری عەرەب نوێنەرایەتی ئەکەن بۆ دەستخستنەوەی مافیان ئەوا هەڕەشەیان لە سەرکردایەتی یە بەکرێ گیراوو ئەمەگیرو کۆنەپەرستان ئەکرد •• کات و ڕۆژگار بەبێچەوانەی خواستی داگیرکەرو کۆنەپەرستان بڕۆچەشەوە ئەڕوات •• شۆڕشی عەرەب بێ ڕچەشان دان بەرەوپێش هەنگاو ئەنێ ••• ئەوەی ئێستا لە لوبنان ڕوو ئەدات شەڕە لەنێوان ئەتەوەو دوژمنانی دا •• شەڕە لەنێوان پێشکەوتن و پاشکەوتن •

شەڕە لەنێوان یەکگرتن و جیابونەوە •

شەڕە لەنێوان دانانی بەردی بناغەی شارستانیەتی دێرینی عەرەب و لەنێوان بنیات نانی شارستانیەتێکی دەست کردی درۆزنی هەڵبەستراو •

شەڕە لەنێوان خۆراگرتن و بەچۆکدانان •

ئەوەی ئێستا لەلوبنان ئەقەومێ باری سەرنجی حزب قایمتر ئەکات بەرامبەر بەکێشەی عەرەب کە کێشەیەکی ئەوەی شارستانیەتە لەهەموو بوارو لایەنێکی ژیان دا •• ئەم کێشەیەش پیویستی بە چارەسەرکردنێکی قوڵو فراوان هەیە •• کە تێکرای کۆمەڵی عەرەب و نامەمیزادی عەرەب بگرێتەوە بەرەکوڕیشە میژوییو بیری و دەرونی یەوە •

ئەمەش هەر لەسەرەتای چلەکانەوە لەنزوسینەکانی حزبدا ڕوون و ئاشکرابووە •• هەروەکو لەمەوبەر وتمان کێشەو گیروگرفتی لوبنان لەگەل عەرەبدا کێشەی بێشکەوتنخوازی بیری عەرەبایەتی یە •

ئەوەی کە جێگای ناخۆشی یە لەدوا قۆناغی ئەم چەرخەدا ئەوەیە کە چەند ڕێژەیەك ڕازی بوون کە بە زیمای ئاشتی کێشەی فەلەستین بە لابەکا بخەن بەتایبەتی دوای ئەو سەرکەوتنە بچرکەی لەشکرو جەماوەری عەرەب لەشەڕی تشرین دا بەدەستیان هێنا •• بەڵام هەرگیز جەماوەری عەرەب ڕێگا نادات کە سەرکەوتن بگۆڕدرێ بۆ تێشکان و بەچوکا هاتن • چونکە ورە بەرنادات و خاوەن هێزو تواناو وزەیەکی لەبن نەهاتوەو نایەڵی جارێکی تر نەهامەتی پێنجی حوزەیران دووپات ببێتەوە • هەرچۆنێك بێت شوێنەواری ڕوداوەکانی لوبنان کار ئەکەنە سەر هەردوو ڕێژیمی خۆ بەدەستەدەری سوریاو میسرو ئەو یارمەتی یان ئەدەن •

جەماوەر دوو حەقیقەت ئەزانێ یەکەمیان : تاقمی ڕێژیمی سوریا لە پاشەکشە و هەڵگەڕانەوەی ٢٣ی شوباتی ساڵی ١٩٦٦ کە پێشەکی نەهامەتی و تێشکانی حوزەیران بوو ، هیچ پەیوەندی یەکیان بە حزبی بەعسەوە نەماوە •

دووەم راستیش ئەوەیە کە کەلەماوەی ٣٥ ساڵدا حزب هیچ مافێکی ئەتەوەی عەرەبی لەدەست نەداوە کەواتا چۆن دان بە قەوارەی داگیرکەری زایۆنیستەکان دا نەنێ • ئیتر هیچ گومان دامان ناگرێ کە بڵیین جەماوەری عەرەب لەسوریا هیچی تر بێدەنگ نابێ و قایل نابێ کە پروپاڵانتەو چاوبەستەکی دژی بزوتنەوە گەلی یەکەی بکرێ کە لەناوچەرگەی جەماوەرەوە هەڵقولاوە

سوریا کە خاوەن مێژویەکی نیشتمانی دێرینە سەرچاوەو بێشکەی سەرهەڵدان و دامەزراندنی ئەم بزوتنەوەیەی عەرەب بووە •

بەڵام ئەو نیشانەی خۆشیانە کە چاوەروانیمان ئەکردن ئەوەیە کە جەماوەری گەل لەخاکی داگیرکراوا بەرەنگاری دەسەڵاتی داگیرکەرانەی زایۆنیستەکان ئەبنەوە لەگەل ئەو هەموو درندەیەتی یەی دوژمن دا • لەناو ئەم زەمینە عەرەبیەدا کە دیاردەی ئەو مەینەتەیە لە ئەنجامی لێك دابڕان و ماندوبون و کۆڵ دانەوەیە لەدوای ئەو چارەسەر کردنەوە •

ئەمە ئەوەی سەلماند گەل و جەماوەر کە باوەڕیان بەخۆیان و بە دوارۆژی ئەتەوەکەیان هەیە ، بەهۆی ئەو سەرکەوتنەوە کە لەتشرین دا بەدەستیانهێنرا •• ناکەونە شوێن ئەو چارەسەرکردنە وەپێی ناخلەتێن و گوێ لەو ڕێکخراوەش ناگرن هەر چەند لافی شورشگێری و پێشکەوتنخوازی لێ بدات •• ئەم بەخشندەییە بوە هۆی بەهێزبونی سەرچاوەکانی حزب و لێکدانەوەکانی کە بەربەرەکانێ کردنی دوژمن لەلایەن ئەتەوەی عەرەبەوە ئەمە بەربەرەکانێ یەکی بنچینەییەو یەکەمین چەکی ئەم بەربەرەکانێیەش بەهاو سامانی گیانیەتی •

ئەو ئەتەوەی کە پەیامەکەی وەکو پەیامی ئیسلام دەرکەوتوە نایەوێ سەرشۆڕبێ •• پاشکۆیتی فیکرو شارستانیتی ناوێ چونکە ڕێگای تایبەتی خۆی هەیەو سوشیالیستیەکی عەرەبیە • ئەو ئەتەوەی کە پەیامی ئیسلامی بۆجیهان بەرزکردۆتەوە هەرگیز ئەنەوایەتیەکی سلبی و ڕقەبەرایەتی دوژمنانەی نابێ ، وە ئەتەوایەتیەکەی لەبنەڕەتەوە ڕەوشت و مرۆڤایەتیەو بیروباوەڕی داد پەروەری و یەکسانی هەڵگرتوە ، بەڵی ئەتەوەی عەرەب رادەو پلەی ئەو ئەتەوانەیە کە بەیامی مرۆڤایەتیان هەیەو ، سەر هەڵدانی ئەتەوایەتی عەرەب لەم چەرخەدا بە پەیامی مرۆڤایەتیەوەیە لەجیهانا •• سامانی کۆن لەسەرەتاوە پلەی ئەم سەرهەڵدانەی دیاری کردوە لەسەر پلەی بەجێهێنانی ئەو پەیامەیە•• لە قوڵی و ڕاستی دا•• کەچۆن ئەی گرێتەوە ••

ئەمپلەیە وەکو جاودیر کارێکی ورد پارێزراوە •• ئەتەوەی عەرەب ئەوا ئەی ڕاپەڕین ئەکات ، مێژوو جیهانی ئەمڕۆش دوای ڕاپەڕینی لێئەکەن ، بۆ ئەوەی دەوری بنچینەیی خۆی لە ڕاست کردنەوەی ڕێبازی نادەمیزادا بنوێنێ و پێشی بخات •• وە لەبەر ئەوەی ئەمە دەورێکی مرۆڤایەتیە بەپێویستی ئەزانێ جێبەجێی بکات چونکە **ناتوانی لە کاروباری ڕاپەڕین و شورشگێری دا دوا** بکەوێ •• ئینجا ئەو شورشە ڕەسەن ئەبێ یان هەرگیز نابێ •

دوژمنەکانی ئەتەوەی عەرەب بەربەرەکانێی ئەکەن لەسەر ئەم بناغەو بوچونەدا • چونکە ئەوانە ئەترسن ڕاپەڕینەکەی هەمو ریبازی ئەم چەرخە بگۆڕێ • لەبەر ئەوە گەلیک گیروگرفت ئەخەنە بەر ڕێگای ئەم ڕاپەڕینە ، وەکو دامەزراندنی دەوڵەتی داگیرکەری زایۆنیستەکان لەناو دڵی نیشتمانی عەرەبا •

ئەتەوەی عەرەب هەمیشە داواکراوە هەست بەنازاری قول بکات کە داگیرکردنی فەلەستینەو پێویستە ڕزگاری بکا ، چونکە ڕزگاری فەلەستین ڕزگاری جیهانی تیایە •

ئازادی ئەتەوەی عەرەب ڕزگاری جیهانو مرۆڤایەتیە •• وە سوشیالیستی ئەتەوەی عەرەب ڕزگاری سوشیالیستی یە لەبەندی دەسەو دایەڕەیی و تەنگەلانی **یەك چوار چیوەیی • تیکەوەنانی لەگەل گەلانا و ئاودانی** لە چارەیەکی واقیعی ژیندوەوە •

یەکێتی ئەتەوەی عەرەب خزمەتی پەیامە مرۆڤایەتیەکە تی و بەجێ گەیاندنی ئەم پەیامەش شتێکی زۆر پێویستە •

دواوشە لەبەجێ هێنانی ئەمەدا تازە کردنەوەیە •• تازە کردنەوەش ئارەزو ویستی ژیان و مانەوەیە ، چونکە ئەم ئارەزوە ئەبەر هەمو توانای کەوتەکار هەمو شوێنەواری کونەپەرستانەو خۆ بەزل زانین ئەسڕێتەوە •• وە ئەمە ڕاستی و ڕەسەنیەت و چژێتیمان نیشان ئەدات •

ڕەسەنیەت ئەوەیە ئێمە ئەواوی بکەین و داهێنانی تیا ڕوبدەین ، خوا لەئەوەی عەرەبی بیرۆز بکا کە خەری بێوە ئەبینن •

سلاوی خوشەویستیم بۆ هەمو خەباتگێرێکی حزب لە هەمو جێگایەك

سلاو لە هەمو جەماوەری ئەتەوە هەژنەکەمان

سلاو لە بەرەی نیشتمانی و ئەتەوایەتی پێشکەوتنخواز

سلاو لە هەمو هاوسوێندخوارو دۆستەکانمان

سلاو لە هەمو جوڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازو شورشەکانی جیهان •

Institut kurde de Paris

یەکیەتی قوتابیانی کوردستان نامادەی ئەکات

لەوانەکانی یەکیەتی

* لقی سلیمانی :

● لیژنەی یەکیتی قوتابیانی کوردستان کەرتی دەربەندیخان گەورەترین ئاهەنگی بۆ جەژنی نەورۆز ساز کرد ، کە پتر لە (٤) سەعاتی خایاند • لەم ئاهەنگەدا قائمقامی دەربەندیخان و لیپرسراوی خیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئامادە بوون و جەماوەرێکی زۆر لە قوتابیان و دانیشتوانی ناوچەکە بەشداری ئاهەنگەکەیان کرد ، برادەر (رسول محمد) لیپرسراوی کەرتی دەربەندیخان وتاری یەکیتی خوێندەوە ، لەم ئاهەنگەدا گەلێك چالاکی لە لایەن قوتابیانەوە پێش کەش کرا •

● لقی سلیمانی پیشانگای یەکیتی قوتابیانی کوردستانی عیراقی کردوە ، بۆ هەرسێ لقەکانی یەکیتی •

پێشنگاکە ڕۆژی ٢٥-٣ لە یەکەی زانکۆ لە لایەن بەرێز بارێزگاری سلیمانیەوە کرایەوە ، لیپرسراوی خیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب وجەماوەرێکی زۆر لە قوتابیان و دانیشتوانی شاری سلیمانی پیشانگاکەیان بینی •

● یەکیتی قوتابیانی کوردستان لقی سلیمانی بەشداری ئاهەنگی نەورۆزی کرد کە لە ناوچەی دوکان لە قەشقۆلی گیرای •• نزیکەی (١٤٠٠) قوتابی بەشداریان کرد ، قوتابیان وینەی سەرۆك کۆمارو دروشمی یەکیتیان بەرز کردبۆوە ، شادمانی خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە پیرۆزە پیشان ئەدە لە شۆڕشی ١٧ی تەموزی ئەمەر بۆ گەلی کوردمانی مێناوەتە دی •

● لیژنەی زانکۆ ئاهەنگێکی بەخێرهاتنی بۆ وەفدێکی کچانی زانکۆی بەغدا ، لە هۆڵی یانەی زانکۆ ساز کرد بەرێز صباح بهاءالدین لەم ئاهەنگەدا ئامادە بوو •

● یاری نیوان کولێژەکان لە زانکۆی سلیمانی بەردەوامە • هەروەها لیژنەی ڕۆشنبیریەکانی یەکیتی لە زانکۆ چەند بەخشنامەیەکیان بلاو کردۆتەوە •

● یەکیتی قوتابیانی کوردستانی عیراق کەرتی هەلەبجە ئاهەنگێکی گەورەی گیرابە بوونەی جەژنی نەورۆزە •

هەروەها لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی هەلەبجە بەردەوامە لەسەر بەردان بەچالاکیەکانی و بلاوکراوەیەکی دیواری دەرکردوە •

* لقی دهۆك

● بە سەر پەرشتی ئەندامانی لقی دهۆك لیژنەیەك سەرپەرشتی کاروباری لیژنەکان یەکیتی کردوەو ، لەم سەردانانەی ئەندامان بۆ هەلساون زۆر کاری لیژنەکانی یەکیتی کردوەو ، لەم هەروەها لە چەند سەردانێکی تردا بەشداریان کردوەو بۆ بەستنەوەی ڕێکخراوە پیشەییەکان و پەیوەندی دایرەکان لەو ڕوەوە •

هەروەها هەفال عبدالهادی عارف سەرۆکی یەکیتی قوتابیانی کوردستانی عیراق لەسەر دانێکا بۆ شاری ئامێدی و سەرسەنگ و زاخۆ بە سەرپەرشتی برادەر نترعبدالله سەرۆکی لقی دهۆك •

هەلسان بە بەستنی چەند کۆڕێکی فراوان بۆ قوتابیان • هەروەها لە گەل قوتابیانی دارالمعلمین دهۆك دا کۆڕێکی فراوانیان بەست •

بڕوانە - ل - ١١ -

ریبازی قوتابیان

خەباتی قوتابیانی کورد

قوتابیانی کورد ، لە ناو بزوتنەوەی قوتابیانی عیراقداوە لە مێژووی پڕ خەباتی سەختو پڕ لە شانازیاندا ، بەشداری بەرزترین بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەیان کردوە ، لە چوارچێوەی گشتی بزوتنەوەی نیشتمانی و ئامانجەکانی بەرەو رزگاری و سەربەخۆیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی •

ئەم بزوتنەوە قوتابیانەیە ، بە درێژای ژیانی و ڕاستی و مانەوەی بڕوای قولی بە پاراستنی مافەکان و داواکارییەکانی جەماوەری چەوساوە بوە ، بەو پەڕی ئیلتزامەوە بڕوای بە بیروباوەڕە دیموکراتیەکان هێناوە ، تاوەکو بەرەی گەل و نیشتمانی هەر شەکاوە بێت •

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ڕۆژی دروست بوونیەوە لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ عەتا ئەمڕۆ ، هیچ بیرەوەریەکی نیشتمانی لە مێژووی بزوتنەوەی نیشتمانیدا ، بە سەریا تێنەپەڕیوە یەکێتیەکەتان بەو پەڕی شانازیەوە دەوری شەرەف مەندانەی خۆی لە نیشتمانیوە • بەشداری تیا کردوە • کە ئەمەش بڕوایەکی شۆڕشگێڕانەیە لە باوەڕی بەشداری بزوتنان لە خەباتی نیشتمانیدا •

بزوتنەوەی قوتابیان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی شان بە شانی بەشە خەباتکێرەکانی تری گەل لە قطرەکەماندا ، چۆنە ڕێزی خەباتو تێکۆشانەوە لە پێناوی رزگاری و دیموکراتی و پێشکەوتن ، بەشداری خەباتی برا کرێکارو جوتیارەکانیان کردوەو ، ئیلتزامی خۆیان بەرامبەر بە پێکەوە گرنجانی بیری شۆڕشی عەرەبو خەتی نەتەوەیی پێشکەوتوو دەرخستوە ، لە ئامانجە مرۆڤایەتیەکانیدا •

یەکێتمان بەسەر گەلی تاقی کردنەوەی جیاوازدا تێپەڕیوە ، کە هۆشیاری و پێگەیاندنی شۆڕشگێڕانەی لێ وەرگرتون • وتیشکێکی ڕوون و ئاسۆیەکی گەشیان داوە بە تێگەیشتنی پێشکەوتوانەی یەکێتی ، جیا کردونەوە لە هەندێ لەو گومان لێکراوانەی کە دەستیان بەسەر یەکیتیدا گرتبوو ، لە کاتێکا پەیوەندیان بە دەستەی بەکرێ گیراوی روخاوەوە هابوو لە سەروی نیشتمان و ئەیان ویست ئەو بیرانە لە ناو قوتابیاندا بچێنن •

ئەو بانگەوازە بە پیتەی لە قوتابیانی کوردەوە دەرچوو ، بەگرتنی کونگرەی نیستثنائی یەکێتی لە ١٨-٤-١٩٧٤ لە ژێر دروشمی (پاراستنی ئۆتۆنۆمی پاراستنی شۆڕشە) کە لە هۆڵی زانکۆی مستەنصریە گیرا کە بڕوای یەکێتی و دلسۆزی قوتابیانی دەرکرد بو ڕاکیش کردنی جەماوەری قوتابیانی کورد ، بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی عیراق • هەتاوەکو هەموو یەك ریز بوەستین لە پشتی سەرکردایەتی سیاسی حیزبی شۆڕشەوە •• بۆ پاککردنەوەی خەباتی قوتابیان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا •• کە پشتگیری و بەهێزبوونی خەباتی جەماوەرە ، واتە ڕیبازی شۆڕشە لەو کۆڕانانەی کە لە بەیان نامەی ١١ی ئادار دا هاتوە • ئەو بەیانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەری کرد ، کە لە گەل پوختەو ناوەڕۆکی ڕاپورتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قطری حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبدا گونجاوە •

هوشیاری ئەو کارو کارگوزارانەی یەکێتی ، پێشکەشی قوتابیانی کردوە بریتی لە :

١ - بلاوبونەوەی هوشیاری دیموکراتیانە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ، لە چوارچێوەی بزوتنەوەی نیشتمانی کاریگەرە ، بۆ هێنانەدی فراوانترین بەشداربوونی جەماوەرانە لە خەباتی قوتابیاندا •

٢ - هەول دان بۆ لە ناوبردنی ڕۆشنبیری بورژوازیانە لە بواری پەروەردەو فیرکردن ، بە مەرجێ لە گەل بڕیارەکانی کۆنگرەی قطری هەشتەمی حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دا بگونجێ لە پێناوی ئەشە کردنی باری سوشیالیستی لە پەروەردەو فیرکردنا •

٣ - کاری تەواو بەکەلك لە گەل دامەزراوە پەروەردەیەکان ، لە پیناوی دروست کردنی ووچەی قوتابیانی شۆڕشگێڕو خاوەن باوەڕ بە ئامانجەکانی تعبئەو خەبات لە پێناویدا •

٤ - هەوڵدان بۆ پێکەوە بەستنی بیرو کارکردنی زانیارانە لە ناوەند کارکردنی جەماوەری قوتابیان لە بواری کاری بیللیدا •

٥ - هەوڵی تەواو بۆ ڕاگەیاندنی جەماوەری قوتابیان و ڕوبەرو بونەوەیان لە گەل کار بۆ خزمەت کردنی ئاواتەکانی شۆڕش و ئامانجە پێشکەوتوخوازەکانی •

٦ - هەوڵدان بۆ هێنانەدی باشترین شوێنی دانیشتن و خەوتن و باربووی قوتابیان ، ئەوەش لەڕوی فراوان کردنی بەشە ناوخۆیەکان و دامەزراوەکان لە ناوچەکەدا •

ڕوشنبیری و ڕاگەیاندن

● بۆ قوتابی بەرێز کاك ئەردەڵان بایز ، برای بەرێز بە زووترین کات پەیوەندی بکە بە لقی سلیمانیەوە ، بۆ ئەوەی داواکاریەکەت بۆ جێبەجێ بکەن ، بێمە لە ڕێگای خۆمانەوە ناردوەمانە بۆ لقی سلیمانی و دڵنیاین کە بەو پەڕی ڕێزەوە پێشوازیت لێ ئەکەن و داخوازیە کەت جێبەجێ ئەکەن •

● خوشکی قوتابی مەهاباد عثمان : تکایە تۆش لە ڕێگای لقی دهۆکەوە پەیوەندی بکە ، ئێمەش بەو پەڕی دڵنیاییەوە وەڵامی هەموو نامەیەك ئەدەینەوە کە پەیوەندی بە لایەڕەکەمانەوە هەبێت •

● بۆ ئەم خوشك و برایانە : شێرکۆ رسول ، نازاد عەلی ، جوان مستەفا ، عمر کریم تکایە بیورن بۆ ڕەهەمەکانتان بلاو بکرایەوە ، چاودێرانی بەرهەمی ترى بە کەلکتانین •

بەرەو شانۆی قوتابخانە

هەر باسێك پەیوەندی لەگەڵ بدوێین ناتوانین ڕاستەو ڕاست بچینە ناو باسەکەوە ، بەڵام تا ئێستا کەم باس و خواسمان هەیە کە سەرەتای بۆ دانرابێت کە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە ئەنجامی تەسەل نادات •• ئێمە کە باسی شانۆ و شانۆگەری ئەکەین با مەبەستیمان قوتابخانەو قوتابیان بێ بەڵام هەر شانۆگەری ئەگرێتەوە ، قوتابیان لە بەر ئەوەی لەروی ئابوریەوە یەك نین ئاکاری چینایەتیان پێوە بەند نیە •• کەوابو ژیانی قوتابیان تاقی کردنەوەیەکی سالانەیەو بەرەبەرە پێش ئەکەوێ ، تا ئەنجام بە خالێك ئەگات • هەروەها قوتابێتی قۆناغێکە لە خالێکەوە بۆ خالێکی تری ژیان و ئیتر شوێنەواری ئەو تەنیا قوتابیە ئەسرێتەوە •

ئینجا لەبەر ئەوەی کەسی واشمان نیە بتوانێ ئەوەمان بۆ ڕون بکاتەوە کە مرۆڤ لە کەیەوە حەزی بە لاسایی کردنەوەو خۆ نواندن کردبێ و لە سەرەتاوە هەرچۆن بووبێ سەری گۆڵەکە نادۆزرێتەوە ، ناچار دێینە سەر ئەوە تا ئێستا بۆ شانوی قوتابخانە چی کراوە؟ لە چەند ژمارەیەکی ئەم

بڕوانە - ل - ١١ -

لەگەل قوتابیاندا

لەبەر ئەوەی نیشتمانی عەرەب شوێنێکی ستراتیژی و مەلبەندێکی گەورەو ڕوپەڕی فراوانە لە کۆنەوە بۆتە جێگای سەرنجدانی ئیمپریالیزم و چاویان تێ بڕیوە •• ساڵانی سەردەمی جەنگە جیهانیەکانیش تارادەیەك ڕێگایان بۆ چاو چنۆکی ئیمپریالیزم خۆشکرد لە نیشتمانی کەورەی عەرەبا •• ئەوەبو چەند جار نەخشەی سیاسی وڵاتانیان گۆڕی •• ئیمپریالیزم بەم نیازی دابەشکردنەی وڵاتی عەرەب وای ئەزانی هەمو شتێکی بۆ چوتە سەرو ئیتر ئەتوانێ بە ئارەزوی خۆی یاری تیا بکات ، بەڵام دەوری ڕێکخەرو بێشرەوانەی گەلی عەرەب هەمیشە بەرپەرچی ئارەزوەکانی ئیمپریالیزمی داوەتەوە ••

زۆرفی مەوزعی و مێژویی و باری سیاسی هەر میللەتیک پێویست ئەکات ئەو میلەتە لە ناخی خۆیەوە حزبێکی سیاسی شورشگێری پێشکەوتنخواز بێنێتە دی و لەبەر باری سەرنجی سیاسی ئەو حزبەدا مەسەلە بنەڕەتیە نەتەوایەتیەکان چارەسەر بکرێ •• گەلی عێراقیش وەکو هەر ئەلێکی ئەم سەرزەمینە زادەی ڕەنج و هۆشیاری و توانای خۆی نواند •• ئەوەبو حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە پیناوی نیشتمانی عەرەب و ویست و ئاوات و ئارەزوی مرۆڤی عەرەبا لە دایك بوو •• ئەم حزبە تەنیا ئەوە نەبو بێتە کایەوە وبەس بەلکو تێکرا روحساری مرۆڤی عەرەبی کۆڕی بە مرۆڤێکی هوشیاری سیاسی و شورشگێر و دلسۆز بە خاك و گەلەکەی •• و لە پیناوی یەکێتی و سەربەستی و سوشیالیستیدا کار بکات •

تا ئێستا لە دوای ٢٩ ساڵی خۆراگرتن و کار کردن و خەبات لەم نیشتمانەدا ، یادی ئەم دامەزراندنە ئەکەینەوە کە شوێنێکی گرنگی لە دلی جەماوەردا گرتوە بە تایبەتی مرۆڤی کورد (ئەوانەی هەست بە نیشتمان پەروەری ئەکەن) چونکە ئەم حزبە دانی بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردا ناوەو یاسای ئۆتونومی بۆ کوردستان هێناوەتە دی کە ئاواتی هەمو کوردێکە •

● کاك شیخ زادە فەرحان لە بارەی ٧ی نیسانەوە وتی :

- لە یادێکی وا پیرۆزدا مرۆڤ هەر ئەوەندە ئەتوانێ بڵێ کە سەرەتای گۆڕان و گواستنەوەو هۆشیارکردنەوەی مرۆڤی عەرەبو هەمو ئەو مرۆڤانەشە کە هێڵی بیری حزبی بەعسیان پێ ڕاستە ، دامەزراندنی حزبێکی نەتەوەیی و پیشکەوتنخواز لە ساڵەکانی چلەوە جێگای باس کردنە ، بە تایبەتی بەو بیرە قوڵەی کە بۆ یەکێتی و سەربەستی و سوشیالیزمی دای هێنا •

حزبی بەعس بەلای ئێمەوە کە دانی بە مافەکانی کوردا ناوە نمونەی ئەوەیە حزبێکی جەماوەری یەو لە ناخی گەلەوە هاتوە •

● کاك محسن محمد دوسکی وتی :

- زۆر بە شانازیەوە یادی دامەزراندنی حزبی سەرکردەمان ئەکەینەوە ، ئێمە بەم بۆنەیەوە لە خۆشی و بەختیاریدا ئەژین •• چونکە لە سایەی حزبی سەرکردە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبا ئوتونومی بو کورد وەرگیراوە و هەزاران دەسکەوتی گەورەمان دەست کەوتوە •• هیوادارین لە یادەکانی داهاتودا فەلەستین و هەمو خاکی زەوت کراو وەرگیرابێتەوەو کەلێك دەسکەوتی تریشمان بۆ بەدی هاتبێ ••

● کاك جدعان اسود وتی :

من وەك هەر مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو تێگەیشتو ڕۆژی دامەزراندنی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بە ڕۆژی لە دایك بونی پیشرەوی شورشگیری عەرەبی دائەنێم ، چونکە حزبی بەعس بە تەواوەتی لە ژان و ئاواتەکانی گەل کەیشتوەو هەولیان بۆ ئەدات •• حزب توانیوێتی جەماوەری عەرەب هۆشیار بکاتەوە •• ٢٩ ساڵ لە مەوبەر یەکەمین کونگرەی نەتەوەیی بەسترا ، ئەم کونگرەیەیش بۆ ئەوە بو هێزو توانای مرۆڤی عەرەب لەژێر دەستی و دیلی ڕزگار بکات و وایان لێ بکات بێنە کۆڕی خەبات و داوای چارەنوس و مافی ڕەوایان بکەن •

● کاك أسعد عبدالعزیز وتی :

بڕوانە - ل - ١٠ -

ڕاپورتی سیاسی

کاتێ حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە ١٧ - ٣٠ی تەموزی ١٩٦٨ دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا گرتە ئەستۆ ئەرکێکی یەکجار گەورەی لە ئەستۆدا بوو • چەسپاندنی تیۆرێکی داهێنەرانە لە دیموکراتیەت دا • وە بە پراکتیکی زیندوانە دەوڵەمەندی کات و بیکات بە نموونەیەکی سرووشتی بەخشی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب • بەڵام ئەم ڕێگایە پڕ بوو لە گیروگرفتی تیۆری و پاکتیکی و بارو زوفی مادی و دەروونی یەکجار ووردوو سەخت • عێراقیش لە هەموو وڵاتانی تری عەرەب پتر دووچاری نەبوونی نەریت و پراکتیکی دیموکراتیانە بوو • ئەگەر چاو لە ناوەڕۆکە کۆمەڵایە تیەکەی ببۆشین عێراق لە سایەی ڕژێمێکی زەبروزەنگی یانەوە ئەگۆڕا بۆ یەکێکی ترو تا شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەموزی ١٩٦٨ چەندماوەیەکی کورت نەبێت کە گەل و هێزە خاوێن و پاکەکان ماوەی کورت تیایدا ژیان کە تا ڕادەیەك سەربەستی بیروڕۆژنامەگەری و پارتی یەتی و نەقابەو یاریکاری پەرلەمانیان پێ ئەبڕا •

لە ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب

پیرۆزبایی

بە بۆنەی بیرەوەری ٢٩ ساڵ بە سەر دامەزراندنی حیزبی شۆڕش ، حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە یەکێتی قوتابیانی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆی بەم بۆنە پیرۆزەوە ئەگەیێنێ •

٧ی نیسان تواناو ئیرادەی نەتەوەی عەرەبو هەلسانەوەی لە باری دواکەوتودا ، لە ناو ئایدولۆژێتی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتوی جەماوەری عەرەبەوە •

تاقی کردنەوەکانی حیزب لە قطری عیراق ئەم ڕاستیە ئەسەلمێنێ • کە حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ، ئەو حیزبەیە توانای سەر کردایەتی بزوتنەوەی خەباتی عەرەبی هەیە •• بۆ بنیات نانی کۆمەڵی یەکێتی و سەربەستی و سوشیالیستی ••

سلاو بۆ یەکەم هەنگاوی بیروباوەڕانەی پڕ لە تاقی کردنەوەی پاك و بێگەرد •

سلاو لە سەرکردەی حیزب و تێکۆشەرەکانی •

سلاو لە جەماوەری گەلو قوتابیان •

ئێمەش پەیمان نوێ ئەکەینەوە بۆ سەرکردایەتی حیزب و شۆڕش کە بەردەوام لە خەباتدابین ، بەرەو ئاسۆی گەشی دوا ڕۆژو ، لە بەرەڕۆشنایی ئامانجە بنچینەیی و بنەڕەتیەکاندا ، لە مێژووی خەبات و شانازی یەکێتی عەرەبەوە کە بەستراوەتەوە بە دیموکراتی و سوشیالیستی و بیروباوەری نەتەوەییەوە • کە لە بۆتەیەکی پێشکەوتووی مرۆڤانەدا دارێژراوە ، لە ناو جەماوەری چەوساوەی گەلەوە هەلقوڵاوە ••

سلاو لە ٧ی نیسان •

لاپەڕەی خەباتی قوتابیان کوردستان

لە ڕۆژی خاکی زەوت کراودا

بە بۆنەی ڕاپەڕینی هاووڵاتیانی خاکی زەوت کراوەوە ، خۆیشاندانێکی فراوان لە سەرانسەری وڵات کرا •• جەماوەری گەل ڕایگەیاند کە پشتگیری جەماوەری گەلی عەرەب مان ئەکات لە فەلەستین و خاکی زەوت کراوی عەرەب •

لە شاری بەغدا ، لەسەر داخوازی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو بە هاوکاری لیژنەی سیاسی شۆڕشی فەلەستین لە عیراق خۆپیشاندانێکی گەورە سازکرا •

هەروەها ڕێکخراوە گەلی و پیشەییەکانی عیراق و ڕێکخراوی قوتابیان و ڕێکخراوە گەلی و پیشەیە عەرەبەکانیش تیایدا بەشداریان کرد •• هەر بەم بۆنەیەوە قوتابیانی زانکۆی سلیمانی ، لە سەر شەقامە سەرەکیەکانی شار ، دەنگی خۆیان بەرز کردەوە ، بۆ پشتگیری جەماوەری گەلی فەلەستین و خاکی زەوت کراوی عەرەب دژی قەوارەی ڕەگەزپەرستی زایۆنیزم •

سەروك و ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق لە پێشەوەی خۆپیشاندانەکەدا ئەڕۆیشتن •

جەماوەری قوتابیانی زانکۆی سلیمانی چەندین دروشمیان هەلگرتبوو ، تیایدا ڕایانگەیاند کە جەماوەری گەل سورە لەسەر خەبات و تێکۆشان و هەمیشە لە قوربانی دان دایە ، هەرگیز بە پلانی خۆبەدەستەوەدان ئیمپریالیی ناتوانێ خۆی لە جەماوەری گەلی فەلەستین نزیك بخاتەوە •

هەفال صالح العانی لیپرسراوی حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە پارێزگای سلیمانی وتاری حیزبی خوێندەوە ، تیایدا باسی ئەو ئازایەتیانەی کرد کە ئەمڕۆ لە خاکی زەوت کراودا پێهەڵئەسن •

ئەوەشی ڕاگەیاند کە حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە خەباتدایە بێ ووچان ، تاوەکو بە تەواوی گەلی فەلەستین ڕزگاری ئەبێت •

پاشان هەفال سیف الدین عبدالقادر سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان عیراق لقی سلیمانی وتاریکی خوێندەوە بە ناوی قوتابیانی پارێزگاوە •• تیایدا پشتگیری جەماوەری گەل و قوتابیانی دەرخست ، لە گەل خەباتی گەلی فەلەستین ، بۆ ڕزگار کردنی خاکی زەوت کراو لە دەست زایۆنیزم و ئیمپریالیزم •

هەروەها ووتای قوتابیانی فەلەستینی لە زانکۆی سلیمانی لە لایەن عادل ابو خدیجەوە خوێنرایەوە ، تیایدا گرنگی سەرکردایەتی سیاسی حیزب و شۆڕشی باس کرد ، بەرامبەر بە یارمەتی دانی بێ پایانی مەسەلەکە •

پاشان بەرێز نادر فائق ووتاری ڕێکخراوی قوتابیانی عەرەبی خوێندەوە •

Institut Kurde de Paris

مناڵ و نازی مناڵی

گۆڕینی
احمد سید علی بەرزنجی

دنیای (شارل دیکنز) ، وەك لە زوربەی نوسینو سرۆمانەکانیدا خستویەتیە رو ، دنیای کۆمەڵی منالی سەرەڕۆو گەوج و هاروهاج و کاڵتە بازو بەرەلا بوو ، کۆمەڵی منالی دل پڕ لە نازارو هیوا .

دیکنزیش (بەتەورەیی) .. یەکێ بوو لەوانە .

بەڵام (بە منالی) .. ژیانی زۆر دور بوو لە ئالتە و هیوا بەدواڕۆژ ... منالێکی لاوازی لەڕ ، نەخۆشی هەر ساتە ناساتێ ئەیدا بەزەوی‌داو لەرزچۆقە چۆقی پێدەخست ، هەتا باوکیشی ئومێدی ئەوەی لێ‌نەدەکرد ببێتە پیاوێك لە دواڕۆژا .

باوکی ، تەنك و چەڵەمەی ژیان و باری قورسی قەرزاری هەرچوار لای بێ تەنی‌بوو ، فەرمان بەرێکی بچوکی بەندەری (بۆرتسی) بە مانتانەیەکی کەم ئەبێ لە ژیاندا جگە لە قەرزاری و دانەوەی قەرزی لەبن‌نەهاتوچ خێرێکی تری دەسگیربێ ؟ ، کە گوێزراشەوە بۆ (لەندەن) دیکنزی کوڕی تەمەنی بووە دوو ساڵ ، لێرە کەمێ موچەکەی زیاد بوو بەڵام خەرجی و پێویستی ژیان لە شارێکی ئاوا تەورەدا دەفاتی ئەو زیادکردنە زۆر بوو ، دەست بڵاوی و بێ ئاگایی خۆشی لە پارە بەفیڕۆ دانا با لەوڵاوە بوەستێ ، جگە لەمە لە منال بوونیشدا درێغی نەکرد ، هەشت منالی (لە کوڕو کچ) بە هەشت ساڵ هەڵدەشت ... دواییش بە پەنای خوای سپاردن و خۆشی چووە بەندیخانەی (مارشالسی)یەوە تا لە جیاتی یەکێ لە قەرزەکانی ماوەیەکی دوورو درێژ بەسەر بەرێ .

لەم ماوەیەشدا دیکنز دوچاری کەلێ دەردی سەری بوو لە پێناوی خوێندن و قوتابخانەیدا ، هەتا تەمەنی بووە پانزە ساڵ ، ئیتر لە خوێندنەوە چووە سەر هەوڵدان و ئیشکردن .

لەو حەلەدا بەرۆژ دوای ئیشەکەی هاتوچۆی (ئەکادیمی ولنتون هاوس)ی دەکرد تا پەرە بە خوێندنەکەی بدا ، سەرەتای نوسینیشی لێرەوە دیاردەدا ، ڕۆژنامەیەکی دەرنەکرد بۆ نەو قوتابخانەیە کە خۆی دامەزرێنەرو نوسەریشی بوو ، چەند دانەیەکی لێ دەفرۆشت تا بەنرخەکەی قەڵەمو بۆیەو کاغەزو مەرەکەب بکڕێتەوە ، بەم کارە خۆی لابووە (پیاوێکی خاوەن پیشەی سەرکەوتوو) ! بەڵام ڕایك و باوکی قەڵەمو بۆیەو کاغەزو مەرەکەبیان نەئەویست ، شتی لەمانە پێویستتریان نەویست تا خۆیان و منالەکانیانی پێ بژی ، بۆیە لەو قوتابخانەیە دەریان هێناو خستیانە بەردەستی یەکێ‌لە بار زەرەکان تا بەردەستی بکاو موچەیەك وەر بێ ، دەم کانە تەمەنی پانزە ساڵان بوو .

دیکنز بارزەری مەبەست نەبوو ، نەیدەویست ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو پیشەیە بکرێتە دەست ، وای دەویست ڕۆژێ ! ـ ڕۆژان ببێتە (دانەرو نوسەر) .

لەلای نەوبارزەرە فێری .. نوسینی ئورت (احتزال) بوو ، لەدوای نیشەکەی دەستی دەکردە نوسین .

کە تەمەنی کەیشتە بیست ساڵان بەڕۆژ بەیامێری ڕۆژنامەیەك بوو وبەشەویش بەنوسین ژیانێکی خەباڵاوی لەندەنی نەخشە ئەکێشاو بە ناوی (بوز)ەوە ئیمزای ئەکرد ، هەندێ لەم چیرۆکانەی بە (سینارێز)وە لە (مانسلی ماگازین)د بە خۆڕایی بڵاو دەکردەوە .

دیکنز باسی ئەوکاتەی دەکا کە بۆ یەکەم جار چیرۆکێکی خۆی بینی لەسەر لاپەڕەی کۆڤارێك بە بێتی چاپخانە نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە ، دەڵێ : (ئەوکاتە لە هۆلی ـ وست منستەر ـ بووم ، تا نیو سەعات لەوهۆلەدا ئەخولامەوە لە خۆشی‌دا هیچم نەئەبینی ... هەتا بەرێی خۆشم !) .

بۆزی لاوی تازە نوسەر لەو سەردەمەدا دەوری دوو کەسی دەبینی ، لە ئیشکردنی‌دا نمونەی تێکۆشەرێکی تازای پشوئەدەر بوو کە هیلاکی ئەئەزانی ...

لەو چیرۆکانەی بەناوی (بوز)ەوە بڵاوی دەکردنەوە ژۆری ئەبرد سەرنجی کەلێ ڕەخنەگرو خاوەن دام و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیان ڕاکێشاو دواجار لەکەل (نشابمان و هول)دا ڕێکەوت کە بەزنجیرەی مانگانە چیرۆکیان بۆ بنوسێ و هونەرمەندیکیش وێنەی بکا ، تا لێرەوە ئیتر ئەو زنجیرانە لە کاریکی ڕۆژنامەچیەوە بووە بەرهەمێکی ئەدەبی ئەمرو لە کتێبێکدا بڵاوکرانەوە .

دیکنز لەم نوسینانەیدا گریان و پێکەنینی ناوێتەی یەك دەکرد ، ئەمەش تیشك دانەوەیەکی ژیانی تایبەتی خۆی بوو .

بۆ یەکەم جار لە ژیانی‌دا کە ئەمەنی ئەیشتە سی بەرەو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕۆە ، بەڵام ئەم کەشتەی کە بەپێشوازی‌یەکی گەرم دەستی پێ‌کرد کۆتایی‌یەکەی بە پەشیمانی و داخەوە هات ...

چونکە خاوەن چاپخانەو دامەزراوە ڕۆژنامەیی‌یەکانی ئەمەریکا ئەرمی (یاسای بڵاوکردنەوەو چاپکردن)یان لەو ولاتە بەفرسەت زانی بوو وزۆر لە بەرهەمەکانی دیکنزیان بە ملیۆنەها لە چاپدابووو لە بازاڕدا ئەفرۆشران بێ ئەوەی یەك دۆلار بدەنەدەست دیکنز .. !!

دیکنز لەمەدا خۆی بە خەڵەتاوو بەرهەم کاوراو دەزانی .. خۆ لەبەرهەندی ئیعتباراتی ناوبانگی خۆی بڕکشی نەدەکرد داوای پارەیکا دوای گەڕانەوەی لەئەمەریکا دەستی کرد نوسینی کەلێ چیرۆکی درێژ بە زنجیرە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی دەکردنەوە ، لەمانەدا عێرشی ئەرمو ڕەقی دەبردە سەر یاساو ڕێژیمی دەولەت ، جارێ بەئاشکرا جارێ بە توانجو لەژێر لێوەوە ، پەردەی لەروی خاوەن پارەو پیاوە ناوداراکانی هەڵئەمالی و پیسی کزمەڵی کاربەدەستە گەورەکانی بۆ خەڵکی ئاشکرا دەکرد کە چۆن لە پێناوی پارەو ساماندا هەرچی‌خراپەو ناهەقەو هەتا شەرەف فرۆشتنیشە دەیانکرد ، ... ئەمانە ، خوێنەری ئینگلیزی ژۆر باش لە دوو نوێی نوسینەکانی دیکنزدا بەرچاوی دەکەوت و هەتا برادەرێکی ڕەخنەگری بە ناوی (تاکیری) باسی ئەو بەرهەمانەی دەکاو دەڵێ : (چیرۆکەکانی بۆ خوێنەری بێ کەیشتوو نوسراون بەڵام بە عەقڵێکی منالانە !) .

دیکنز وەڵامی ئەداتەوە : (ئەمە ڕاستە ، چونکە من بژهەمو نادەمیزاد دە نوسم) ... ئەمەش دەکەیەنێ کە نادەمیزاد ئەنامە زیاتر لەوەی خراپ و بڕەوشت‌بێ ، جا چونکە پیاو لە لای دیکنز (منالی سەرو ڕیشدارە) لەبەر ئەمە ئەیتوانی بەهۆی دەرخستنی ئەلحزیی و بێ ئەقلی و کردارە خراپەکانی (بیانخاتە قاقای پێکەنین) .

کەڕان لە نوسینەکانی دیکنزدا هەروەك کەڕان وایە لەناو (شاری یاری)دا کە بربێ لە ناوئینەی قوباوو دەربەڕێو ، عەیبو خەوشی خەڵکی دەیەها جار گەورەتر لە خۆی پیشان ئەداو ئەیخاتەڕو .

بۆیە لەم بارەیەوە وتراوە کە (ئنگلتەرە دوو هونەرمەندی مەزنی جیهانی هانیوەتە دنیاوە ، ـ ڕینۆلدز ـ وێنەکێشی لەشی نادەمیزادو ـ دیکنز ـ وێنەکێشی دەرونی نادەمیزاد) .

دیکنز لەوێنەکێشیش زیاتر بوو ، چیرۆك نوسێکی هەڵکەوتو بوو ... (تاکیری) لەم بارەیەوە دەڵێ : (ئەم پیاوە لەوە دەچێ هەمو وڵاتو جێگایەکی چاوبێکەوتبێ ، هەمو کەسێکی ناسیبێ ، بەشداری لەبەسەرهاتی هەمو کەسێکدا کردبێ .)

هەر ڕۆمانێ لە ڕۆمانەکانی کەشتێکی گیانو لەشی نوسەرە بەهەمو دنیادا ، هەرچەندە هەر لە ئاوو بەرهەم کاوراو دەزانی

بڕوانە ـ ل ـ ١٠ ـ

داوێن پاکی

عبدالخالق علاءالدین

مام وەسمان پیاوێکی بە ساڵا چوی کەلەگەتی تێك سمڕاو بوو ، پازدە ساڵێك لەمەوبەر شەوێکی ساردی زستان بو بە میوانمان ، گەلێك سەر گورشتەی ژیانی بۆ گیرامەوە ، تۆزە هاتە سەر بەسەرهاتێکی خۆی و وتی :

لە هەڕەتی لاویما ، تازە ژنم هێنابوو ، پایز بو ، دەمەدەمی چاخی میوە بوو ، دوبار ترێم داگرت و روم کردە دەشتی هەولیر ، ڕێم کەوتە ماڵێك ئافرەتێکی ڕێك و پێکی زمان شیرین بەڕومەوە هات و بارەکانی لەگەل داگرتم ، بە گورجی نان و چای بۆ ئامادە کردم .. دەستم بە ترێ فرۆشتن کرد ، شەو داهات و جێگای خەوتنی لە نزیك جیگاکەی خۆیەوە بۆ ڕاخستم و پاش ئەوەی دوزگاکەی سەر کلوم کرد چراکەی کوژاندەوە .. شەو گەیشتە دوایی و هەر لە دلی خۆما بیوم لەوە ئەکردەوە چۆن ئەم ئافرەتە بەم جۆرە دالدەی منی داوەو .. تۆ بڵێی ئەوەندە سەربەست بێ ؟ .. خۆم پێ نەگیرا هەستام و دەستم کرد بە قسە کردن (؟) کە لەتم تێ گەیشت وتی بەسەر چاوان قەرمو لەو هەیوانە ئاوی گەرم هەیە خۆت بشۆ ، ئینجا وەرەوە ژورەوە لەلام بنوو .. وەکو خەو بینم بێ بەروا خۆم روت کردەوەو چومە هەیوانەکەو ئاوە گەرمەکەم کرد بە لەشما .. ئاگام لێ بوو دەرگاکەی لە روو داخستم و جلەکانیشم لە ژورەوە مایەوە ، هەرچەند هاوارم کرد سودی نەبوو .. زۆر سەرمام بوو ، ئەمزانی چی بکەم ، چومە سەربان ، شوانی مەڕی ئاوای لە سەربان خەوتبو بێ‌ی زانیم وای زانی گورگم .. دەستی کرد بە هەرا کردن و سەگەلی ئاوایی بۆم هاتن منیش خۆم خزانده ناو چاوگەی کایەنێکەوە ، ئەویوە چومەهەیوانێك تەماشام کرد ئافرەتێك و پیاوێك دانیشتون و ڕازو نیازی خۆشەویستی بۆ یەکتری ئەگێڕنەوە .. لە ناکاو پیاوێکی بە ساڵا چوی ڕوخسار مژن کردی بە ژوردا . دانیشتوەکان ناچار بون دەستیان دایەخەی کابراو خستیان بە زەویا .. منیش زۆر بەزەییم پیا هاتەوە کابرام ڕاو ناو ژنەکەم لێ دور خستەوە ، کە بشوی هاتەوە سەر خۆی وتی : بێم ئالێی تۆ چیت ؟ وتم : من ئەو فریشتەم تۆم لە مردنی ناکاو ڕزگار کرد .. قاتێك جلی خۆی بیدامو پێکەوە دانیشتین و سەر گورشتە کەم بۆ گیرایەوە ..

پێکەنی وتی : ئەو ئافرەتەی تۆی دەربەدەر کرد ئەوە کچی منە ، هەستە با بڕوین بۆ ماڵیان .. ڕێگامان گرتە بەرو کە چوین دەرگاکەی لێ کردینەوەو هات بە پیریمانەوە .. باوکی سەر گورشتەکەی بۆ گیرایەوە ، پێی وت جلەکانم بداتەوە ، جلەکانم لەبەر کردو سبەینی زوو مەلا بانگدان بارم بار کردو چوم بۆ دێیەکی تر .. لە کاتی بارکردنەکەدا داوای لێ کردم کە لەمەودوا سەریان لێ بدەمو پێیان لێ نەبڕم .. منیش تا ماوەیەك هەرچەند باسەکەم بیر نەکەوتەوە شەرم دای ئەگرتم .. پاش ساڵێك چوم بە میوانیان زۆر ڕێزیان لێ گرتم و لەگەل مێردەکەی دانیشتیوم بەسەر هاتەکەی وەکو خۆی گیرایەوە .. مێردەکەی پێ کەنی و وتی : ئیمە ئافرەتمان شان بە شانی پیاو جوامێرە .. لە هەمو ئەنگانەیەکدا پشتی پێ ئەبەستین و شانازیشیان پێوە ئەکەین .. زۆر سوپاسم کردن و ئیتر لەو کاتەوە ئەچومەتەوە بۆ لایان .

بەرەو ڕۆژێکی ڕوناکی بردەسکەوتە ، یاشماوە

پڕ لە تاقی کردنەوەی گرانەدا ڕۆیشتوەو قۆناغی کووڕو لەدایك بوونی‌یەوە تا ئەگاتە ئەمڕۆ بە ڕێبازێکی سەختی بێ سڵەمینەوە لە بەندیخانەو ژیان و ئەرکی ناخۆشی ناڵەباری بڕیوە . لە دۆخو بارێکی ناعەمواردا درێژەی بەخەباتی داوەو سەرکردایەتی ئەتەوەی عەرەبی کردوە .. بێ سڵەمینەوە لە بەندیخانەو ژیان و ئەرکی ناخۆشی ڕۆژگارانی ئیمپریالیزمو ڕێژیمە کۆنەپەرستەکانی وڵاتانی عەرەب .. لە سەنگەری خەباتی نەیێنی‌دا خۆی ڕاگرتووە . لە کورەی تێ کۆشانی‌دا خۆی قاڵ کردوە .. سەرانسەرو بە درێژایی ئەم چەند ساڵەچەکی خەباتی فرێ ئەداوەو هەورازو بەرزی‌و نشیوی تەنگو چەڵەمەی ڕۆژگاری چەپ گەرد ئەرکی ڕێگای تێکۆشانی بێ ئەکردەوەو هەمیشە بێ‌وچان ئالای بەرزی یەکگرتن و ئازادی‌و سوشیالیستی بەرزکردۆتەوە .

حزبی بەعس بە بێ‌ی پێویستی‌یەکانی کۆمەڵایەتی وڵاتانی عەرەب لە ڕێگای بەدی هێنانی ئاواتی ئامانجی پیرۆزی ئەتەوەی عەرەب‌دا بە ئارەزوی خواست و ویستی مێژوو لە ناوچەگەی بڕسێتی و هەژاری‌و پارچە پارچەبی نیشتمانی دابەش بون و سنوری داتاشراودا ، لەناو دیلیەتی‌و کوێرەوەری‌دا سەنگەری تێ کۆشانی داکوتاوە . لەریزی بزوتنەوەی عەرەب‌دا گیانی خۆ ڕاگرتن و وره بەرئەدانی کردوە بەبەردا ، دروشمی نوێی هێناوەتە کایەوە ، زۆر جار ڕێگای‌نەیێنی دژی ئیمپریالیزمی گرتۆتە بەرو بانگی لە ئەتەوەی عەرەب کردوە بۆ هاتنە ناو کۆڕی خەبات لەپێناو جێ‌بەجێ کردن و بەدی هێنانی ئاوانە کانیان‌دا .. هەمیشە لە قوربانی دان درێخی نەکردوە . بۆ ئەوەی داری دروشمی یەکگرتن و ئازادی‌و سوشیالیستی لەوڵاتانی عەرەب‌دا بڕوێنێ‌و بیهێنێتە بەرهەم .

حزبی بەعس توانی پێداویستی کۆمەڵایەتی عەرەب لەم چەرخو ڕۆژە تازەیەدا لە قاڵبێکی نوێ‌دا دابڕێژێ‌و ئاواتو هیوای ئەم بزوتنەوەیە بخاتە چوارچێوەیەکی تازەی دیارکراوو لە چەند وشەیەکی جوانی قەشەنگ‌دا کۆی بکاتەوە .. یەکگرتن ، ئازادی ، سوشیالیستی ، تابتوانێ ئەتەوەی عەرەب ڕابکێشێتە کۆڕی تێکۆشانەوە ، مەنتقی مان گرتن‌و خۆڕاگری‌و چەك هەڵگرتنیان بێ بکات‌و لە پێناو هێنانەدی ئەم دروشمەدا هەنگاوبنێ‌و خۆ بەخت بکات ، بۆ ئەوەی نیشتمانی عەرەب لە ئۆقیانوسەوە (المحیط) تاوەکو خلیجی عەرەب لە جنگ ئیمپریالیزم‌و ڕاوبنیزمی ڕەگەزپەرست ڕزگارو پاك بکاتەوەو ئالای یەکگرتن‌و ئازادی‌و سوشیالیستی بەسەردا بشەکێتەوە .

حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب توانیوێتی لە ئۆری خەباتدا جاری ئەوکێشەیە بکات کە دووجاری بزوتنەوەی هاتووەو ڕیگەو شوێنێتی بۆ دیاری کردوە بویەکا تێ کۆشانی ئەتەوایەتی توند بە چارەسەر کردنی باری ژیانی کۆمەڵایەتی وڵات بەستەوە ، واتە ئەتەوایەتی لەگەل بارەڕی سوشیالیستی‌دا گرێداو ساخی کردەوە کە بەبێ سوشیالیستی وبیری سوشیالیستی کێشەو تەنگ‌و چەڵەمەی کۆمەڵایەتی هەرگیز چارەسەر ناکرێ‌و گرێ کوێرەی بڕسێتی و هەژاری‌و دەربەدەری ناکرێتەوە ، بۆیەکا بانگی لەجەماوەری عەرەب کرد کە ئالای سوشیالیستی هەڵبگرن .. داوای لێ کردن تێ‌بکۆشن بۆ جێ‌بەجێ کردنی سوشیالیستی‌و سەقامگیر کردنی لەوڵات‌دا .

حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئەوە ڕاستی‌یەی سەلماند کە ئیمپریالیزم هەوڵێکی بارچە بارچە کردنی نیشتمانێتی‌و کۆسپی هەرە گەورەیە لە ڕێگای یەکگرتنی ئەتەوەی عەرەب‌دا بۆیەکا لە یەکەم ڕۆژەوە دروشمی یەکگرتنی عەرەب‌و بەکژا چونی ئیمپریالیزمی هەڵکردوە . بانگی بۆ تێ‌کۆشەرانی عەرەب ڕاهێشتوە کە ئەو سنورە داناپراوە بڕوخێنن کە ئیمپریالیزم لە نێو عەرەب‌دا دروستی کردوە .. تا سەرانسەری وڵاتانی عەرەب بەك یگرن‌و یەك ئالا بە سەریانەوە بشەکێتەوە .. هەروەکو بەرامبەر بەدیلەتی‌و ژێر دەستەیی دروشمی ئازادی بەرز کردۆتەوەو جاڕی خەباتی دژی ئیمپریالیزم داوە . بانگی لە هەموو تێ‌کۆشەرانی عەرەب کرد کە تێ‌بکۆشن قورمانی بدەن بۆ سەربە خۆیی نیشتمان‌و دەربەدەر کردنی ئیمپریالیزم بەهەموو چەشنەکانی‌یەوە ... تاکو وڵات یەك بگرێ‌و بەسەربەستی‌و ئازادی بەرەو ئاسۆی دوارۆژی پڕشنگداری هەنگاوبنێ .

بەم چەشنە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب توانی بزوتنەوەی عەرەب لەم ڕۆژەعەلاتەدا بەتوندی بە جوڵانەوەی شوڕشی گەلانی جیهانەوە ببەستێتەوەو جێگای تایبەتی خۆی لە ئۆردوگای خەباتی گەلان‌دا بگرێت . بۆیە جێگای خۆیەتی کەبڵێین بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب ئەمڕۆ دەستێکی باڵای هەیەو دەورێکی مێژووی ئەگێڕێ لەناوچەکەو لە ڕەڕەوی تێکۆشانی جەمو گەلانی جیهان‌دا .

عەروەها جێگای خۆیەتی ئەگەر بڵێین بەرباکردنی شۆڕشی ١٧ تەموز لە عیراق بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب جارێکی تر ئەو ڕاستی‌یەی سەلماندو ساخی کردەوە بۆ بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب کە ئەم حزبە لێ وەشاوەیەکە سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوەیە بکات . وە لە وزەو توانای‌دا هەیە کە بەرنامەکانی خۆیی‌و داخوازی‌یەکانی ئەم قۆناغە مێژوییەکە گرتویەتیە ئەستۆی بەتەواوەتی جێ‌بەجێ بکات . وە ئەتەوەی عەرەب لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی‌تر بەرێت‌و ببێتە چقڵیك لە چاوی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو نەخشەو پیلانە چەپەڵەکانی لەرۆژ هەڵاتی عەرەب‌دا پوچ بکاتەوەو عەروەها ببێتە پشتیوانی دڵسۆزی تەواو بۆ گەلی عەرەبی فەلەستین دژی زایۆنیزمی ڕەگەز پەرست .

ئەمڕۆ تێکرای گەلی کورد بە جاوێکی ڕێزگرتن ئەڕوانێتە ئەم ڕووداوە مێژوییەو بە قەوماوێکی بەنرخی گرنگی ئەژمێرێ لە جوڵانەوەی شۆڕشگێری ناوچەکەدا . لەم ڕووەوە نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە گەلی کورد لە عیراقی شۆڕشی تەموزدا دەستکەوتی گەورەو سەرکەوتنی مەزنی لە ژێر سەرکردایەتی حزبی بەعسی‌دا بەدی هێناوە کە ئەتوانێت شانازی پێوە بکات‌و بیکاتە بەردی بناغەی سەرکەوتنی تر لە دوا ڕۆژدا ، لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکگرتووی سوشیالیستی لە عیراق‌دا کە ببێتە نموونەیەکی بێ هاوتا بۆ هاندان‌و پاڵ پێوەنان‌و بە تەوژم کردنی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب .

حزبی بەعس ، لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە سەرکردایەتی سیاسی لە عیراق‌دا گرتۆتە دەست ، دەورێکی باڵای لەژامن کردنی گەلی دەسکەوتەی مەزن‌دا بۆ چەماوەری گەل گێڕاوە ، بەجۆری کە هەتا ئەتایە مێژووی تێکۆشانی گەلەکەمان لە یادی ناکا .. لەوانە ، بەستنەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی وڵاتەکەمان ، بە تێکۆشانی گەلانی نازادیخوازی دنیاوەو پێك هێنانی پردی باوەڕو دۆستایەتی لە نێوان عیراق‌و نوردوگای سۆشیالیستی جیهانداو بەشداربونێکی بەکار لەجوڵانەوەی وڵاتانی بی‌لایانەدا دژی چاوبرسی‌یەتی ئیمپریالیزمی جیهانی .

وە لە ڕووی ناوخۆی وڵاتەوە چەسپاندنی ئۆتۆنومی ناوچەی‌کوردستان‌و باوەڕ هێنانی تەواو بەمافی نەتەوایەتی ڕەوای گەلی کورداو دامەزراندی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتو خواز ، لەو دەسکەوتە مەزنانەی سەرکردایەتی سیاسین کە جێگای شانازین‌و تەوژمێکی نوێ‌دا بەتێکوشانی گەلی عیراق بەعەرەب‌و کوردی‌یەوەو هەموو هیزە نیشتمانیەکان کە دەوری ڕاستەقینەی خویان لە بنیات نانی ئەم وڵاتەدا ببینن ، عەروەها جێ‌بەجێ کردنی یاسای چاکردنی کشت‌و کاڵ‌و دەرکردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی تایبەتی بەدیاری کردنی مڵکایەتیەوە لە ناوچەی کوردستان‌و چەندان دەسکەوتەی بەنرخی تر دەرگای ئەوەی کردەوە کە گەلی کوردمان لە سای ئەم سەرکردایەتیەدا چاوەنواری پاشە ڕۆژو دەسکەوتەی مەزن تر بێ لە چەسپاندن‌و قوڵ کردنەوەی ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستانەوە لە چوارچێوەی کۆماری عیراق‌دا تا کەلی کورد لەم ڕنگایەوە زیاتر باوەڕی بە باشە ڕۆژی خۆی هەبێ‌و کوردستانیش بکاتە کورستانی هەموو نەخشەو پیلانێکی واکە ئیمپریالیزم ودارەدەستەکانی بەمەبەستی زیان گەیاندن بە دەسکەو تەکانی خۆی‌و دەسکەوتەکانی ئەمەریکاو زایۆنیزم بەلایەکابخەن .

ئەمڕۆ کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا باش ئەوەی لە ڤیتنام‌و کەمبۆدیاو لائوس‌و ئەنگولادا بەچۆکا هات‌و پیلان‌و نەخشەکانی هەرەسی‌یان هێناوە لە ژێر ژەبرو ژەنگی چەکوشی تێ کۆشانی گەلان‌دا بشتی شکا ، مردن‌و ڕسوایی بە چاوی خۆی بینی ... ئەمڕۆ بەهەموو هێزو فورسایی خۆی بارەتاو مەلبەندی پیلان‌و نەخشەکانی لەم ناوچەیەدا داکوتاوە تاکو شوێن پێی خۆی لیرەدا قایم بکات‌و خۆی بگرێتەوە . وەهەمو فێڵ‌و تەلەکەبازی‌یەکی جستۆتەکارو کارخانەو چاووڕاوو درۆو دەلەسەی‌خستۆتە کەڕ تا لەم ناوچەیەدا بمێنێتەوە بۆیەکا ئەمڕۆ ناوچەکەی دوو جاری هێرش‌و پەلاماری گەورەی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم بووە تا بزوتنەوەی شۆڕشی ئەتەوەی عەرەب خەفە بکەن‌و کێشەی فەلەستین بەبێ‌ی بەرژەوەندی ئەمەریکاو زایۆنیزم بەلایەکەنجەن .

ئەمڕۆ لەیادی دامەزراندنی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئەك هەر ئەتەوەی عەرەب‌و بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب چاو ئەبڕنە ئەم ڕووداوە بەنرخە بەڵکو تەواوی کوردیش بەگرنگەوە تەماشای ئەم یادە ئەکات‌و بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب چاو ئەبڕنە ئەم ڕووداوە بەنرخە بەڵکو گەلی کوردیش بەگرنگەوە تەماشای ئەم یادە ئەکات‌و چاوەڕوانی‌سەرکردایەتی سیاسی ئەم‌حزبەیە کە وەك جاران نورزی گران ئاراستەی سەرسنگی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم بکات .. دەسکەوتی تر پێشکەش بەکەل بکات‌و هەڵویستی ڕێزیمی سوریاو ڕێژیمە خۆ بەدەستەو دەرەکان پتر ڕسوا بکات بۆ ئەوەی گەلی خەباتگێڕی فەلەستین لە سەر ڕیگای شۆڕشگێڕانەدا بەرەوپێش بچۆ بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب بە وڕو بەهێزتر تەکان بدات ... وە بۆ ئەوەی گەلی قارەمانی عیراق بەدڵنیایی تر لە جاران بەردی بناغەی کرمەڵگای سوشیالیستی دابنێ .

هەر بەردەوام بێ خەبات‌و تێکوشانی گەلی عەرەب‌و کوردو هەموو گەلی عیراق بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی لەرێی ناوا کردنەوەو گەشانەوەو پێشکەوتنی وڵاتادا . بۆ گەیشتن بە هەمو ئەو مەبەستانەی کە حزبی بەعسی لە بەرنامەی کاریاو لە کونگرەی هەشتەمیدا نەخشەی کێشاوە .

بەهیز تر بێ برایەتی عەرەب‌و کوردو هەر سەرشۆڕبێ ئیمپریالیزم وزایۆنیزم کۆنەپەرستان .

ـ هاوکاری ـ

Institut kurde de Paris

لە بیرەوەری ٧ ی نیسانی دا « پاشماوە »

بزوتنەوەی هوشیاریی کورد کە لە توانایدا هەبێ نوێنەری کێشەی کورد بێ ، ئەبێ ئەو بزوتنەوەیە پەیوەندی یەکی گیانی بەگیانی بە کێشەی گەلی عەرەب و مەسەلەی نەتەوەی عەرەب و سەرکەتنیەوە بە ستراتیژیەوە چونکە ئەم کێشەیە پاڵپشتی کێشەی کوردە نەک هەڕەشەی لێ ئەکا ، ئەبێ ئەو بزوتنەوەیە دوژمنانی گەلی عەرەب بە دوژمنانی گەلی کورد بزانێ

ئاشتی ودیموکراتی یانەو بەیاننامە مێژوییەکەی ١١ی مارتدا هاتەبەر • وە دەیەمین کۆنگرەی نەتەوەیی هەمان باری سەرنجی حزبی سەلماندەوە دەربارەی کێشەی کورد •

بێ گومان باری سەرنجو بۆ چونی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دەربارەی کێشەی کورد کە دەیەمین کۆنگرەی نەتەوەیی سەلماندی ولەبەیاننامەی ١١ی مارتدا خۆی نواند کارێکی زۆر گەورەی کردە سەر ڕەوتی شورشی نیشتمانی وێشکەوتنخوازانەو تێکڕای پەیوەندی نێوان هێزە نیشتمانی یەکانو نێوان نەتەوەو کەمایەتی یەکانی وڵات •

ئەم بایەخو دەورە لە ئەندازە بەدەر گرنگە لەم دوو خاڵەی خوارەوە جیا ناکرێنەوە :-

یەکەم : حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب یەکەم حزبی نەتەوەیی عەرەبە کە ئەرکی بەرپر سیاری لەسەر شان بوویو سەرکردایەتی کردبێو بەکردەوە دروشمەکانی خۆی جێبەجێ کردبێ ئەوە بوو دانی بەنەتەوەیی کورد دا نا •• هەروەکو ئاشکرایە هەر لایەنێک لەکاتو قۆناغی خەباتی سلبیدا کە دروشمی سوشیالیستی عەرەب بەدروو درێژی باسی کێشەی کوردو جێبەجێ کردنی بەیاننامەی ١١ی مارتی کردوە ، وەساغی کردەوەو سەلماندی کە حزبو شۆڕش سورن لەسەر هەڵوێستە مەبدەئی یەکەیانو پاش کەزبوونەوەو بە ئاگر یاری کردنی تاقمی بەکرێ گیراو کاریان تێ ناکات •

بڵاوکردنەوەی یاسای نۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان وجێبەجی کردنیشی سەر لە نوێ هەڵویستە مەبدەئی یەکەی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی ساغ کردەوە •• وە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێبەجێ کردنی یاسای نۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی پەسند کرد (بێ گومان ئەم هەڵویستەش ئەوەندەی تر پتەوی برایەتی مێژوویی ڕۆڵەکانی عیراقی سەلماند بەعەرەبو کوردو کەمایەتی یەکانەوەو ساغبشی کردەوە کە شوڕشی ١٧ی تەموز دلسۆزی ئەو بەڵینانەیە کە بەگەلی داونو سوریشە لەسەر پەیرەوە دیموکراتی یەکانی شۆڕش) •

هەڵگرت ئەوا ئەبێ لەکاتی خەباتی ئیجابیدا بەکردەوە ئەم دروشمەی جێبەجێ بکات و ئەمەش بەتەواوەتی لەلایەن حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ڕابەڕێنراو نۆتۆنۆمی بەکوردەکان دا •

بەیاننامەی ١١ی مارت « بەڵێنو بڕوانامەیەکی سیاسی بوو کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی شۆڕش لەبەردەم گەلدا بەرپرسیار بوو کە مافەنەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کودر جێبەجێ بکات بە نۆتۆنۆمی یەوە لە چوار چێوەی کۆماری عیراقو دەرفەت بدرێتە کوردەکان بۆ بەشدار بوون لە کاروباری وڵاتدا •

بەیاننامەی ١١ی مارت بریتی بوو لە دوو خاڵی گرنگ کە توندو تۆڵ بەیەکەوە گرێ درابوون :-

١- دەستەبەر بوونی مافی ڕەوای نەتەوەیی کوردەکان •

٢- جێگیر کردنی یەکێتی عیراق • واتە یەکێتی گەلو نیشتمانو سیستەمی دەستور لە چوار چێوەی دەسەڵاتی یاساو مەرکەزی یەتی دەسەڵاتدا •

هەشتەمین کۆنگرەی قطری حزبی بەعسی

لە ناسین بەچەندمۆسیقازانێکی جیهانی

- فرانك -

نازاد دلزار

سیزارفرانك - خۆشی بە تێکەڵاوی ناو خەڵك نەدەهات بە تایبەتی بەپڕەوی کردنی هەندێك ڕەوشتو نەرێتی کۆمەڵایەتی زۆر بەلاوە گران بۆ ! بۆیە هاوڕێی دلسۆزو گیانی بەگیانی موسیقا بوو ، زۆر کەم لە بەرامبەر خەڵکی مۆسیقای لێ دەدا ، باوکی هەر لەمندالیەوە فێری پیانۆی کردبو بۆئەوەی لەدورۆژدا ببێ بە موسیقاریکی وا کەلەم ڕێگایەوە ژیانێکی باشتر بژێن بەڵام هیمنیو گۆشە گیری ئەمڵاوە بوبوبەهۆی ئەوەی کەلەم بارەیەوە سەرنەکەوێ هەربۆیە باوکی زۆر لێی بەستو دلگران بوو بە تایبەتی کاتێ کچە ئەکتەرێکی شانۆی خواست ناچار بوو لە مال وەدەر بکەوێ ••

سیزر فرانك - لە سالی ١٨٢٢ دا لە شاری - لیج - لە بەلجیکا لەدایك بووە ، لە ئامۆژگای موسیقای پاریس خوێندوێتی ، لە دانانی مۆسیقای ئاینیدا زۆر سەرکەوتوو بوە ، کراوە بە (ئەرغەنون) ژەن لە کلیسای - سانت کلوتیلدا - لە پاریس دوایی بووە بەماموستای ئامۆژگای مۆسیقا •

فرانك گەلێ ئاوازی جوانی پارە کۆ کردنەوە نەکردوە گەلێ پاداشتی ڕەت کردۆتەوە پاداشتی شەرەف ئەبێ ! بە مانگانەیەکی زۆر کەم کە بە هۆی ئەرغەنون ژەنی لە کلیسا دەیدرایێ قنیاتی دەکرد •• ئەمەش نیشانەی ڕەوشت بەرزی ئەم پیاوە بوو ••

فرنك گەلێ ئاوازی جوانی داهێناوە بەڵام تاکە یەك سیمفونیەی هەیە کە لە سەردەمی ژیانیدا خەڵك زۆریان پێ خۆش نەبوو بەڵام دوای مردنی ناوبانگێکی زۆری پێ پەیدا کرد •

ئەم هونەرمەندە گەورەیە لە سالی ١٨٩٠ دا لە یەکێ لە شەقامەکانی پاریسدا بە هۆی پێش هاتێکەوە گیانی سپاردوە •

ئەنتونین ڤورچاك - هەر لە منداڵیەوە نیشتمانەکەی خۆش دەویست •• کاتێ تێ گەیشت کە سەر چاوەی ئەم سۆزو خۆشەویستیە چەوساوەیی و ژێر دەستەیی گەلو وڵاتەکەیەتی ، ئەم لاوە هەستی ئازادیخوازانەی گەلەکەی بە مۆسیقای بەرز جۆش و خرۆشی شورشگێری دەژەنێردرێ کە دەنگدانەوەیەکی قووڵی هەبو لە دڵی میلەتداو سەوداو کەلکەڵەی شورشی خستبوە کەللەی لاوە خوێن گەرمەکانی ئەوسا •

ڤورچاك

ڤورچاك - لە سالی ١٨٤١ دا لە (بلهۆزنك)ی نزیك شاری پراگ لە دایك بووە ، هەر لەو شارە فێری مۆسیقا بوە لە کلیسای (ئەلبرت) بوە بە ئەرغەنون ژەن ، گەلێ سەرکەوتو بوە ، لە دانانی سەماو هەڵپەڕکێی سلافیدا ، مۆسیقا زانە بە ناوبانگەکانی وەك : (لیستو جۆشیمو برامز) بایەخێکی زۆریان پێ دەدا •

لە سالی ١٨٩٢ دا چوە بۆ ئەمەریکا ، سێ سال لە وێدا ماوەتەوەو بووە بە لێ برسراوی ئامۆژگای مۆسیقای نیویورك •

جوانترین مۆسیقاکانی لە ئەمەریکا نووسیوە سروشی لە ژیانی هیندیە سورەکانو کوبلەو چەوساوەکانی ئەوێ وەرگرتوە ، زۆر وەستایانە توانیوێتی شێوەی ژیانو نادگاریان هەڵگرێو لە فورمی مۆسیقای بەهێزو پێزدا دای بڕێژێ •• بۆیە بە ملیۆنەها ئەمەرکایی چەپڵەیان بۆ لێداوەو هاواریان بە گیانی کێشاوە •• هەر لەو کاتەوە ناوبانگی هەمو جیهانی پێشکەوتووی گرتەوە ، کاتێ گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی کردیان بە نوێنەر لە پەرلماندا چونکە بەڕاستی نوێنەری ڕاستەقینەی وڵاتەکەی بوو لە هەندەران •

فۆرچاك گەلێ بەرهەمی جوانو بە سۆزی هەیە وەك ئاوزی گۆرانیو کۆنشێرتو چوارینو سیمفونیا لە هەمویان بەناوبانگتر سیمفونیای پێنجەمیەتی کە وێنەیەکی زیندووی ژیانی پڕ لە ناکۆکی ئەمەریکاییەکانە •

ساڵی ١٩٠٤ بە هۆی ئازارێکی لە ناکاوەوە لە شاری پراگ لە مۆسیقاو ژیانی کردوە !•

کەمال ملکی هونەرمەندو چەندبەرهێنەرێکی

نامەیەکی هونەری لە « دهوك »ەوە

ئاشکرایە هونەری کوردی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە ئەسێنێو لەناو کۆمەڵدا بایەخدار تر ئەبێ •• هونەر ئەمڕۆکە بۆتە کەرەستەی پیشکەوتنی لایەنێکی ڕوخساری کومەڵایەتیو پێخوری هۆشیاری ڕوژانەی جەماوەر •• کاك کەمال ملکی یەکیکە لەو هونەرمەندانەی کە بە پێی توانای خۆی خزمەتی ڕۆڵی هونەری کوردی ئەکات •• ئەم چەند پرسیارەمان لێ کرد :

● لە کەیەوە دەستت بە هونەری وێنە کێشان کردوە ؟

- لە پلەی خوێندنی سەرەتاییدا دەستم بە وێنە کێشانو مومارەسەی هونەری وێنە کردوە ، لە پێشانگاکانی قوتابخانەدا بەشدار بوم ، لە ڤۆناغی خوێندنی ناوەندیدا مامۆستای هونەری وێنە کێشان زۆر ڕێزی بەرهەمە کانمی ئەگرتو هانی ئەدام ••

● تۆ سەر بە کام قوتابخانەی هونەریت ؟

- قوتابخانەی واقیعی ، چونکە هونەر بۆ گەلە ، هەمو بەرهەمە هونەریەکانی من لە سەر ئەو ڕێبازگەیە ••

● تا ئێستا بەشداری چەند پێشانگای هونەریت کردوە ؟

- لە پێشانگای پاریزگاکانی وڵاتدا بەشداریم کردوەو خەڵاتم وەرگرتوە ، وە من لە ساڵی ١٩٧٦ دا پێشانگایەکی تایبەتیم کردوە ، کە بریتی بوو لە (٢٥) تابلۆ و «١٤» پارچەی نەحت •• لە کاتی ئەمانەدا تابلۆیەکی بەرزی تیابو کە ٥٤م ئەبو ••

● کام وێنەکێشی عیراقی کاری تێ کردوی ••

- هونەرو بەرهەمی هونەری کاك فایق حەسەن زۆر کاری تێ کردوم •

● هونەری عیراق بە گشتیو هونەری کوردی بە تایبەتی چۆن بەراورد ئەکەیت ؟

- هونەری ئەمڕۆی وڵاتەکەمان خەریکە بگاتە ئاستی هونەری وڵاتانی پیشکەوتوی ئەوروپا •• ئەگەر هونەرمەندانی عیراق گوشەگیر نەبنو پێشانگای هونەری بکەنەوە هونەرەکەمان زیاتر پێش ئەکەوێ •• بەڵام هونەری کوردی لە سەرەتای بوژاندنەوەدایە پێویستی بە هاندانی هەیە •• گەلێك لە هونەرمەندەکانی ئەمڕۆمان هونەرەکەیان پەیوەندی بە فولکلورەوە نیەو ژیانی مرۆڤی کورد لەناو هونەرەکەیانا دەر ناکەوێ ••

● چۆن هونەر بە گشتی پێش ئەکەوێ لە عیراقا ؟

- پێویستی بە کادری هونەری شارەزا هەیە ،چونکە لە بەیمانگا هونەریە کانا کادری هونەری بە ئەندازەی پێویست نیە •• بەڵام بەرەبەرە ئەو کەموکورتیانە چارەسەر ئەکرێ ••

● پلەی هونەر لە دهوگدا بەچی پێش ئەکەوێ ؟

- کردنەوەی پشانگای زۆر •• لە گۆڕەپانو باخی گشتیو هۆڵی قوتابخانەکان بۆ ئەوەی خەڵك بیان بینێو سەرنجیان بدەن •• یان هەمەمو هونەرمەندانی پاریزگاکە تێکڕا بیشانگایەك بکەنەوەو لە کۆڕی هونەریدا باسی گۆڕینی ڕواڵەتی هونەری بکەن •

پەیامنیری هاوکاری لەدهوك

دیکنزو منال - پاشماوە

یەکەشیان بەشێکە لە ژیانی خۆی ، بەتایبەتی جیرۆکی (دافید کوپەر فیلد) کە خۆی دەربارەی •

ئەمیان ئەڵێ : (کەویستتان بەسەرهاتی ژیانم بزانن ، دافید کۆپەر فیلد بخوێندنەوە)(١) •

دیکنز بە درێژایی ژیانی وەك منالێکی بەناز بەروەردە وابوو ، هیچ کات خۆی بەلێ برسراو نەئەزانی بەرامبەر ئەرکو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرهەمو کتێبەکانیان ئەقۆستەوە ، پارەش بێ ئەندازە لە هەموولایەکەوە بەسەریا ئەباری ، ••• هەستا چۆوە بۆ ئەمەریکا ، چەپڵەو پێشوازی گەرمو پارەو کۆڕی ئەدەبیو ئاهەنگ ••• لە هەمولایە بەرەوپیری ئەبوونەوە ، خەڵکی بەتەواوی سەرسامی ئەم بلیمەتە مەزنە ببوو کە بە نوسینو پاڵەوانی جیرۆکەکانی هەمو ماڵێکی پڕکردبوو لە عەشاماتێکی جۆربەجۆر ڕۆژ بە ڕۆژ بەرهەمو کتێبەکانیان ئەقۆستەوە ، پارەش بێ ئەندازە لە هەموولایەکەوە بەسەریا ئەباری ، ••• هەستا چۆوە بۆ ئەمەریکا ، چەپڵەو پێشوازی گەرمو پارەو کۆڕی ئەدەبیو ئاهەنگ ••• لە هەمولایە بەرەوپیری ئەبوونەوە ، خەڵکی بەتەواوی سەرسامی ئەم بلیمەتە مەزنە ببوو کە بە نوسینو پاڵەوانی جیرۆکەکانی هەمو ماڵێکی پڕکردبوو لە عەشاماتێکی جۆربەجۆر

لە زستانی ١٨٧٠ داو لەیەکێ لە کۆڕە ئەدەبیەکانیدا بەرەو ڕوی خەڵکەکە وەستاو وتی : (ئالێرەدا ، لەبەرامبەر ئێوەی خۆشەویست ، بۆیە کجاری ئەڕۆمو نایەمەوە ، بەدڵێکەوە بەجێتان دێڵم کە پڕە لە سوپاسو ڕێزو خۆشەویستی بۆ هەموتان •••) !

ماوەیەکی کورتی پێچوو ، پاش چەند هەفتەیە (شارل دیکنز) بۆ یەکەم جار پێی نایە ناو جیهانێکی ڕوناکی فراوان ، بە لە منالی جوانو خاوێنو بەختیار ••• جیهانێکی نەمر •

لە ئەڵ قوتابیاندا - پاشماوە - حزبێك کە لە ناو ژانو ویستی نەتەوەیەك لە دایك ئەبێتو بۆ چاکەو کۆڕینی ئەو کۆمەڵە هەوڵ دەدات ئەنجام سەرکەوتنی بە دەست دێنێو

خەڵکی لە دەوری ئالاکەی کۆ ئەبێتەوە •• جەماهیریەتی حزبی بەعسی لەوەدایە توانیوێتی زانستیانە لە هەمو مەسەلە نیشتمانیەکان بگاتو لێکیان بداتەوە ، کە ئەمەش سەرەنایەکە بۆ هەمو کۆڕانو بەرەو پێشەوە چونێك لە نیشتمانی عەرەبا •

تیکشمەی چارەسەری - پاشماوە

ناتوانێ لەوە زیاتر دەسکاری باری ناوخۆی ئەنگۆلا بکا •

ئێستاش ئیمپریالیزم لەوە ئەترسێ کە هەوڵو تەقەلای (چارەسەری ئاشتیخوازانە) سەرنەکەوێو هێزە شۆڕش- گێرەکانی ئەفەریقا بە پشتیوانی بەرەی وڵاتانی سوشیالیستی کەڵك لەو هەول مەرجە لەبارە وەربگرن کەبۆ شۆڕشی ئەفەریقا هەڵکەوتوەو بە یەکجاری قەوارەی ڕەگەزیە ڕستی رودیسیا تێك و مەکان بدەن •

Institut Kurde de Paris

فەلسەفەی خەمو مان - پاشماوە

بریار دەدا نەك بە خواردنەوە بەلکو بەسەر بالی سووکی خەیالەوە بۆی بچێ ، کەواتە شیعر زادەی خەیالە ، کتو پڕ شاعیر بە هۆی شیعرو خەیالەوە خۆی لەسەر چلی دارەکەوە دەبینێ لەنێل بولبولەکە کپو بێدەنگ هەلنیشتوونو مانگو ئەستێرە دەورەیان داون .

کیتس چریکەی بولبولی لا ئەمرە چونکە دەڵێ پێش عیسا کۆیان لێبووەوە ئێستاش وا ئەوی کاس دەکاو لەمەودواش هەر دەمێنێ ، لە کۆیلەی شەشەم ئامادە نییە بە لەش بمرێ چونکە هەستی بێ ئەوەی لە ئازار بترسێ لە ناو کۆرانی یەکەدا تواوەتەوە ، دەڵێ بیاو بۆیە لە مردن دەترسێ چونکە دەشێ ئازار بچێژێ بەلام کە هەست بەو ئازارە نەکا ئامادەیە وەك هەر حالەتێکی تری ژیان بمرێ ، دوایی با دەداتەوە سەرخۆی چونکە ئەگەر بمرێ هەر هیچ نەبێ کۆرانی یەکەی لە دەست دەچێ ، بولبول دەمرێ بەلام چریکەی لە یەکێکی تردا دەمێنێ ، لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ : **(جوانی راستی یەو راستی جوانی ، ئەمەش هەموو شتە کە تۆ دەبێ لە ژیاندا فێری بێی .)** راستی بۆچی ؟ ئایا مەبەستی ئەو راستی یەیە کە ئێمە لە ژیان باسی دەکەین یان راستی یەکی بەرزتر ، خۆ راستیو جوانی شتی مادەی نین ، جەوهەریان دیار نییە ، تەنیا هەستیان پێدەکەین ، ئەم جۆرە شتە بۆی دەگوترێ Abstractor

لە شیعری **(سرووەك بۆ ئۆژەیەکی یۆنانی)** باسی ئەو شتانە دەکا کە لە بنیادەم بەرزتر وەکو فریشتەو جنۆکەو شتی روحانی . گۆژەیەکی کۆنی یۆنانی کردۆتە مەبەستی سەرەکی شیعرەکەو باسی دەکا ، ئۆژەکە هەندێ نەخشی لەسەر کراوە لە خوێندنەوەی شیعرەکە دەردەکەوێ ئەم نەخشو نیگارانە چینو رەمزی چین ! گۆژەکە باسی چیرۆکێکی بێ سەرەتاو کۆتایی دەکا ، هێزەکەی لەوەدایە شتی بەیەك نەچوو لێك نزیك دەکاتەوەو ئەو شتانەی دەفەوتێنو ئەوانەی هەتا هەتایە دەمێنن دەکا بە یەك ، لە لایەکی ترەوە کە تاسەو مەیلو توانای تێکەیشتنو تام کردنی ئەدەبیان هەیەو لە ناوەوەش هەست دەکەن کە پێویستیان بە شارەزایەکە رێیان پێشان بداو ئامۆژگاریان بکاو بۆ بەرەبێدانو پێگەیاندنی ئەم بەهرەو تاسەو توانا خۆرسکەی کە هەیانە نەبادا لە ئەنجامی بشت گوێخستنو رووڵێ وەرگێران دا سیس ببنو هەڵبوەرین ، جگە لەوەی کە ئەم باسانەی نووسەر لە کتێبەکەدا لێیان دەدوێ باسی گرنگو بەبایەخنو لە خۆیانەوە سەرنجی خوێنەر رادەکێشن نەخوازەلا نووسەرەکە بە شێوەیەکی وایان باس دەکا خوێنەر وا هەست دەکا کە بە راستی لەگەڵ نووسەر دانیشتووەو گوێی لێراگرتووەو قسەی لێوەردەگرێ ، هەندێ جار رووی پرسیار دەکاتە خوێنەرو دەیخاتە هەڵویستی بیرکردنەوەو لێکدانەوەو هەندێ جاری تریش وا پێشان دەدا کە خوێنەر گیرو گرفتی هەیەو پرسیاری لێدەکاو ئەم وەڵامی دەداتەوەو گیرو گرفتەکەی چارەسەر دەکاو رێی چوونە بنەوەی تەخت دەکاو دڵی بە رشتەی ئارامو دڵنیایی زاخاو دەداتەوە، و وای لێ دەکا کە هەستو سۆزو ویژدانو بیرکردنەوەی هەردەم لەگەڵ نووسەر دابێو تا باش لە خۆی بکاتو بەر بێی خۆی باش بەدی بکاو خۆی لە تەپو کۆ بپارێزێ ..

نامەوێ لەم گورتە باسەدا ئەم کتێبە گرنگەی « بێنێت » شێبکەمەوەو بەش بەش باسی بکەم ، چونکە خوێنەر کە هەموو بەشەکانی خوێندەوە ئەو حەلە خۆی دەتوانێ رای تایبەتی یان دەرهەق نیشان بداو لێیان بکۆڵێتەوە ... بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەم کتێبە کتێبێکی ساناو خۆشە :

بۆیە سانایە چونکە هیچ تەمو مژوێچ پەنای تێدا نییە، نە لە بیرو باوەڕو نە لە ووشەو داڕشتنیشدا ، بەو یەڕی ئاشکرایی یەوە روو بە روو قسەمان لەگەڵ دەکاو مەبەستەکانی خۆیمان بۆ روون دەکاتەوەو رێمان نیشان دەدا..

کردنەوەیو بەردی - پاشماوە

دیناری تێ چوە ، لەگەڵ ئەمەشدا بەردی بناغەی چوار پرۆژەی تری ناو لە قەزاکانی پارێزگاکەدا دانرا کە ئەمانەش نزیکەی دو ملیون ونیو دیناریان تێ ئەچێ .

پرۆژە کشتوکالیەکان ٤ ملیونو ٥٢٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێ .

هەر بە هەمان بۆنەوە پەنا پرۆژەیەکی کشتوکالی جۆربەجۆر کرایەوەو بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکیش دانرا کە تێکرا نزیکەی ٤ ملیونو ٥٢٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێ .

ئەم پرۆژانەش بریتین لە کردنەوەی دو کارگەی ئالفی ئاژەڵ لە بەسرەو سلیمانی کارگەیەکی پێستە خۆشە کردن لە بەغداو پرۆژەی ئاوی کارگەکانی پەلەوەر لە هەولێرو ١٣ خانوبەرەی هەرەوەزکاری لەپارێزگاکانا و هۆڵێکی سینەماو نامەخانەو مەخزەنێك لە ئەبەو غریب و دەزگایەکی فروشیاری هەرەوەزکاری لە دهۆك وگەراجێك بۆ کەرتی میکانیکی لە پارێزگای تەنیم .

چکە لەمانەش دەزگای رابەری کشتوکال لە نەینەواو خانوبەرەی (النیوکاسل) لە ئەبوغریب و نەخۆشخانەیەکی ئاژەڵ لە تەنیمو دام ودەزگای پەروەردە کردنی ئاژەڵ لەوسط و پێنج خانوبەرە بۆ کاربەدەستان لە دیالەو دایەرەیەك بۆ بەرهەمە کشتوکالیەکان لە میسانو ١٨ خانو بۆ کاربەدەستان لە نەینەواو چەند مەخزەنێکی کەرەسەدارو ٢٦ خانو بۆ کاربەدەستان لە پارێزگا جۆربە جۆرەکانو چەند گەراجێك کرایەوە .

نارنۆلد بنێت پاشماوە

بۆیەش کتێبێکی خۆش و بە نامە چونکە زۆر بە روح سووکیو خوێن شیرینیو بێفیزیو بەنەزاکەتی نووسیوە، خۆی لەم مەسەلانە بە دوور گرتووە کە نووسین قورسو گرانو پیسو بێزەوەر دەکەنو خوێنەر داوێنە گێژەنی کەوەڕێو دەردەسەریو بێتووکیەوە .. خۆشیەکەی لەوەدایە تا پتری بخوێنیتەوە هەست بە تامو چێژێکی زۆرتر دەکەیتو دەکەویتە بەر کاریگەری هیزێکی نهێنی واوە کە دنەو هانت دەدا بۆ ئەوەی بێسازدبوونەوە بە بەر خوێندنەوەی دابچیتو لێی وەرس نەبیت ...

جا سەبارەت بەوەی کە ئەم کتێبە شتێکی زۆر بە نرخو سوودبەخشەو سەرەتایەکی زۆر پێویستە بۆ کردنەوەی چەشەی خوێنەرو راکێشانی بەرەو خوێندنەوەی بەردەوامو لە خەڕەك دانی توانای ئەدەبیو رێنمایی کردنی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ پێ بانێنە سەر زەمینەی ئەدەبو ئەوانەش کەوا لە خۆیان دەکەن کوایە لە دونیای ئەدەبدا دەژین کەچی لە راستیدا سەرەتای ، ئەدەبیسیان بۆ ساغ نەبۆتەوە .. چکە لەوەی کە خوێنەری کورد ، بە تایبەتی خوێنەرە کەیچو لاوەکانو خونچە تازە پشکوتووەکان زۆر پێویستیان بە قسەو ئامۆژگاریەکانی رەخنەگرێکی وەك « بنێت » هەیەو « بنێت » هێندە بە کەمۆبیو شارەزایی دەستی داوەتە قەلەمو هێندە زمانێکی سووكو لێکۆڵینەوەیەکی رووونو ئاسانەوە بیرو باوەڕی خۆی دەربڕیوە کە هەموو خوێنەرێك لە مەبەستی دەکا ، بۆیە وای بە پێویست دەزانم ئەم بەرهەمە چاکەی « بنێت » بکەمە کوردی و لە مەودوا هەر جارەی بەشێکتان پێشکەش بکەمو ئومێدەوارم نووسینەکەی ئەم رەخنەگرە ماقوولە سوودی زۆری هەبێو ماندوو بوونەکەمان خۆڕا نەڕوا .. ئیدی لە ژمارەی داهاتوودا بەشی یەکەمتان پێش کەش دەکەین ، چاوەڕێ بن .

گۆشەی منالان - پاشماوە

بەشێکی زۆر لە ئازارەکانیان کەم کاتەوەو ، بگرە هەر لە بیریان بەرێتەوەو باری شانیان سووك کاتو بیرو هۆشیان بە تەواوی بەلای قسە خۆش و قوتەکانی خۆیدا ڕاکێشێت .

ئەمە وای لە جۆن کردو ئەو کارەی تێکرو لەو رۆژە بە دووواوە بیکاتە پیشەی هەموو رۆژێك بێ درو کەوتن ملی رێگەی ئەو نەخۆشخانەیە بگرێتو لەوێ نە گەڵ نەخۆشەکانیدا کۆ ببێتەوەو هەر جارەی لە رۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکانیدا چیرۆك یان بەسەرهات یان رووداوێکی بە تامیان بۆ ئامادەکاتو بگێڕێتەوەو وایان لێبکات بە رادەیەك هۆگری بن کە رۆژێك بە هەر هۆیەك دووا بکەوێت یان دیار نەبێت پێویان دیار بێت و بە پەرۆشەوە بیری بکەن .

کاربەدەستانی نەخۆشخانە کە بە مەیان زانی کۆبوونەوەو بریاریاندا لە پاداشی دلسۆزیو خزمەت گوزاری ئەو منالەدا جوانترین خەلاتی بە ناوی کاربەدەستو نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانەیەوە پێشکەش بکەنو هەفتەی دوو رۆژیش هەموونەخۆشەکان لە شوێنێکی فراوانی ئەو نەخۆشخانەیەدا کۆبکەنەوەو داوا لە جۆن بکەن هەر جارەی شتێکیان بۆ ئامادە بکات .

جۆن زۆر بە سەربەزریو خۆشیەوە داواکەیانی پەسەند کرد ، خەلاتەکەشی لێ وەرگرتنو پێشکەشی هاوەڵە خۆشەویستەکانی - نەخۆشەکانی نەخۆشخانەکەی کردەوە .

پاشگری خانە تا پاشماوە

رووونو ئاشکرا نابەخشێ ، هەرچەندە بەگوێرەی زانستی زمان هیچ شتێ بەبێ سوود نەهاتۆتە کایەوە .. راستە پێشگرو پاشگریش لەسەرەتاوە واتایان هەبووە بەڵام هەروەکو وتمان زمان لەپێشکەوتن دایەو ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە زمان گەلێ وشەی نوێ دروست دەکات و زۆر وشەش فڕێ ئەدات بەڵام لە تەنگانەو پێویستیدا دووبارە زمان هانا دەباتەوە بەریان بۆ دروست کردنی وشەی نوێ بۆ واتای نوێ هەر چۆنی بێت (خان - خانە) کە دەچێتە سەر هەندێ وشە کە زمانەکە بۆی تەرخان کردوونو مێژووش باراستووتی ووشەی نوێ دروست دەکات . کانێ دەڵێین (چایخانە - چایخانە - میوانخانە - دەوەخان - خەستەخانە - دەرمانخانە - کارخانە .. هتد) هەریەکەیان جێی خۆیان گرتووەو تازە رۆیشتووە .. هەرچەندە کاکی نووسەر بەجۆرێکی تر لێی گۆڵیونەتەوە بەڵام بەرای من دوورە لە راستی چونکە (چایخانە) بۆ ئەوە نیە تەنیا شوێنێ دامو دەزگایەکو گەرەسەی چا تێکردنی زۆری تێدابێ یان بۆ ئەوەیە ئەوەی چوو ناچێتە دەرەوە تا چایەکە نەخواتەوە . وەئەگەر شوێنێ ئەو دامو دەزگایەی کەم بوو بێی بووترێ چایکا . بەڵکو باسەکە دیوێکی تری هەیە . هەموومان دەزانین کەیەکێ زۆر چار چووە ماڵێك دوایی پێی بڵێین بابچین بۆ ئەو ماڵە کابرا لە وەڵامدا دەڵێ .

برا خۆ خان نیە ئەوە سەد چار چووم . کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەو (خان - خانە)یە بەجێگایەك دەوترێ کە تایبەتی نەبێ بە ژمارە کەسێکی کەم بەڵکو هەموو کەس بۆی هەیە بچێت چونکە دەبێتە خان بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە رووی تێ دەکەن جا ئایا خاوەنەکەی بیان ناسێت یان نا .

بەڵام دەربارەی (چایکا) نازانم لەکوێوە هاتوە کەواتە بۆمان هەیە بڵێین (چایستان - چایلان) خۆ ئەمانەش هەر واتای جێگا دەبەخشن کەواتە (خان - خانە) بۆ هەموو ئەو جێگایانەیە کە جێی رووتێکردنی هەموو کەسێکە وەکو (نانەواخانە مێوانخانە وەزارەت پلەی ملازمیان وەرگرت لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا بەرنز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش فەریق روکنی یەکەم مامۆستا صدام حسین خەلاتی دەرجوەکانی کردو ئاهەنگەکەی بەجێهێشت .

ئا.د.ع

هەواڵەکانی یەکێتی - پاشماوە

تیایدا هەفتا عبدالهادی سەرۆکی یەکێتی ، وەڵامی **پرسیارەکانی دانەوەو ئەورایەی خستە پێش چاوی** قوتابیان کە بێویستە دەوامی پێك وپێك بکەنو هەوڵو توانای **خۆیان بخەنەکار بۆ پاشەڕۆژی** نزیکیان ، ئەوەی شایەنی باسە **هەفال کریم ئەرکوازی ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی** قوتابیان لەم کۆڕانەدا بەشدار بوو .

لیژنەی یەکێتی لە سانەوی کچان لە دهۆك هەلسان بە ناشتنی دار بە بۆنەی جەژنی دارودرختەوە ، لە دوای ئەمام ناشتن لیژنەی هونەری **چالاکیەکانیان پێش کەش کرد.** ئەندامانی لق بەشداریان تیاکردو لی برسراوی کەرتی کچان سەرپەرشتی کرد .

● لیژنەی (دار المعلمات) لە دهۆك هەلسان بە کارێکی میللی بۆ ناشتنی دار، ١٠٫٠٠٠ دەهەزار داریان ناشت ئەوەی شایەنی باسە ئەندامانی لقوچەند قوتابیەکی تر بەشداریان لەم کارەدا کرد .

● لیژنەکانی یەکێتی هەلسان بە چەند سەیرانێك ، بۆ **ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی.** ئەوەی شایەنی باسە لیژنەی هونەریمان بەشداری ئەوو **پیشانگایەی کرد کە لە** سلیمانی کرایەوە ، هەروەهاو **تابلوانەی کە لە پیشانگاکە** دا پێش کەش کرا ، لە هەولێرو دهۆکیش پێش کەش کرا .

● تیبی تۆپی پێی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی دهۆك ڕۆژی هەینی ڕیکەوتی ٢٦-٣-١٩٧٦ ، لە گەڵ تیبی تۆپی پێی تەلعەفەر دا یەیەك گەیشتن لە ئەنجامدا .. تیبی لق سەرکەوت بەسەر تیبی تەلعەفەردا .

بەرەو شانوی - پاشماوە

قوتابخانە دواین ، وەکو رۆژنامەیە لە کتێبخانەی سەرەتایەك هەندێك زانیاریمان بەدەستەوە دا ، لێرەش دیسانەوە هەمان سەرەتارێگەمان لێ ئەگرێتەوە ، سەرەتای بڵاو بونەوەی قوتابخانەو تا ئەم یەك دو ساڵەش ئەوەندە برەو بە جموجولی قوتابیان نەدەدرا .. جگە لەوەش کە دەرسی وەرزشو نیگار ئەکران بە دەرسی ترو مامۆستاو پسپوری خۆیان نەبوو بەڵکو مامۆستایەکی تر دەرسی وەرزشی ئەوتەوە .. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی قوتابیان بە ئەندازەی پێویست سودیان لەو دەرسانە یان وەرنەگرتوە .

بەر لەوەی شتێکی پیشەیی فێری هەرکەسێك بکرێ بێویستە سەرەتا بۆی باس بکرێو تۆی بگەیەندرێ مەودای دوورو نزیکی هونەرەکەی بۆ دیاری بکرێ .. بەڵام لای ئێمەو مانان نەك هێشتا بیرلەوە نەکراوەتەوە بەڵکو تەنانەت سەرەتایەکیشی بۆ دانەنراوە ..

بەلای منەوە زۆر پێویستە دەرسێك هەبێت قوتابیان لە نواندنو مەسەلەی شانۆکەری بگەیەنێ بەو مەرجەی ئەوەندە بە سود بێ کە جێگای ئەوەماندوبونە بگرێتەوە کە لە پێناویان ماندوو ئەبن .

ئیستا قوتابیان روژ بە روژجموجولی هونەریان زیاد ئەکاتو ئاسۆی هونەریان فراوانتر ئەبێ .. وە ئەوە ئەسەلمێنن کە سەرباری خوێندنی رۆژانەیان ئەتوانن ئەم ئەرکە پیرۆزەش بەرئەوەبەرن .. وە پێویستە بەرنامەی خوێندنی تایبەتی لەم بارەیەوە بۆ قوتابیان دابین بکرێ کە لە ئەنجامی روشنبیری قوتابیانی شارو لادێکانا بڕواتو بە پێی ئاستی هۆشیاری هونەری هەردولا بجولێتەوەو بەرەو پێش بڕوات .

- ماوتی -

نابوری سەهیونی - پاشماوە

رۆژانەکان وەکو خۆیان بمێننەوەو باجی زیاتر خرایە سەر دانیشتوان ...

بەڵام دەرکەوت کە ئەم خەنگواندنەش هیچ سودیکیان نەبوو ، بۆیە بیر لە هەندێ هەنگاوی تر کرایەوە ، وەکو ، سنور دانان بۆ پێداویستەکانی دانیشتوان و ، باری هەژیراوی نیجیاتی دراو چاکتر بکەن ، ماوە فراوانتر بکری لە بەردەم فرۆشتنی بەرهەمی کارەکانی خاکی دا بیرکراو .

● باشەرۆژیکی تاریك :

ئیستاش نابوری سەهیۆنی وا دەرنەکەوێ لە هەموو کاتێکی تر خراپتر بێو کەیشتۆتە رادەیەك لەم دواییەدا اسحاق رابینی سەرەك وەزیرانی سەهیۆنی بڵێ : بێویستە لەمەودوا پشتینەکانمان توند لە سەر سکمان ببەستین و بیجەڕینین .

ئەو تەوقەی کە لە جەستەی نابوری ئەم رژێمە ئالاوە ، و کوشەندەیە مەجالە رژێمێك لە سەر خاکێکی زەوت کراو بنیات نرابێو خاوەنە راستەقینەکانی دەربەدەرو لە ژێر دەواری پەنابەریتیا بژینو رژێمێك بە فەرمانی ئەمو ئەو کاروباری هەلسوڕێنێو بێ بە پاسەوانی بەرژەوەندیەکانی دەولەتانی سەرمایەدارو ئیمپریالیست ، تا سەر بەردەوام بێ ..

ئیستاش کە رژێمی سەهیۆنی زەوی وزاری دانیشتوانی بەری رۆژئاوا بە زۆر ئالان دەکاتو لە سەر سنوری لوبنان لەشکر کەمارۆ دەداو لە بیابانی سینا مەشقو خۆ نواندنی سوپایی دەکات و لەم لاولەولا بەزمانی سەرکردەکانیەوە هەڕەشەو گوڕەشە دەکات هەربۆ ئەوەیە ئەو پیلانانەی کە ئەمەریکا نەخشەی بۆ کێشاوە لە ناوچەکەدا جێگربکرێ و چارەسەری تەسلیم بوونو ئاشت بوونەوەی دروست کات لە نێوان رژێمە کونەپەرستەکانی عەرەبو رژێمی زایونیزمی رەگەز پەرستدا

ئاهەنگی دەرچوونی - پاشماوە

بەدەستەوەدەرەکانی بەرئەوەی ئەبەن .

هەروەها وتی :

کولیجەکەمان لەم بۆستە پیاوە ئازایەی باشتر ئەبو کە بە دیاری پیشکەش بە لەشکری عەرەبی بکات لە کاتی بیرەوەری لە دایك بونی ئاواتی عەرەبو سەرکردەکەیا بەرەو سەرکەوتنی حزبە مەزنەکەمان حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب .

دوای ئەوە یەکیك لەقوتابیانی کولیجەکە وتارێکی خوێندەوە تیایا ئەوەی ئاشکرا کرد کە پەیمان ئەدەن بە پێی ئارەزو ویستی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆرش بجولێنەوەو ئەرکە پیرۆزەی کە پێیان سپیردراوە جێبەجێی بکەن .

وتی جێگای شانازی، دەورەکەمان لە رۆژی لە دایك بونی حزبی شۆرشی عەرەب حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبدا ئەواو بوە .

دوای ئەوەی بە پێی فەرمانی وەزارەت پلەی ملازمیان وەرگرت لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا بەرنز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش فەریق روکنی یەکەم مامۆستا صدام حسین خەلاتی دەرجوەکانی کردو ئاهەنگەکەی بەجێهێشت .

ئا.د.ع

شورشگیرانی بەرەی پاشماوە

وە هەر بەم بۆنەیەوە چەند چالاکیەکی هونەریو شۆرشگیرانەی تیا پیشکەش کرا .

ئاهەنگی بیرەوەری یەکەمین تەقە کردن لە روی زایونیستەکانو ئیمپریالیزمدا ئاهەنگی هەموو جەنگاوەرێکە کە پروژەی چارەسەر کردنە خیانەتکارییە خۆبەدەستەوە دەرانەکە بخاتە ژێر بێ .. شۆڕشگێرانی بەرەی رزگاری عەرەب هەر لەسەر ئەو رێبازە شۆڕشگێریە ئەمێننەوە .. (رێبازی جەنگی کەلی چەکدار) .. تا هەموو خاکی داگیر کراوی عەرەبی فەلەستین وەر نەگرنەوە .

ئەو بەلامارە درندانەی کە ئیمپریالیزمو زایونیستەکان ئەیدەن و ئەو کردارە درندانەی پەرستانەی بەکاری دێنن بۆ ئەوەی شۆڕشی فەلەستینو کۆماندۆ شەڕکەرەکانی لە ناو بەرنو ئەو جەماوەرە عەرەبی لێ دور بخەنەوە کە تێکەڵاوی بون ئەمانە هەموی بەڵگەی راوەستانی کەلی عەرەبە شان بەشانی شۆڕشە پیرۆزەکەی لەفەلەستینا ، بۆ نیکشکاندنی کرداری زایۆنیستەکان .

ئێمە لە کاتێکدا ئاهەنگی ئەم بیرەوەریە نەتیرین پەنجە لەسەر ئەو کردارە خیانەتکارانە ئەنێ رژیمی بەکرێ گیراوی سوریا دانەنێین کە پیلان لە رێبازی شۆڕشی فەلەستینا ساز ئەکاتو گیرو گرفت بۆ جولانەوەی نیشتمانی لوبنان ئەنینەوە .. ئەم رژیمە وەکو نوێنەرێکی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو زایونیزمی جیهان بەرەنگاری جولانەوەی نیشتمانی ئەوەستێ لە لوبنانا ئایەلێ ئامانجە پیرۆزەکانی بەدی بێنێ

بەرەی رزگاریخوازی عەرەب هەر لە سەر هێلی جەماوەر ئەروات تا هەمو خاکی زەوت کراوی فەلەستین رزگار ئەکاتو کەلی عەرەبی فەلەستین بە ئاواتی خۆی ئەگات .

سەرکۆمار نامەیەکی - پاشماوە

سوئیلەتی بە سەرکۆمار کەیاندوە ، هەروەها باسی پەیوەندی دوقۆلی دۆستانەی نێوان عەردو وڵاتیان کردوە .

Institut kurde de Paris

بیرەوەری رۆژی لاوان

نوری حەیران

بەدرێژایی مێژو ، لەورۆژەوەی مرۆڤ بست بەبستی دارستانو پەنا شاخ و دۆلەکانی بۆ نێچیرێك ئەپشکنی تا ئەمرۆی رۆژی ئۆتومو دواپشوی چەرخی بیستەمی سەرقالو جنجال ، لاوان دەورێکی بایەخداری مەزنیان لە پیشخستنی رەوتی رەورەوەی شارستانیدا هەبوە لاوان هەمیشە دلسی پێشکەوتنو دروست کردنو داهێنانو ئاوەدان کردنەوەو بنیات نان بون ... لاوان هەمیشە سەربازی پارێزگاری خاك و شەرەفی نیشتمان بونو ئاترو نەوتی خۆشکردنی ئری بەرگری دژی دوژمنو داگیرکەران بونو ئەوان روی پر لە خەندەی دوارۆژی ولات بون ، بەهۆی ئەوانەوە نەتەوەکان باوەریان بەبونو مانەوەی خۆیانەوە ماوەو لەپێش کەوتنو بەردەوامی نەوەستاون ..

لەم ولاتە نازدارەی ئێمەدا ، لەم ولاتی شارستانیو خاوەن مێژوە دێرینەدا ، ئەوەی جێگای داخە وەك ولاتانی پیشکەوتو ئەو بایەخە بەلاوان نەدرابو .. بەلکو لە هەموو مەیدانێکدا سەرکوێر ئەکران و دەستەوستان بێچارەو دێری و هاندان رۆژ لە دوای رۆژ دوارۆژیان زیاتر تەلخ و تاریك تر دەکردن ..

تا حکومەتی شۆرش ئەوروبۆشە رشەی لەسەر لاوان لاداو ئەو پەرزینەی تێکدا کە بەدەوری لاواندا کرابو ئەوەی لاوان لەبنیات نانی کۆمەلدا دەوری تەواوی حۆیان ببینن و سەرکردایەتی پیشکەوتنی شارستانی لەولات بکەن .. حکومەتی شۆرش بەم کردارە باوەری دایەوە بەلاوان تا لەروانگەیەکی ترەوە بنوارنە دوارۆژی ولاتو بەشداری کردن لە ئەقەلای مرۆڤایەتیدا بۆ بنیات نانی جیهانێکی ئاسودەی پیشکەوتو ..

بەلکو بەوەشەوە رازی نەوەستاو بەلکو بۆ ئەوەی دەورو بایەخی لاوان ئاشکراتر دەرخا رۆژی دامەزراندنی حیزبی بەعسی شۆڕشیالیستی عەرەبی کردە رۆژی لاوان .. ئا سەوو سای لاوان لەرۆژەدا و بەرهەمە دەبی رابوردوی بەهێزتەوە بەرچاو پلانو ئەمشەی داری داینەدی بریزیت .

لە هەولێر : وشەی شیعرو بەهارو برایەتی و ئاشتی

« ئەوروز دروشمی بەهارو برایەتیو ئاشتی یە »

لەژێر ئەم ناوو نیشانەی سەرەوە ، دەزگای روشنبیری جەماوەر لە هەولێر بە بۆنەی جەژنی ئەورۆزەوە لە رۆژی ٢٣-٣-١٩٧٦ دا لە یانەی فەرمانبەران کۆرێکی قەشەنگی شیعر خوێندنەوەی رێکخست .

لەو کۆرەدا نزیکەی ٥٠٠ کەس بەشدار بون .. مامۆستا منذر نصیف جاسم جێگری پارێزگاری هەولێرو مامۆستا حەمید یوسف بەرێوە بەری دەزگای رۆشنبیری جەماوەر و چەند کاربە دەستێکی گەورەی تر ئامادە بون .

لە سەرەتای کۆرەکەدا باسی رودداوەکانی مانگی ئازارو دەسکەوتەکانی گەلی عیراق بە گشتیو گەلی کورد بە تایبەتی کرا ، کە بەیاننامەی ١١ی ئازارو ئوتونومی کوردستانو



دان نان بە جەژنی نەورۆزدا ئەگرێتەوە .

چەند شاعیرێکی کوردو عەرەب ، پیاوو ئافرەت ، هەریەکە پارچە شیعرێکیان پێشکەش کرد .. ئەم شاعیرانە بەشێك بون لە شیعر خوێندنەوەکە :

برهان جاهد ، مەدحەت بێ خەو ، پیربال محمود ، ریواس جاف ، عبدالخالق سەرسام ، محسن ئاوارە ، فرید زامدار ، چیمەن کاوس ، شامل کاظم الحمد ، فارس الزبیدی ، ناظم دلبەند ، ژیان عومەر ..

ئەوەی شایانی باسە دانیشتوانی کۆرەکە ناوەڕۆکی هەمو شیعرەکانیان بەلاوە بەسەند بو .

پ . هاوکاری

بەبۆنەی رۆژی تەندروستی جیهانیەوە :

لە پێناوی لە ناوبردنی کارەساتی چاوپەشەدا

لە هەفتەی رابوردووتردا ، دوکتور عزەت مستەفا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش وەزیری تەندروستی ، کۆبونەوەکانی هەولدان بۆ لەناوبردنی کویری کردەوە ، هەروەها رۆژی ٧ی نیسان رێکەوتی رۆژی تەندروستی جیهانیە . بە هەردوو بۆنەوە ئەم ریپورتاجە سەبارەت کارەساتی چاوپشەو کویری بلاو ئەکەینەوە :

ئەمرۆ نزیکەی ١٠ ملیون کوێر هەیە ، هەروەکو د. ماهلر بەرێوەبەری دەزگای تەندروستی جیهانی وتویە .. رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەراست بە تەنیا ٧ ملیون کوێری تیایە ، جگە لەوەی کە بە ملیونەها چاو کزو نابینای تری هەیە .. رەنگە بێ بەشێکی زۆری ئەمانە بە داوودەرمانو چارەسەر کردنی پزیشکی چاك ببنەوە .

دکتور عبدالحسین طبا بەرێوەبەری دەزگای تەندروستی جیهانی لە هەرێمی رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەراستا بە بۆنەی رۆژی تەندروستی جیهانەوە نامەیەکی ناردوە تیایا ئەلێ : چوار ئافاتی سەرەکی هەیە کە ئەبنە هۆی کوێر بونی ٨٠٪ی کوێرەکان .. ئەراخوما: کە ئیستا لە رۆژهەلاتی ناوەراستا تەشەنەی کردوە ، وشك بونەوەی چاو : کە لە ئەنجامی کەم بونەوەی فیتامین (ئە)بەوە پیدا ئەبێو بە زۆری منداڵان دێ .. ئەخۆشی الکتراکتایان بەدەی سەر کلێنە کە لە کاتی پیری دا بە زۆری روو ئەدات .. ئەخۆشی (الانکوسرکیە) کە بە هۆی جۆرە مێشێکەوە توشی ئەمو ئەبن ئەو مێشانە لە ناو زەلکاوو زیرابەکانا ئەژینو خۆینی مرۆڤیش هەل ئەمژنو فایروسەکە تیکەل بە خوێنی مرۆڤەکە ئەبێو ئینجا جۆرە کرمیکی ورد هەلدێنی کە پێی ئەلین (الانکوسرکافولفیولیس) ئەمانەش ئەبنە هۆی کوێر کردنی مرۆڤ ..

زوربەی ئەم ئەخۆشیانە رەنگ بێ لە سەرەتای پەیدا بونیانەوە چارەسەر بکرێن ، نزیکەی ٤٠٠ ـ ٥٠٠ ملیون کەس لە جیهانا توشی ئەخۆشی ئەراخوما بوە ، لەوانە دو ملیونیان کوێر بون .

ئەخۆشی (الکتراکتا) لە سەرەتاوە بە ئاسانی چارەسەر ئەکرێ .. وشك بونەوەی چاویش کە بە زوری منداڵان کوێر ئەکات بە هۆی کەمی ماددەی فیتامین (ئە)یەوە ، لەوانەیە ئەکەر ئەو مادەی کە نیەتی بیدرێتی باش بێتەوە .. بەلام ئەخۆشی (الانکوسرکیە) مەترسیدار ترین چاو ئێشەیە .. تا ئیستا نزیکەی ٢٠ ملیون کەس دوچاری ئەم دەردە بونو بە زۆری لە ناوچەکانی دەوروبەری روباری (فولتا) دا دانیشتوانی ئەفەریقا بکەین بە شێوەی کشتی هەر لە ١٠٠ هەزار کەس ١٥٠ ـ ٢٠٠ کەسیان کوێرن . وە لە هەندی ولاتانی تریش وەکو : ئەسیوپیا ، گینیا زمارەی کوێرەکان زۆر ترن .

کوێرە بلیمەتەکان بە پێی رێنوسی (برایل) ئەتوانن وەکو چۆن کتوکۆڕ ئەکەن بەلو جۆرەش بخوێننەوە .. یان لە دەقیقەیەکدا ١٢٠ وشە بنوسن هەر بە هەمان رێنوس ..

دەزگای تەندروستی جیهانی لە سالی ١٩٧٤ دا بە رێنمایەکی تایبەتی بۆ قەلاچۆ کردنی ئەم جۆرە مێشانە داناوە لەوانەیە نادەمیزاد لەم نەخۆشیە کوشندەیە رزگار بکات .

ئەگەر سەرژمارێکی

ئاوریك لە رابوردوو / ئالام ئامادەی کردووە

رۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە(١١٤)ی سالی ١٩٢٨ خەبەری سەیرانی قەمابەکانی سلیمانی بلاو کردبوەوە ئەلێت :

چونکە دەمێکە ئەهالی ئەم لیوایە ئەم ئەمنیەتو ئاسایشەی ئەدیوە ... لە خۆشیا وەکو تعاملی سابق ، قەسابەکانی سلیمانی بۆ ئەوەی چەندەرۆژێك لە جێگایەکی باصفا رابوێرن ، سەیرانێکیان ترتیب کرد و لە سەر مساعدەی حکومەت ، بۆ ئەوەی لەم سەیرانەدا وقوعات نەبێتو بەخۆشی رابوێرن ، ترتیباتێکی اداریان لە ناو خۆیاندا کرد و بۆ رئیس ادارەی ئەم سەیرانە (فرج کوردی) ئاویان بە رئیسی خۆیان تعیین کردو لەمەعیەتی ئەودا چەند انضباطیك و محافظیکیان دانا لە اسباب زەوق جوشتری لرکە وانسان لە شکلی بزنداچەند کەسێك و لەشکلی مەیونداچەند کەسێکی دەهۆل و زورناو گەلێك شتی تریان احضار و ترتیب کرد .

رۆژی دو شەممەی ٧-٥-١٩٢٨ بە صورەتیکی منتظم لە معیت رئیسدا بە ناو شاردا گەران ، لە دوای زیارەتی مقامی حکومەتیش حرکتیان کرد بۆ سەرچنار ، لەوێ دە دوانزە خێوەتو رەشمالیان هەلدابو ، سەیرانەکە هەتا دوای نیوەرۆی رۆژی پێنج شەممە دوامی کرد ، لەو مدەیەدا عموم روسای دوائرو هەمو اهالی سلیمانی ، طاقم بە طاقم دەوەت کران ، حقیقتا ئەو مسافرانەی ئەچوونە ئەوێ لە دوورەوە استقبال رەسمی تنظیمانیان بۆ ایفا اکرا و زۆر حەیوانیان لە بەر پیداسەر ئەبرراو لە اسباب نان خواردنو قاوەو چاو شەربەتو دوندرمە وسائر حاضرو منتظم بوو ، حاصلی عموم اهالی سلیمانی اشتراکی ئەم زەوقەی کرد ، عادتا ئەو مدەیە سلیمانی چۆل بوو بوو ، عموم رویان کردبوە سەرچنار ، لە هەمو شتیك خۆشتر چونکە لەم میللەتەدا حسیکی معارف پەروەری هەیە أول تشبسی رئیسو سەیران کەرەکانو باخصوص جنابی سعید خلیفەکەریم و حەمەی عەزیز کە دەمیکە بە حسن اخلاق مشهورنو لە هەمو کس زیاتر محب علم و عرفانن ، بۆ ئەوەی خزمەتیکی معارف بکەن ، لە ناو خۆیاندا ٠٠٠٠ (١٧٠) روپیەیان کۆکردەوەو تسلیم هەیئەتی تعلیمیەی ئەو مکتبەیان کرد .

حاصلی میللەت دەمیکە کەیفو زەوقیکی وای نەکردوە و سەیرانیکی وامنتظم نەکراوە٠٠٠٠ بژی طاقمی قصاب - معارف پەروەر .

ئارام : ئەم جۆرە سەیرانانەلە سلیمانیدا زۆر ئەکران ، جاریکی تریش سەیرانیك بە سەرۆکایەتی مەجیدی خامەکرا لەمە قەشەنگ تر نەبوو بێت ، کەمتر نەبوو .

کەلەشێر و ئەکەکانی

لە بەرهەمە کانی [illegible] بەریتی ی [illegible] کوردی بەشی هوی [illegible] لە زنجیرەی چیرۆکی منداڵان چیرۆکیکی جوانو بەنیگای رەنگاو رەنگەوە دەرچوە بەناوی « کەلەشیرو رەنگەکانی » یەوە کە بەرهەمی شەش هەمە لەو زنجیرەیەی بەرێوەبەریتی ناوبراو دەری ئەکا .

چەند دا ئەیەك لەم چاپکراوە بەدیاری پێشکەش بەکتێبخانەی « هاوکاری » کراوە ، سوپاس بۆ بەرێوەبەریتی ی کشتی خوێندنی کوردی و هیوادارین سەرکەوتوین لەو ئەرکە پیرۆزانەی لەسەرمانە .

● رۆشنبیری نوێ ●

ژمارەی ٤٧ی کۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) کە بلاوکراوەیەکی ئەدەبیو رۆشنبیریەو بەریژەبەرایەتی ی کشتی رۆشنبیری کشتی کوردی بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی دەری ئەکات ، کەوتە بازارەوە ، لەم ژمارەیەدا ، کە تایبەتیە بە بۆنەی جەژنەکانی مانگی مارتو جەژنی نەورۆزەوە ، چەندان باسو نووسراوی رۆشنبیریو ئەدەبی بەکەلك بخوێنەرەوە .

کۆمەلە تیکستی فۆلکلوری کوردی

دیسان لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، زەنجیرەی ژیاندنەوەی ئەدەبی کورد ژمارە (٤) ، کۆمەلە تیکستی فولکلوری کوردی دەرچوە کە لە زاری کوردەکانی سوفیتەوە تۆمار کراوەو لەلایەن مامۆستایان شوکر مستەفا ئەندامی یاریدەری کۆڕو ئەنوەر قادر محەمەدەوە هێنراوەتە سەر رێنوسی کوردی و لیك دراوەتەوەو دوکتور ئەورەحمانی حاجی مارف پیشەکی یەکەی نووسیوە .

چاپکراوی نوێ

چەپکێك لە ئوزاری « نالی »

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، چەپکێك لە گوڵزاری نالی ، بلاوکراوەو ، ئەم کتێبە ئەندامی کارای کۆڕی مامۆستا مەسعود محەمەد نووسیویەتیو لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری چاپکراوەو بریتیە لە ١٨٢ لاپەڕەی قەوارە گەورە پێچنە لە پێشەکیەکەی کە بریتیە لە ٦٨ لاپەڕە .

گۆشەی منداڵان

چیرۆکی گۆشە

ئەو منالەی دڵی بە سەداف کەس خۆش کرد

باوکی هەژۆ

« جۆن دیفورشاك » منالێکی هەژار بو لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا ، قوتابی بو لە پۆلی شەشەمی قوتابخانەیەکی سەرەتایی . پێویستی یەکانی قوتابخانەی یەو تۆزە پارەو پوولە بە ئەنجام ئەگەیان ، کە یەکێك لە ئەخۆشخانەکانو ، لە کاتی پێئیشیدا بە رۆژنامە لەوێ لە باخچە جوانو پڕازاوەفروشی پەیدای ئەکرد . رۆژێك کەیدا چاوی کەوت بە دوو بەرێکەوت ئەو منالە بۆ لاوی بریندار ، دڵی زۆر پێیان سووتا ، لێیان چوە پێشەوەو بۆ تاوێك لایان دانیشتو کەوتە قسەی خۆشو گفتوگۆ لە گەلیاندا . تاوەو دووا کە جێی هێشتن هاتە سەر ئەو باوڕەی کە تروانی لەو ماوەیەدا

بڕوانە ـ ل ـ ١١ ـ

هەڵبەست بۆ منداڵان

شاسواری پۆل

بابە بابە ، دایە گیان
کاکە هیوا ، دادە جوان
سەیری کارتەکەم بکەن
پیرۆزباییم لێ بکەن
من سەرکەوتووی یەکەمم
شاسواری پۆلەکەمم
گشت نمرەکانم دەیە
تەنها نۆیەکم هەیە
بانگیان کردم راوەستام
چەپڵەیەکیان بۆ لێدام
بریارم داوە ئەبێ
نۆم نەمێنێ هەر دەبێ

رەزا شوان

سروە حیکمەت — یادگار حسین — دلێر نوری — رێبوار خدر — تارا محەمەد

بەکەرەی ناسین